
لەچاپ کراوەکانی ئەمیندارێتی گشتی رۆشنبیری و لاوان ١٩٨٩

# تیۆرەکانی مۆسیقا



صلاح رؤوف



# تیۆرەکانی مۆسیقا

پێشکەشە بە... ئاشتی

- صلاح رؤوف -

● تیۆرەکانی مۆسیقا
● صلاح رؤوف
● چاپی یەکەم
● چاپخانەی (سومر)

لەچاپ کراوەکانی ئەمینداریێتی گشتی رۆشنبیریو لاوان ١٩٨٩

# تیۆرەکانی مۆسیقا

صلاح رؤوف



چاپی یەکەم

## پێشەکی :-

گەر چاوێك بەمێژوی مۆسیقای جیهانیدا بخشێنین هەندێ شتمان بۆ روون ئەبێتەوەو چەند پرسیارێکیشمان دێتە پێشێ ، کە هەر یەکێك لە ئێمە ئەتوانین وەلامی هەندێکیان بدەینەوەو هەندێکیان بێ وەلام سەرنگون ئەبن .

لەو پرسیارانەش . ئایا میللەتانی جیهان چۆن گەیشتونەتە ئەو رادەی پێشکەوتنە لە مۆسیقاو گۆرانیدا ؟

ئایا ئەوان بەتایبەت بۆ مۆسیقا دروست بوون ؟

بۆچی هەموو میللەتێك مۆرکی رەسەنایەتی مۆسیقاو گۆرانی خۆی بەتەواوی ئەزانێ ؟

ئایا هەر ئەوان توانای دروست کردنی بلیمەتی وەکو مۆزارتو بتهۆڤنو ... هتد . یان هەیە ؟

ئەی چۆن هەرچی زانیاری‌یەکی مۆسیقا هەیە بەهەموو بەشەکانیەوە لای ئەوان پەرەی پێ دراوەو گەیشتۆتە ئەو رادەی کە ئێستا ئەی بینین ؟

بۆ وەلامدانەوەی ئەو پرسیارانەش ئەبێ پێشەکی ئەوە بزانین کە هەرگیز پێشکەوتنو پەرەپێدان بەدەست نایە گەر تەنیا هەولێ ئەوە بدەین کە ئاستی هونەری خۆمان فراوان بکەینو کارە هونەریەکانمان زیاتر زانیاری مۆسیقای تێدابێ . لەبەر ئەوەی دەورو پشتەکەمان تەنهابەو سادەییەی خۆی ئەمێنێتەوەو تەنها دەست خۆش کەریان لەدەست دێت . بۆ ؟ چونکە هونەرمەندەکان خەریکی پتەوکردنی ناوەرۆکی مۆسیقاو گورانیە کانیەتیو بەزانستیە نوێکان پاروای ئەکاو گوێگریش ئەڵێ بەخوا خۆشە ! . یان ناخۆشە ! هەموو ئەرکی کارە مۆسیقای‌یەکە تەنها بەو دوو وشەیە کۆتایی دێت .

گەر مەبەستی هونەرمەند گوێ گرتنی میللەتەکەی بێت لە کارە هونەری‌یەکەی . ئەوا گوێ‌گرتن لەمۆسیقا مانای چێژلێ وەرگرتنە .

چێژ لێ وەرگرتن بەواتای نرخ‌دان بەو کارە . جا گەر من لە ناوەرۆکی ئەو کارە نەزانمو هیچ زانیاری‌یەکم بەرامبەری نەبێ . تەنانەت زمانی نوسینو خوێندنەوەکەشی نەزانم کەواتە من ناتوانم نرخی بۆ دابنێم .

هەر کاتێ توانیم نرخی بۆ دابنێمو لە نهێنەکانی بکۆڵمەوە ، ئەوا چێژم لێ وەرگرت ،

[illegible] ی وەرکرت . ئەتوانم لەسەری بدویم‌و لای چاکو خراپی بلێم بو [illegible]
هونەرمەندەکەش کەڵك لە لا چاکەکانی وەربگرێت‌و لا خراپەکانی لابەرێت . بە
جۆرە پەرەپێدان‌و پێشکەوتن دێتە ئاراوە . ئەو پرسیارانەش هەندێکیان وەلا
ئەدرێنەوە .

جا بۆیە بەئەرکی سەرشانی هەموو هونەرمەندێکی ئەزانم کە ئاستی رۆشنبیری
هونەری میللەتەکەی لە ئەستۆیەتی ، گەر بۆی کرا .

تا ئەو روشن بیریە بێتە هۆی سودبەخشی‌و زیاتر بەروپێش چوون . منیش لێرەدا ل
سەرەتایەك لە ئەلف‌و بای زمانی مۆسیقاتان پێشکەش ئەکەم گەرکەمیش بێت هیوادار
سود بەخش بێت‌و بێتە هۆی فراوان کردنی ئاستی رۆشنبیری مان .

**١) – مۆسیقا ..**

گەر سەرنج بدەینە مێژووی سەر هەڵدانی مۆسیقا ، ئەبینین هونەرێکی کۆنەو هەر لە
سەرەتای دروست بوونی مرۆڤەوە بەگوێچکەی ئاشنابووە . ووشەی مۆسیقا وەکو زانا
مۆسیقاییەکان ئەڵێن وشەیەکی یۆنانی‌یە . بەمانای سەرتاپای هونەرە جوانەکان هاتوە
بەڵام لە دواییدا ، بەزمانی سازو ئاواز وتراوە .

**٢) – مۆسیقا چی‌یە ...؟**

مۆسیقا هونەرەو زانستەو زمانە . بەشێکە لە بەشەکانی هونەرە جوانەکان . وەک
هونەری وێنەکێشان‌و بەشەکانی تری (الفنون التشکیلیة) . یاوەکو هونەری شانۆیی
هونەری بینا سازی (الفن المعماري) .

ئەم بەشانەی هونەر بەگشتی کارێکی گەورەیان کردۆتە سەر هونەری مۆسی
هەروەکو چۆن مۆسیقا کاری کردۆتە سەر ئەم بەشانەی تری هونەر .

مۆسیقا وەکو بەشەکانی تری هونەر پێوستی بە بەهرەیەکی سروشتی هەیە بۆیە دەڵ
مۆسیقا هونەرە .

مۆسیقا زانستە ، لەسەر بناغەیەکی زانستی بیرکاری‌و فیزیایی‌و سروشتی دانراوە

مۆسیقا زمانێکی جیهانی‌یەو ئەلف‌و بای تایبەت بەخۆی هەیە وەکو هەموو زمانەکانی
تر ئەنوسرێ‌و ئەخوێنرێتەوە .

مۆسیقا بزوێنەری هەستی مرۆڤەو کار ئەکاتە سەر بیری ، بۆیە دەڵێن مۆسیقا
زمانێکی جیهانی‌یە ، چونکە لە سەرتاپای جیهاندا تەنهایەك نوسین‌و خوێندنەوەی هەیە
بەیەك شێوە دەرئەبڕرێ،هەر چەندە بەپێی سروشت‌وبارەکانی ئەو کۆمەڵەی تیا ئەژ
تایبەتیەکانی ئەو کۆمەڵە دەرئەبڕێ . بۆیە هەر وەکو دیارو ئاشکرایە ، هەر نەتەو

...وەی مۆسیقایەکی تایبەتی خۆیەتی‌و بەپێ‌ی پێشکەوتنی ئەو ...
گەشەدار ترو پێشکەوتو ترە .

هەروەها نۆتەی مۆسیقا ئەلف‌و بای زمانی مۆسیقایە وەکو چۆن هەموو زمانێك ئەلف‌و بای تایبەت بەخۆی هەیە .

**٣) – دەنگ :–**

دیاردەیەکی سروشتی‌یەو بەهۆی لەرینەوەی تەنێکەوە روو ئەدات . لە کاتێکدا هەوا ئەو لەرینەوانە ئەگەیەنێ بەپەردەی گوێ . بەهۆی دەزولە عەصەبیەکانەوە ئەروا بۆدماغ‌و هەست‌بەو دەنگانەئەکەین.بەلاّم‌ئایائەو هەموو دەنگانەی کە گوێمان لی‌ی ئەبێ هەمووی هەر دەنگی مۆسیقایی‌یە ...؟ نەخێر ! ئەبێ ئەوەبزانین کە دوو جۆر دەنگ هەیە .

١ – دەنگی نامۆسیقایی . واتا غەلّبە غەلّب یان ژاوە ژاو . ئەو دەنگانەن کەخاوەنی پلەی دەنگی نین، لەرینەوەکانی رێك‌و پێك نین . وەکو دەنگی هەورە گرمەو ، قیژاندن‌و ... هتد .

٢ – دەنگی مۆسیقایی . بریتیە لەو لەرینەوە رێك‌و پێکانەی کە لە سانیەیەکدا روو ئەدات‌و لە پلەیەکی گەرمایی دیاری کراودا .

هەموو دەنگێکی مۆسیقایی لەلایەن مرۆڤەو هەمووئامێریکی مۆسیقاوە لاسایی ئەکرێتەوە .

کە ئەڵێین لەرینەوەی رێك‌وپێك مەبەست لەو دەنگانەیە کە خاوەنی پلەیەکی دەنگی (بەرز یا نزم) تیژ یا گڕبێت .

هەروەها خاوەنی ماوەو کاتی دیاری کراوی خۆیەتی . ئەو مەوداو کاتەی کە دەنگە مۆسیقایی‌یەکان پێیان ئەچێت (ئەی خایەنن) لە کاتی ژەنیندا کار ناکاتە سەر گۆڕانی خەواسی سروشتی دەنگە مۆسیقایی‌یەکان .

وەکو ووتمان هەموو دەنگێك خاوەنی چەند ژمارەیەك لەرینەوەی تایبەتی خۆیەتی (کە بەهۆی جولاّنەوەی تەنێکەوە روو ئەدات) زۆربونی یا کەم بوونی ئەو لەرینەوانە ئەبێتە هۆی بەرزبونەوەی (تیژی)زیلی یا نزم بونەوەی (گڕی) دەنگە مۆسیقایی‌یەکە . (گۆڕانی لە یلەیەکی مۆسیقاوە بۆ یلەیەکی دەنگی تر) .

هەروەها باریکی‌و ئەستوری‌و کورتی‌و درێژی ئەو تەنەکە ئەلەرێتەوە تیژی‌و گڕی دەنگەکە دەست نیشان ئەکا . بۆ نمونە گەر تەنەکە باریك‌و کورت بوو ئەوا دەنگەکە تیژ ئەبێ (زیل ئەبێ) بەلاّم گەر درێژو ئەستور بوو ئەوا دەنگەکە گڕ ئەبێ .

ژمارەی لەرینەوەی ئەو دەنگانەی کە ئەبیسترێن لە (١٦) لەرینەوە لە سانیەیەکدا گوێچکەی مرۆڤ هەستی پیّ دەکا (لە گرترین دەنگەوە) بەلاّم گەر ژمارەی ئەم لەرینەوانە کەم تربونّ ئەوا گوێچکەی مرۆڤ هەستی پیّ ناکاو پیّیان ئەوترێ لەرینەوەکانی ژێر دەنگە بیستراوەکان (الموجات التحت الصوتية) . هەروەها بەرزترین (تیژترین) لەرینەوەش کە گوێچکەی مرۆڤ هەستی پیّ بکا نزیکەی (٢٠٫٠٠٠) لەرینەوەیە لە سانیەیەکدا . هەر لەرینەوەیەکیش لەو ژمارەیە پتر نابیستریّو پیّی ئەوتریّ لەرینەوەکانی سەروی دەنگە بیستراوەکان (الموجات الفوق الصوتية) .

لە نیوان ئەو دو پلە لەرینەوانەدا (١٦ – ٢٠٫٠٠٠) کە ئەبیسترێن بەشێکی زۆر لە دەنگ ئەبیستریّ ، بەلاّم هەموویان دەنگی مۆسیقای نین چونکە گوێچکەی مرۆڤ تەنها ئەو دەنگانە لەیەك جیا ئەکاتەوە کەلەرینەوەکانیا لە نیۆان (٤٠ – ٤٠٠٠) لەرینەوەن لە سانییەیەکدا .

ئەو دەنگە مۆسیقایی یانەش لە نیۆان حەوت دەنگی سەرەکی دا جیّی دەبێتەوەو لە چەند پەیژەیەکی دەنگیدا ئەبیسترێن .

**٤) – دەنگ پێوەر (المعيار الصوتي) Diybazowon**

زانا مۆیقایی یەکان بۆ ئاسانی پێوانی (دەست نیشان کردنی هەموو دەنگە موسیقایی یەکان هەڵسان بە دەست نیشان کردنی دەنگێکی مۆسیقایی و لەرینەوەکەیان بەتەواوی پێوا . بۆ ئەوەی ببێتە پێوانەی دەنگە مۆسیقایی ەکان دی . بۆیە لە ساڵی ١٨٨٥ز بەتێکرایی لە کۆنگرەیەکی جیهانیدا دەست نیشانی دەنگی (لا)(A) کراو دەنگ پێوەرەکەیان لەسەر ئەوە دروست کرد . ئەو دەنگەش دەکەوێتە پەیژەی ناوەڕاستەوە (السلم الاوسط) دەست نیشان کرا کە (٤٣٥ل س) یە . بەلاّم لە کۆنگرەیەکی تر لە ئەوروپا ساڵی ١٩٤١ز زانا مۆسیقایی یەکان پلەی لەرینەوەی ئەو دەنگەیان زیاتر کرد بۆ (٤٤٠ل س) . ئەو دەنگەش وەکوو وتمان دەنگی (لا) یەو . دەنگی لای سەر هەموو ئامێرە مۆسیقایی یەکان بەو دەنگ پێوەرە دەست نیشان ئەکریّو پێشی ئەوتریّ (الشوكة الرنانة) .

ئەوا لەسەر ئەو دەنگ پێوەرە دەنگەکانی پەیژەی ڕەنگاو ڕەنگ لە پەیژەی ناوەڕاست دەستنیشان ئەکەین .

| پلە دەنگیەکان | ژمارەی لەرینەوە لەچرکەیەکدا | بەنزیکەیی |
|---|---|---|
| دۆ ، do | ٢٦١٫٦٣ | ٢٦٢ |

| | | |
|---|---|---|
| دۆ # ڕێ b | ۲۷۷ر۱۸ | ۲۷۷ |
| ڕێ ، Re | ۲۹۳ر٦۷ | ۲۹٤ |
| ڕێ # می b | ۳۱۱ر۱۳ | ۳۱۱ |
| می ، Mi | ۳۲۹ر٦۳ | ۳۳۰ |
| فا ، Fa | ۳٤۹ر۲۳ | ۳٤۹ |
| فا # سول b | ۳٦۹ر۹۹ | ۳۷۰ |
| سۆل . Sol | ۳۹۲ر | ۳۹۲ |
| سۆل # لا b | ٤۱٥ر۳۱ | ٤۱٥ |
| لا . La | ٤٤۰ | ٤٤۰ |
| لا # =س b | ٤٦٦ر۱٦ | ٤٦٦ |
| سی . si | ٤۹۳ر۸۸ | ٤۹٤ |
| دۆ . do | ٥۲۳ر۷٥ | ٥۲٤ |

**٥ – سیفەتەکانی دەنگی مۆسیقا :**

هەموو دیاردەیەك لە جیهاندا خاوەنی سیفاتی تایبەتی خۆیەتی بۆیە دەنگی مۆسیقاش خاوەنی چەند سیفەتێکە کە تایبەتن بەخۆیەوە . زیلی (تیژی) دەنگ بەپێی پانتایی ئەو تەنەی کە لەرینەوەکە دروست ئەکا لە سانیەیەکدا ئەگۆڕێ ، بەواتای گەر درێژی تەنەکە زۆر بوو لە هەمان ساتدا ئەستوریش بوو ئەوا دەنگەکە گڕە . بەڵام گەر بەپێچەوانەوە بوو ئەوا دەنگەکە تیژە (زیلە)

هەروەها هێزی دەنگەکە بەپێی لەرینەوەی تەنەکە بەتوندی یان بەسوکی ئەگۆڕێ . بەواتای گەر تەنەکە بەهێز لەرایەوە ئەوا دەنگەکە بەهێز تر ئەبێ و گەر بەسوکی لەرایەوە ئەوا دەنگەکە سوك دەبێت . ئەم دیاردەیەش پێی ئەوترێ توندی دەنگ (شدة الصوت) .

هەروەها جۆری دەنگ (نوعیة الصوت) بەپێی ئەو ئامێرەی لێ دروست ئەبێ ئەگۆڕێ . بۆ نمونە دەنگی (لا) کە لەرینەوەکەی (٤٤٠ل‌س)ە گەر لە ئامێری کەمانچەوە پەیدا بوو جۆری دەنگەکەی جیاوازە لەگەڵ هەمان دەنگا کە لە ئامێری فلوت یان هەر ئامێرکی دی بێت پەیدا ئەبێ . هەروەها هەمان دەنگ لە قورگی ئادەمیزادەوە بەجۆرێکی دی پەیدا ئەبێ و هەرچەندە هەمان پلەی دەنگیشی هەبێت .

هەروەها هەمان پلەی دەنگی لە نێوان دەنگی ئادەمیزادیشدا دەگۆڕێ . کەواتە

دەنگی مۆسیقا سیفەتی تایبەتی خۆی هەیەو ئەتوانین بەم خالانەی لای خوارەوە دەست نیشانیان بکەین .

أ – پلەی دەنگ (درجة الصوت) :

ئەوسیفەتەیە کە گوێی ئادەمیزاد جیاوازی نێوان دەنگە بەرزو نزمەکانی پێ ئەکا . پلەی دەنگیش بەپێی لەرینەوەی ئەو تەنەی کە لێی پەیدا ئەبێ لە سانیەیەکدا دەست نیشان ئەکرێ .

ب – توندی دەنگ (شدة الصوت)

ئەو سیفەتەیە کە گوێچکەی ئادەمیزاد جیاوازی نێوان بەهێزیو لاوازی (توندیو سوکی) دەنگەکەی پێ ئەکا .

ج – جۆری دەنگ (نوعیه الصوت) .

ئەو سیفەتەیە کە گوێچکەی مرۆڤ هەست بەجیاوازی ئەو دەنگانە ئەکات کە لەیەك پلەی دەنگیدان بەلام جیاوازن لەو تەنانەی ئەبنە هۆی پەیدابوونی . وەکو چۆن جیاوازی هەیە لە نیوان دەنگی کەمانچەو دەنگی فلوت . جۆری دەنگیە بەسراوە بەژمارەو جۆری ئەو دەنگانەوە کە لەگەل دەنگە سەرەکیەکەدا دەرئەکەون .

## ٦ – دەنگی سادەو دەنگی لێکدراو (الصوت البسیط والصوت المرکب)

هەموو دەنگە مۆسیقاییەکان کە گوێچکەی مرۆڤ هەستیان پێ ئەکا . کە لە ئامێرێکی مۆسیقاییەو پەیدا ئەبن . پێك دێن لە چەند دەنگێکی یەك لە دوای یەك هەر چەندە ئێمە بەو لێکدراوییە نایبستین ، بەلام گەر هاتوو بوو بەخولیای سەرمان ویستمان لێی بکۆڵینەوە ئەوا بەتەواوی ئەم دیاردەیەمان بۆ دەرئەکەوێ . ئەو دەنگە تەنهایانەی کە ئێمە گوێمان لێ ئەبێ ، لە راستیدا چەند دەنگێکی دی لەگەل هەن پێیان ئەوترێ کۆمەڵەی دەنگە هاو دەنگیکەکان (مجموعة الاصوات التوافقیة) (Partial Tones) . بۆ نمونە گەر هاتوو دەنگی (دۆ) لەسەر پیانۆ هاتە گوێمان ، ئەوا ئەم دەنگە کۆمەڵە دەنگێکی یەك لە دوای‌یەکی تریشی لەتەکە ، ئەم‌دەنگانەش بەهۆی‌لەرینەوەی تەواوی ئەو ژێیەوەو دوای ئەو نیوەی ژێکە هەروەها ٤/١ ، ٥/١ .. هتد پەیدا ئەبێ .

ئەتوانین بلێین ئەو دەنگانە بەپێی ڕێژەی ١ ، ٢ ، ٣ ، ٤ ، ٥ ، ٦ ، ... پەیدا ئەبێ . وەکو لەم خشتەیەدا .

## خشتەی ڕێژی دەنگە هاو دەنگیەکان

| هاودەنگەکە | ڕێژەکەی | نمونەی دەنگ | درێژی ژێ | ژمارەی لەرینەوە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ١ – ١ | دۆی گەورە | ١٩٢ بۆسە | ٦٤ |
| ٢ | ٢ – ١ | دۆ | ٩٦ بۆسە | ١٢٨ |
| ٣ | ٣ – ١ | سۆڵ | ٦٤ بۆسە | ١٩٢ |
| ٤ | ٤ – ١ | دۆی (١) | ٤٨ بۆسە | ٢٥٦ |
| ٥ | ٥ – ١ | می (١) | ٣٨ر٤ بۆسە | ٣٢٠ |
| ٦ | ٦ – ١ | سۆڵ (١) | ٣٢ بۆسە | ٣٨٤ |
| ٧ | ٧ – ١ | سی b (١) | ٢٧ر٤ بۆسە | ٤٤٨ |
| ٨ | ٨ – ١ | دۆ (٢) | ٢٤ بۆسە | ٥١٢ |
| ٩ | ٩ – ١ | ری (٢) | ٢١ر٣ بۆسە | ٥٧٦ |
| ١٠ | ١٠ – ١ | می (٢) | ١٩ر٢ بۆسە | ٦٤٠ |
| ١١ | ١١ – ١ | فا (٢) | ١٧ر٥ بۆسە | ٧٠٤ |
| ١٢ | ١٢ – ١ | سۆڵ (٢) | ١٦ بۆسە | ٧٦٨ |
| ١٣ | ١٣ – ١ | لا (٢) | ١٤ر٨ بۆسە | ٨٣٢ |
| ١٤ | ١٤ – ١ | سی b (٢) | ١٣ر٧ بۆسە | ٨٦٩ |
| ١٥ | ١٥ – ١ | سی (٢) | ١٢ر٨ بۆسە | ٩٦٠ |
| ١٦ | ١٦ – ١ | دۆ (٣) | ١٢ بۆسە | ١٠٢٤ |

گەر سەیری ئەو خشتەیە بکەین چەند ڕاستیەکمان لا روون ئەبێتەوە ئەویش :
١ – ژێ لە ئامێرە ژێدارەکانداو بۆری لە ئامێرە فودارەکاندا لەرینەوەی دەنگی هاو دەنگییان لێ پەیدا ئەبێ تەنها لەرینەوە لەتەواوی ژێکە ، یان بۆری هەواکە پەیدا نابێ بەڵکو لە هەمان کاتدا لەرینەوەی دەنگی لە نیوەی ژێکە یان بۆری هەواکە هەروەها . ٢/١ ، ٣/١ ، ٤/١ ، . . هتد پەیدا ئەبێ . ئەم دیاردەیەش ئەوەمان بۆ رون ئەکاتەوە کە چەند دەنگێ لە هەمان کاتدا لەو لەرینەوانە پەیدا ئەبێ . دەنگە سەرکیەکە ( بنکە ) پێی ئەوترێ دەنگی بنچینەیان بنکە ( F-undamental ) کە لە هەموو دەنگەکانی دی بەهێز ترو دیارترە بۆ گوێچکەی ئادەمیزاد .
ب – ئەو کۆمەڵە دەنگەی کەگوێچکەی مرۆڤ بەتەنها دەنگێکی لێك ئەداتەوە لە

راستیدا چەند دەنگێکی یەك لە دوای یەکن ( تآلفات – chord ) هەرچەندە جیاوازی‌یەکی ئەوتۆ هەیە لەگەڵ دەنگەهاو دەنگی‌یەکانی دی‌دا کە کۆمەڵی ئامێری مۆسیقای لیٚ ی ئەدەن ، بەڵام لەهەمان کاتدا جیاواز نین لەروی دروست بونیانەوە . چونکە ئەمانیش مۆرکی هاو دەنگی یان پێوەیە . وەکو لەخشتەی پێشوودا دەی بینین لەنێوان دەنگی هاودەنگی یەکەم و دووەمدا میانەیەکی (فاصلة) پەیژەی تەواو هەیە ( اوکتاف ) هەروەها میانەیەکی پێنج دەنگی لەنیوان دەنگی دووەم و سیٚ یەمدا هەیە . میانەیەکی دەنگی لەنێوان دەنگی سیٚ یەم و چوارەمدا هەیە .

میانەیەکی سیانی گەورە لەنێوان دەنگی چوارەم و پێنجەمدا هەیە . لەنێوان دەنگی پێنجەم و شەشەمدا میانەیەکی سیانی بچوك هەیە . لەنێوان دەنگی شەشەم و حەوتەم و حەوتەم و هەشتەمدا میانەیەکی بچوکتر لە میانەی سیانی بچوك هەیە . میانەیەکی تەواو لەنێوان دەنگی هەشتەم و نۆیەمدا هەیە .

میانەی نێوان دەنگەکان بەو جۆرە لەکەم بوندایە تا دەنگەکە زیل تر بێت . جگە لەونیومیانە دەنگی تەبایەی کە لە نێوان دەنگی پانزەو شانزەهەمدا هەیە .

ج – بەو دیاردانەی باسمان کرد بۆمان دەرئەکەویٚ کە : ئەو کۆمەڵە هاو دەنگیانە مانای تەواوی خۆیان هەیەو بەشیوەی زانیاری چەسپاون بۆنمونە گەر دەنگی چوارەم لەریزی ئەو کۆمەڵە هاو دەنگیانە وەربگرین ئەم دیاردانەی لای خوارەوەمان بۆ دەرئەکەویٚ .

١ – ئەو میانەیە دەنگیە لە لەرینەوەی چواریەکی ژیٚ سەرەکیەکە پەیدا بووە ، دووجار کەمترە ( لە لەرینەوەی دریٚژی ژیٚکە ) لە دەنگی دووەمی کۆمەڵە دەنگیەکە .
٢ – ئەو دەنگیە لە لەرینەوەی ١/٤ ی ژیٚکە پەیدابووە . دوو پەیژەی دەنگی ( اوکتافان ) بەرزترە لە دەنگی بنکە . یەك پەیژەی دەنگی تەواو بەرزترە لە دەنگی دووەم . بەواتایەکی دی دەنگی چوارەم لەو کۆمەڵە هاو دەنگیە بەگوێرەی ریٚژەی ٤ ، ٣ ، بەرزترە لە سیٚ یەم دەنگیەکەی پێش خۆی .

د – ژمارەی لەرینەوەکان زۆر بوو ئەوا دریٚژی کەمتر دەبێت وەکو دەنگی سیٚ یەم کە ٦٤ بۆسەیە دەنگی چوارەم ٤٨ بۆسەیە بەڵام لەرینەوەکانیان ١٩٢ بۆ ٢٥٤ لەرینەوەیە لە سانیەیەکدا .

خشتەی ئەو دەنگانەی کە یەك لە دوای یەك دەبیسترێن لەگەڵ دەنگە سەرەکیەکەدا بەنۆتەی مۆسیقا .



١

**٧- مۆسیقا لەچی پێك هاتووە :-**

مۆسیقا بەهەموو وێنەکانیەوە لەدوو توخمی سەرەکی پێك هاتوە ، کە ( ریتم ) ( ایقاع )و ئاواز ( اللحن )ە . ئەم دوو توخمەش بەئاسەیی لە مۆسیقایی رۆژهەلاتیدا دەرئەکەوێ ، بەلاّم لە مۆسیقای ئەوروپی دا توخمێکی دی هەیە کە پیٚی ئەوترێ هاودەنگی ( الهارمۆنی ) . لەساتی خوێدا باسی دەکەین بەلاّم لەبەر ئەوەی لە پەروەردەی مۆسیقاییدا بەزۆری گرنگی بەم دوو توخمەی یەکەم ئەدەن بۆیە ئێمەش لەسەرەتادا هەرباسی ئەو دوانە ئەکەین .

أ – ریتم ( الایقاع ) .

ریتم‌یان کێش بریتی‌یە لە پەیوەندی دەنگەکان یەك بەوی دی‌یەوە ، لەروی بەردەوام بوونی هەریەکەیان لەبابەت درێژی وکورتی مەوداو کاتی ئەو دەنگە مۆسیقایانە .

ب – ئاواز ( اللحن ) .

بریتی‌یە لە پەیوەندی دەنگەکان یەك بەوی دی‌یەوە لەروی ناسکیو گڕی .
ئەم دوو توخمەش شان بەشانی یەك دەڕۆنو بەهەردوکیان مۆسیقا دروست ئەکەن .

## ٨- نوسینەوەی نۆتەی مۆسیقا ( التدوين الموسيقي )

هۆی ونبونی ئەو کەلەپورە مۆسیقاییانەی کە لە سەرەتادا لەوولاتی نێوان دوورووبار ( بلاد ما بين النهرين ) ومیسرو هیندوچینو یابانو یۆنانیو رۆمانیە کۆنەکان بۆ نەبونی چۆنیەتی نوسینەوەی نۆتەی مۆسیقا دەگەرێتەوە . ئەو مۆسیقاو گۆرانیانەش ، کە گەیشتووە ، ئەویش تۆشی ئەو گێرمەو کێشانە هاتوە کە بەسەر ئەو نەوانە داهاتوە .

ئەوەی شایانی باسە لەساڵی ( ١٩٧٤ ز ) کۆمەڵێ پارچە قور لە عیراقو سوریا دوزراونتەوە ، کە لە شیوەی نوسینی بزماری دابووەو دوای لێکۆڵینەوەیەکی زۆر دەرکەوت کە شیوەیەکە لە شیوەکانی نوسینەوەی زمانی مۆسیقای کۆن ، بەلام یۆنانی یەکان گۆرانیو مۆسیقاکانی خۆیانیان بەشیوەیەك لەفەوتاندن رزگار کردوە ، بۆیە پیتەکانی ئەلفو بای زمانی خۆیانیان بەکار هێناوە ، بەشێوەیەك کەدەرکیان بەبەرزیو نزمی پلەی دەنگی مۆسیقاکەیان کردوە . دوای ئەوانیش رۆمانی یەکان سوودیان لەهەمان رێگا وەرگرتووەو حەوت پیتی ئەلفو بای لاتینی یان بەکار هێناوە بۆ هەر حەوت دەنگە مۆسیقای یەکە ،

**(نوسینەوەی نۆتەی مۆسیقا بە ئەلف‌وبای لاتینی)**

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| G | F | E | D | C | B | A |
| سۆل | فا | می | رێ | دو | سی | لا |


لەسەدەی حەوتەمی زایینیدا لامباردیەکان لەسەروی ئیتالیادا شێوەیەکی نوێیان بەکار هێنا بۆ نوسینەوەی نۆتەی مۆسیقا . کە بریتی بوو لەچەند هێمایەكو چەند هێڵێکی پێچاوپێچ کەلە سەر ووشەی گورانیەکان ئەیان نوسی ، بۆ ئەوەی گۆرانی بێژەکەیان ئامێر ژەنەکە بزانێ لەچی پلەیەکی بەرزیدایە ، ئەم رێگایەش ناونرا بەرێگای نویمات (النويمات). ئەم شێوەیەش بەردەوام بوو لەگەڵ ئەو رێگە کۆنەی کە باسمان کرد (بەکارهێنانی پیتی زمانەوانی ) تاکو سەدەی دەیەمی زایینی . تا زانا مۆسیقایی یەکان شێوەیەکی دییان دۆزیەوە . ئەویش بریتی بوو لە کێشانی هێڵ. لەسەرتادا هێڵێکی سوریان کێشا کە ، بریتی بولەپلەی دەنگی ( فا ) وهێمای نوەیمات یان لەسەریان لەژێر دائەنا بۆ دەستنیشان کردنی بەرزیو نزمی دەنگە مۆسیقای یەکان لەدوای ئەوە هێڵێکی دی شیان کێشا بەرەنگی زەرد کە دەستنیشانی پلەی دەنگی ( دۆ) ی دەکرد . واتا پلیکانەی مۆسیقا بووە دوو هێڵ . لەم دوو هێڵەشەوە تەواو

هێڵەکانی پلیکانەی مۆسیقا .


دۆزرایەوە . بەڵام لەڕاستیدا ئەم شێوە نوسینە بەتەواوی دەست‌نیشانی هەموو دەنگە مۆسیقای‌یەکانی نەدەکرد . ئەتوانین بڵێین کاتەکانی مۆسیقا بەتەواوی گوێی پێ‌نەدرا بوو .

لەبەر ئەو شتانە زانا مۆسیقایی‌یەکان بیری تەواویان لە دۆزینەوەی ڕێگای چاکتر ئەکردەوە بۆنوسینەوەی نۆتەی مۆسیقا .

لێرەشدا نابێ ئەوە لەیاد بکرێت کە کەنیسە تاچی ڕادەیەك دەورێکی باڵای هەبووە لەپەرەپێ‌دانی زانستی مۆسیقاو چۆن راهیبی ئیتالی بەناوبانگ ( جیدۆ ئەرتیزۆ )بیری ڕێك‌وپێك کردنی دەنگە مۆسیقای‌یەکانی لەسەر پلیکانەی مۆسیقا هێنایە کایەوەو بەردی بناغەی نوسینەوەی نۆتەی مۆسیقای دانا لەسەر پلیکانەی مۆسیقا لەسەدەی یازدەهەمی زایینی‌دا . لەسەر ئەنجامی ئەو شتانەی باسمان کرد . لەسەدەی شازدەهەمدا تەواوی نوسینەوەی نۆتەی مۆسیقا دوزرایەوە تائیستاش لەهەموو جیهاندا هەمان ڕێگا بەکاردێت .




خشتەی ◁
نمونەی نوسینەوەی
نۆتەی مۆسیقا
بەڕێگای نوەیمات



ناوی دەنگە مۆسیقاییەکان (اسماء الاصوات الموسیقیة)


پێك دێن لە حەوت دەنگی یەك لە دوای یەك لەچەپەوە بۆ راست بەم شێوەیەی لای خوارەوە ئەخوێنرێنەوە .

| | |
|---|---|
| لەزمانی ئەڵەمانیدا بەم شێوەیە ناو ئەبرێن | C d e f g h r |
| لەزمانی ئینگلیزیدا بەم شێوەیەناو ئەبرێن | C d e f g a b |
| لەزمانی ئیتالیدا بەم شێوەیەناو ئەبرێن | do re mi fa sol La si |
| لەزمانی فەرەنسیدا بەم شێوەیەناو ئەبرێن | ut re mi fa sol La si |
| لەزمانی عەرەبیدا بەم شێوەیەناو ئەبرێن | سی لا سول فا می ریٚ دو |
| لەزمانی کوردیدا بەم شێوەیەناو ئەبرێن | سی لا سۆل فا می رێ دۆ |

٩ پلیکانەی مۆسیقا (المدرج الموسیقی) Stave

پێك دێت لە پێنج هێڵی راستی ئاسۆیی (افقي) بەئەندازەی یەك . چوار بۆشایی یان لە نێواندایە ، لە ژێرەوە بۆ سەرەوە ئەبژێررێن وەکو لەم نمونەیەدا .


٣




هەر هێمایەك (نیشانەیەك) لە هێماکانی کاتە مۆسیقاییەکان لەسەر ئەم هێڵ و بۆشایی یانە دانرا . ئەتوانرێ دەست نیشانی ناوی دەنگە مۆسیقاییەکانی پێ بکرێ . بەگوێرەی بەکار هێنانی کلیلی مۆسیقا وەکو لەم نمونەیەدا کلیلی سۆل مان بەکار هێناوە

ناوی هێڵەکانی پلیکانەی مۆسیقا بەگوێرەی کلیلی سۆل .

٤





ناوی بۆشایی یەکانی پلیکانەی مۆسیقا بەگوێرەی کلیلی سۆل.

٥



ناوی هێڵ و بۆشاییەکانی پەیژەی مۆسیقا بەیەکەوە بەگوێرەی کلیلی سۆل

٦ 


هەروەها لەژێر هێڵی یەکەمەوە .


٧ 


هەروەها لەسەروی هێڵی پێنجەمەوە .


٨ 


**١٠ – هێڵە یارمەتی دەرەکان (الخطوط الاضافية المساعدة) –**

لەمەوبەر ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە تەواوی نۆتەکانی مۆسیقا یان ئەو نۆتانەی کە ئەمانەوێ بەکاریان بهێنین لەسەر پلیکانەی مۆسیقا جێگایان نابێتەوە . بۆیە بەپێویست زانراوە کە چەند هێڵێکی کورت لەسەریان لەژێر پلیکانەی مۆسیقاوە بەکاربهێنرێ . جا گەر ئەو کورتە هێڵانە لە سەروی پلیکانەی مۆسیقاوە بەکارهێزا ئەوا پێیان ئەوترێ زیادە هێڵە کانی سەرو (الخطوط الاضافية العليا) . وەکو لەم نمونەیەدا

٩ 


هەروەها گەر لە خوارویْ پلیکانەی مۆسیقاوە بوو ئەوا پێی ئەوترێ زیادە هێڵەکانی خوارو (الخطوط الاضافية السفلى) وەکو لەم نمونەیەدا .

١٠ 


## ١١ پلیکانەی مۆسیقای گەورەو (دۆ)ی ناوەندی (المدرج الموسیقی الکبیر والدوالوسطیة)

زانا مۆسیقاییەکان هەوڵی ئەوەیان داوە کە ڕێگایەکی زانستی بنچینەیی بۆ نوسینەوەی نۆتەی مۆسیقا دابنێن تا لەسەر شێوەیەکی بیرکاری چەسپاو بەجێی بهێنن بۆیە کوشیشیان کردوە کە کەمترین هێڵ لە نوسینەوەی نۆتەی مۆسیقا دا بەکاربهێنن بەمەرجێ نوسینەوەی نۆتەی مۆسیقای تەواویان تیابێ . یەك کەوتنیان لەسەر ئەوە بوو کە تەنها یانزە هێڵ بەکاربهێنن لەپلیکانەی مۆسیقادا . کە دە بۆشاییان لە نێواندا هەیەو ناویان لەم یانزە هێڵە بەپلیکانەی مۆسیقای گەورە نا . کە لە شێوەی دوو پلیکانەی بچکولەدانو لە نێوانیاندا هێڵی (دۆی) ناوەندی بەهێڵێکی پچرپچر هەیە . پێنج هێڵی خوارو بۆ دەنگە گرەکان بەکار ئەهێنرێ . وکلیلی (فا)ی لەسەر دائەنرێ .

پێنج هێڵی سەرو کلیلی (سۆل)ی لەسەر دائەنرێو بۆ دەنگە بەرزەکان بەکار ئەهێنرێ . (دەنگە زیلەکان) .

هێڵە ناوەندییەکەش کە هەردو پلیکانەکە بەیەکەوە ئەبەستێ پلیکانەیەکی تایبەت بەخۆی دروست ئەکاو کلیلی (دۆ)ی لەسەر دائەنرێو بۆ دەنگە مام ناوەندییەکان بەکار دەهێنرێ دوو هێڵی یەکەمو دووەمی پلیکانەی سەروو وەردەگرێت دوو هێڵی چوارەمو پێنجەمی پلیکانەی خوارو وەرئەگرێت تا ژمارەی هێڵەکانی بکاتە پێنج هێڵو پلیکانەیەکی سەربەخۆو تایبەت دروست بکا .

وەکو لەم نمونەیەدا .





پلیکانەی گەورە توانای جێگا بونەوەی زوربەی زۆری دەنگە مۆسیقاییەکانی هەیە کەزیاتر لە چوار پەیژەی مۆسیقا (سلم موسیقی) پێك بێن . هەرچەندە گیروگرفتی گۆرانی بێژی تەنها یان ئامێر ژەنەکان هەروەکو خۆی مابووەوە بۆیە بیری دۆزینەوەی کلیلە جۆر بەجۆرەکانی مۆسیقا هاتە کایەوە بۆ زیاتر ئاسان کردنی خوێندنەوەی نۆتەی مۆسیقا .

## ١٢ نرخی كاته ساده‌كانی نۆته‌ی مۆسیقا . (القيم الزمنية البسيطة للنوطات الموسيقية)

له حه‌وت شیۆه‌ی جیاواز پێك دێن . هه‌ر شیۆه‌یه‌ك هێمایه‌كی (نیشانه‌یه‌كی) تایبه‌تی خۆی هه‌یه ، نرخی كاتێك ده‌ست نیشان ئه‌كا .

ئه‌مانه‌ش هێماكانن :—



| به‌فه‌ره‌نسی | به‌كوردی | هێماكه‌ی | نرخی كاته‌كه‌ی | |
|---|---|---|---|---|
| ١ – رۆند | پڕ یا خڕ |  | كاتی ته‌واو | چوار زرمه |
| ٢ – بلانش | نیو یا سپی |  | نیوكاتی ته‌واو | دوو زرمه |
| ٣ – نوار | تاك یا ره‌ش |  | چاره‌كی كاتی ته‌واو | یه‌ك زرمه |
| ٤ – كرۆش | دانداریایه‌ك‌دان |  | ١/٨ كاتی ته‌واو | نیوزرمه |
| ٥ – دبل كرۆش | دوو دان |  | ١/١٦كاتی ته‌واو | ١/٤ زرمه |
| ٦ – تربل كرۆش | سێ دان |  | ١/٣٢كاتی ته‌واو | ١/٨ زرمه |
| ٧ –كوارتربل كرۆش | چوار دان |  | ١/٦٤كاتی ته‌واو | ١/١٦ زرمه |

لەم شێوەیەدا بۆمان دەرئەکەوێ کە نیشانەی ڕۆند درێژترین کاتەکانی مۆسیقایە .
لەبەر ئەوە پیێ ئەڵێن کاتی تەواو .

هەموو نیشانەکانی دی لەم کەمترن . هەریەکەیان بەشێکە لەو کاتە . هەرکاتێك لەو کاتانەی دی نیوەی کاتەکەی پێش خۆیەتیو دووقاتی کاتەکەی پێش خۆیەتی .

**تێبینی : –**

بەکارهێنانی نیشانەی کاتەکانی مۆسیقا لەسەر پلیکانەی مۆسیقا بەشێوەیەکی زانستی بەم جۆرەیە .

١ – نیشانەی ڕۆند لەبەر ئەوەی کلكدار نیە لە هەر شوێنێکدا دابنرێ گونجاوە .

٢ – نیشانەکانی دی لەبەر ئەوەی کلكدران دەشێ بەم جۆرانە دابنرێن .

أ – لەسەر پلیکانەی بچوك لە هێڵی ناوەڕاستدا (هێڵی سێیەم) هەرچۆن دابنرێن شیاوە . بەواتای کلکەکەی بۆ خوارەیان بۆ سەرەوە بێت .

ب – لە خواروی هێڵی ناوەڕاستەوە بوون دەشێ کلکەکەی بۆ سەرەوە بێتو لەسەرچی دەنگێك دانرا کلکەکەی بگاتە هەمان دەنگ ئوکتافێك لە خۆی بڵند تر .
وەکو لەم نمونەیەدا .

١٣ 

جـ – لەسەروی هێڵی ناوەڕاست دانرا دەشێ کلکەکەی بۆ خوارەوە بێتو لەسەرچی پلەیەکی دەنگی دانرا دەشێ کلکەکەی بگاتە هەمان دەنگ ئوکتافێك نزمتر وەکو لەم نمونەیەدا .

١٤ 

**١٣ درێژکردنەوەی بەهای کاتە موسیقاییەکان (اطالة القيم الزمنية للنوطات الموسيقية)**

هەندێ هێمای مۆسیقایی هەن لەتەك کاتەکانی مۆسیقادا بەکار دێن بۆ درێژ کردنەوەی کاتە مۆسیقاییەکان ئەوانەش ئەمانەن .

ا   پنت (النقطة (.)

بريتي‌يه له پنتێك (خاڵێك) له‌پاش كاته مۆسيقايی يه‌كانه‌وه دائه‌نرێن . ئه‌م پنته‌ش نيوه‌ی به‌های كاته‌كه زياد ئه‌كا .

وه‌كو له‌م نمونه‌يه‌دا .



١٥

ب – دوو پنت (النقطتان) (..)

پنتی له دوو پنت كه له‌دوای كاته مۆسيقايی‌يه‌كانه‌وه دائه‌نرێن بۆ زياد كردنيان . وه‌ك پنتی يه‌كه‌م نيوه‌ی كاته‌كه‌ی زياد ئه‌كا . دووباره پنتی دووه‌م نيوه‌ی پنتی يه‌كه‌م زياد ئه‌كا به‌واتای هه‌ردو پنته‌كه ٣/٤ی سیٚ چاره‌كی كاته سه‌ره‌كيه‌كه زياد ئه‌كه‌ن وه‌كو له‌م نمونه‌يه‌دا .

١٦



. به‌ستنه‌وه (يه‌ك خستن) الرباط

بريتی‌يه له‌به‌ستنه‌وه‌ی ده‌نگه مۆسيقاي‌يه‌كانو يه‌ك خستنيان به‌هۆی هيمايه‌كه‌وه له‌م نمونه‌يه‌دا ( ⌒ ) ١٧

دوو جۆر به‌ستنه‌وه‌ش هه‌يه :

١ – به‌ستنه‌وه‌ی ساتی (الرباط الزمنی) slur

به‌ستنه‌وه‌ی چه‌ند كاتێكی مۆسيقاي‌يه به‌يه‌كه‌وه بۆ ئه‌وه‌ی به‌يه‌ك ژه‌م بژه‌نرێن به‌مه‌رجیٚ ئه‌وكاته مۆسيقاي‌يانه له‌يه‌ك (هه‌مان) پله‌ی ده‌نگی دابن وه‌كو له‌م نمونه‌يه‌دا .

١٨



٢ – بەستنەوەی ئاوازی (الرباط اللحنی) – leqqatto –

بریتی‌یە لەبەستنەوەی چەند دەنگێکی مۆسیقای جیاواز لە پلەی بڵندیو نزمی‌دا بۆ ئەوەی بەیەك ژەم لیٚبدرێن

وەکو لەم نمونەیەدا


١٩



د – کرونا (تاج) (فرماتا) fermata – 𝄐 –

هێمایەکە لەسەریان لەژێر نۆتەی مۆسیقاوە ئەنوسرێ بۆ زیاد کردنی بەهای کاتە مۆسیقایی‌یەکان . بەلاٚم لیٚرەدا زیاد کردنی بەهای کاتەکە بەدەست ئامیٚر ژەنەکە یاخوود رەهبەری تیپی مۆسیقاکەیە وەکو لەم نمونەیەدا .

٢٠



## ١٤ – نیشانەی پشوودان (Rests)


علامات السکوت (Pausa)

چەند هێمایەکە لەسەر پلیکانەی مۆسیقا بەکارئەهێنرێ . وەکو کاتە مۆسیقایی‌یەکان . بەلاٚم بۆ دیاری کردنی کاتی پشوودان لەو پارچە ئاوازەدا .

هەرکاتێکی مۆسیقایی پشوویەکی تایبەتی خۆی هەیەو کاتی پشوودانەکەی بەئەندازەی کاتە مۆسیقایی‌یەکەو شوێنی تایبەتی خۆی هەیە لەسەر پلیکانەی مۆسیقا .

وەکو لەم خشتەیەدا .

٢١



کوارتربڵ تربڵ دبڵ کرۆش نوار بلانش رۆند
کرۆش کرۆش کرۆش

لەو خشتەی سەرەوەدا بەرامبەر بەهەر کاتێکی مۆسیقای پشوەکەی تایبەت بەخۆی دیاری کراوە . بەواتای هەر یەکە لەو کاتەمۆسیقایانە چەند لەژەنینیاندا ئەخایەنن کاتی پشووەکانیشیان هەمان کاتیان پێ ئەچێ بەڵام بەپشوودان

**تێبینی** :–

لەمەوبەر باسی درێژ کردنەوەی بەهای کاتە مۆسیقایی‌یەکانمان کرد . جۆرەکانیشمان دەست نیشان کرد . هەروەها ئەتوانرێ کاتی پشوودانە مۆسیقایی‌یەکانیش بەو جۆرانەی باسمان کرد زیاد بکەین .

## ١٥- کلیلە مۆسیقایی‌یەکان (المفاتیح الموسیقیة) (Music Clef)

نیشانەیەکی مۆسیقایی‌یە لە سەرەتای لای چەپی پلیکانەی مۆسیقاوە لەسەر یەکێ لە هێڵەکانی دائەنرێ . بۆ دیاری کردنی ناوو چینی (پلەی بڵندی) هەموو دەنگە مۆسیقایی‌یەکان .

مۆسیقا زانەکانی سەدەی ناوەڕاست نۆتەی مۆسیقاو گۆرانیەکانی خۆیان لەسەر پلیکانەیەکی مۆسیقا ئەنوسیەوە کە لە یانزە (١١) هێڵ پێك هاتبووپێ‌یان ئەووت پلیکانەی گشتی (المدرج الموسیقی العام) یان پلیکانەی گەورە (المدرج الموسیقی الکبیر) . ئەم پلیکانەش نزیکەی (٢٠) نۆتەی مۆسیقای تیا جێ ئەبووەوە . بەڵام لەو کاتەوەی کە پیشەسازی ئامێری مۆسیقایی دروست کردن فراوان بوو ، چەند ئامێرێکی نوێ وەکو ئامێری پیانو هاتە کایەوە . سەیریان کرد ئەم ئامیرانە زۆربەی زۆری دەنگە مۆسیقایی‌یەکانیان تیایە . پلیکانەی گەورە جێگای هەموو دەنگە مۆسیقایی‌یەکانی تیا نابێتەوە . لەبەر ئەوە بیریان لە دۆزینەوەی ڕێگای نوێ کرد بۆ جێگا بوونەوەی هەموو دەنگەکانی مۆسیقاو بەپێی تواناو فراوانی مەودای ئامیری مۆسیقایی‌یەکانو دەنگە جۆر بەجۆرەکانی قورگی ئادمیزاد بەمەرجێ هێڵی پلیکانەی مۆسیقاش پتر نەکرێت بۆیە لەسەر بەش بەش کردنی پلیکانەی گشتی پێك هاتن بەم جۆرەی لای خوارەوە .

١ – پێنج هێڵی سەروو بکرێت بەپلیکانەی سەربەخۆ بۆ نوسینەوەی دەنگە مۆسیقایی‌یە تیژەکانو کلیلی (سۆڵ)ی لەسەر هێڵی دووەمێ (هیلەکان لە خوارەو بۆ سەرەوە ئەبژیرێن) پلیکانەکەی بۆ بەکار هێنرا .

٢ – پێنج هێڵی خوارو بکرێت بەپلیکانەیەکی سەربەخۆ بۆ نوسینەوەی دەنگە مۆسیقایی‌یە گرەکان . کلیلی (فا)ی لەسەر بەکارهێنرا . (لەدوایدا با‌ـ نانی بەم جۆرە کلیلە لەسەر پلیکانەی مۆسیقا ئەکەین)

٣ - دروست کردنی پێنج هێڵی نوێ لە ناوەڕاستی پلیکانەی گەورەو بەواتای هێڵی ناوەڕاستی (١١) هێڵیەکە وەردەگرین لە گەڵ دوهێڵی پلیکانەی سەروو دوو هێڵی پلیکانەی خوارو . ببێتە پێنج هێڵیەکی نوێ . وکلیلی (دۆ)ی لەسەر هێڵەکانی دائەنرێ .

بەپێی ئەو پێك هاتنەش سێ جۆر کلیلی مۆسیقا دروست بوو کە بەمجۆرە باسی دەکەین .


**١ - کلیلی (سۆڵ) یان کلیلی کەمان (مفتاح صول) مفتاح الكمان** Treble Clef

نیشانەی کلیلەکە لە پیتی (G)ی لاتینی یەوە وەرگیراوە . لەئەنجامی پەرەپێدانی ئەم پیتەدا شیوەکەی بۆتە :

٢٢ 



ئەم نیشانەیە لەسەر هێڵی دووەمی پلیکانی مۆسیقا دائەنرێ (پلیکانە پێنج هێڵیەکەی یەکەم) ئەو دەنگەی ئەکەوێتە سەر ئەم هێڵە بە دەنگی سۆڵ ناو ئەبرێت . ئەو ئامێرانەی توانای دەربرینی دەنگە تیژەکانیان هەیە ئەم کلیلەیان بۆ بەکار ئەهێنرێت . وەکو ئامێری کەمان ، فلوت ، ساکسفون ، ئۆبوا هەروەها دەستی ڕاستی ئوکۆردیۆن وەکو لەم وێنەیەدا .

٢٣ 


**٢ - کلیلی (فا) کلیلی گڕ (مفتاح باص)** Bass Clef ئەم کلیلە لە پەرەپێدانی ووشەی (F)ی لاتینیەوە وەرگیراوە . لە ئەنجامی پەرەپێدانیدا گەیشتۆتە ئەم شێوەیە .


٢٤ 

بۆ ئەو دەنگە گڕانە بەکاردێت کە لە قورگی مرۆڤ یان ئامێرە دەنگ گڕەکانەوە دێتە دەرێ . لەسەر دوو هێڵی پلیکانەی مۆسیقاش بەکار دەهێنرێ .

أ - کلیلی فا لەسەر هێڵی سێیی (بژاردن لە خوارەوە بۆ سەرە وەیە) پلیکانەی بچوك .


ئەم کلیلە زۆر بەکەمی بەکاردەهێنرێ وەکو لەم وێنەیەدا .

٢٥





ب - کلیلی (فا) لەسەر هێڵی چوارەمی پلیکانەی بچوک . ئەم هێڵە زۆر بەکارئەهێنرێ بەم شێوەیە .

٢٦




٣ - کلیلی (دۆ) لە پەرەپیدانی ووشەی (C) لاتینی‌یەوە وەرگیراوە . لەئەنجامی پەرەپێدانیدا گەیشتۆتە ئەم شێوەیە لەسەر هێڵەکانی یەکەم‌و دووەم‌و سێ‌یەم‌و چوارەم بەکار ئەهێنرێ ، لەسەر کام هێڵ بەکارهێنرا ئەوا هەر نۆتەیەکی مۆسیقا بخەینە سەر ئەو هێڵە ناوی دەنگی دۆی ناوەندی لێ‌ئەنرێ .


٢٧



بەهۆی ئەویشەوە دەنگەکانی دی ئەناسرێنەوە وەکو .


أ - کلیلی (دۆ) لەسەر هێڵی یەکەم (چینی سۆپرانۆ)

٢٨





ب - کلیلی (دۆ) لەسەر هێڵی دووەم (چینی میتزۆ سۆپرانۆ) .

٢٩





ج - کلیلی (دۆ) لەسەر هێڵی سێ‌یەم (چینی ئالتۆ)

٣٠





د - کلیلی (دۆ) لەسەر هێڵی چوارەم (چینی تینور)

٣١



٣٢ 

چۆنیەتی دەرهێنانی کلیلە موسیقایی یەکان لەسەر پلیکانەی مۆسیقای گەورە هەروەها بەم جۆرەی خوارەوە ئەتوانین دەست نیشانی دەنگی دۆی ناوەندی لەسەر پلیکانەی موسیقا بکەین بە هۆی کلیلەی موسیقایی یەوە وەکو .

٣٣ 

**تێبینی :**

هەر کاتێك بەهۆی کلیلی مۆسیقاوە جیگای دەنگێکی مۆسیقامان دەست نیشان کرد . بەهۆی ئەوە وە دەنگەکانی تریش دەست نیشان ئەکرێن . بەگوێرەی یەك لە دوای یەك هاتنی دەنگە مۆسیقایی یەکان (دۆ . رێ . می . فا. سۆڵ . لا ، سی) هەروەها لە دووپات کردنەوەشیاندا بەهەمان شیوە لە کاتی بەرەو بلند چونیان (تیژی) و پێچەوا نەشەوە بەرەو نزمی چون (گڕی) (دۆ . سی لا ، سۆڵ ، فا ، می ، رێ . ) . لەبەر ئەوەی دووپات کردنەوەی دەنگە مۆسیقایی یەکان چەند پەیژەیەکی مۆسیقایی مان بۆ دروست ئەبێ و تەنها پلیکانەیەکی پچوکی مۆسیقاییش ناتوانی ئەم (پەیژە مۆسیقایی یانە بگرێتە خۆ بویە دەبێ هێلی زیادە یارمەتی دەرەکانیان بۆ بەکاربهێنن . زۆر بەکارهێنانیشیان لەبەر چاوی ئامێرژەنەکان ئەرکێکی گرانە بۆیە بیری دۆزینەوەی کلیلە جۆربەجۆرەکان هاتە کایەوە . کەواتە بەکورتی ئەتوانین بڵێین :

١ – بەدۆزینەوەی بیری کلیلە مۆسیقایی یەکان دیاردەی سادەو ئاسان هاتە کایەوە .

٢ – کلیلی مۆسیقا پیناسەی چینە دەنگیەکانەو ، هەریەکەیان دەست نیشانی ئەو جۆرە چینانە دەکەن .


٣ – زۆری چەشنی چینە دەنگیەکانی ئادەمیزاد هۆیەکی سەرەکی بوو بۆ دۆزینەوەی کلیلە مۆسیقایی یەکان .

٤ – هەروەها زۆربوونی خێزانە ئامێرە مۆسیقایی یەکان هۆیەکی دی بوو .

## ١٦ مەودای ئەو دەنگانەی کە ئامێرە سەرەکیەکانی ئۆرکسترا ئەتوانن لێی بدەن .

١ – ئامێرە فودارەکان (آلات النفخ)

٣٤




تێبینی :

زۆربەی زۆری ئەم ئامێرە مۆسیقای‌یانە هەندێ دەنگی بڵند تریش ئەتوانن دەربهێنن ، هەروەها هەندێ ئامێر هەن ئەو نۆتەی کە بۆی دەنوسرێتەوە جیاوازە لەگەڵ ئەو نۆتەیەی کەدێتە گوێ‌و پێ‌یان دەوترێ ئامێرە نۆتە گۆڕاوەکان (الالات ذات النونه المحولة) أو (القراءة المحولة) بۆ نمونە پیکلۆ ئۆکتاڤیك نزم‌تر ئەنوسرێ لەوەی کە گوێمان لێی دەبێ بۆ نمونە.

٣٥



هەروەها کۆرنۆی ئینگلیزی (فاجوت) ئامێریکی نوتە گۆراوە گەر نوتەیەکی بۆ نوسرایەوە ئەوا پێنج دەنگ سەروی خۆی دەبیسترێ رابەری مقامەکەی نیشانەیەکی نزم کەرەوەکەم ترە لە نوسینەوەی ئامێری کەمانو نیشانەیەکی بلند کەرەوەی پتر ترە لە رابەری مەقامی ئامێری کەمان وەکو لەم نمونەیەدا.

٣٦




هەروەها ئامێری کلارنێتو باس کلارنێت گەر لەسەر پەیژەی سی‌بیمۆڵ دروست کرابوون ئەوا دەنگی (پلەیەك) بەرزتریان بۆ دەنوسرێتەوە تاکووهەمان دەنگ لەگەڵ ئامێری کەمانچەدا لێبدا بەواتای رابەری مقامەکەی دوونیشانەی بێمۆل کەمتر لەئامێری کەمانچەی بۆ دەنوسرێتەوە، دوو نیشانەی دێز زیاتر لە ئامێری کەمانچە بۆ دەنوسرێتەوە،نمونە.


٣٧




هەروەها کۆنتراباسۆن هەروەك کۆنتر باس، ژێدار ئۆکتافێك (هەشت دەنگ) بەرزتر بۆی ئەنوسرێتەوە.

٤ – ئامێرە مسی‌یەکان (الآلات النحاسية)






٣٨


٣ – ئامێره ژێ دارەکان (الآلات الوترية)













٣٩



**١٦- مەودای دەنگی ئادەمیزاد:**

دوو جۆر دەنگی ئادەمیزاد هەیە.

١ – دەنگی ژنانو منداڵان ، ئەم دەنگانەش لە کاتی ئاساییدا هەشت دەنگ (ئۆکتاڤێك) لە دەنگی پیاو بڵند ترن.

٢ – دەنگی پیاوان.

هەریەکە لەم دوو جۆرەش ئەکرێن بەچەند بەشێکەوە

١ – دەنگی ژنانو منداڵان . بەگوێرەی ناسکیو گڕی ئەکرێن بەدوو بەشەوە.

أ – دەنگە تیژەکان کە پێیان ئەوترێ (سۆپرانۆ)

ب – دەنگە گڕەکان کەپێیان ئەوترێ (ئاڵتۆیان کۆنترئاڵتۆ)

٢ – دەنگی پیاوان . بەگوێرەی ناسکیو گڕی ئەکرێت بەدوو بەشەوە

أ – دەنگە تیژەکان کە پێیان ئەوترێ (تینۆر)

ب – دەنگە گڕەکان کە پێیان ئەوترێ (باس یان باص) هەروەها بەم جۆرەی خوارەوە ئەو دەنگانە ئەم بەشانەی لێ جیا ئەبێتەوە

دەنگی ژنانو منداڵان

١ – دەنگە تیژەکان (سۆپرانۆ) ئەکرێن بەدوو بەشەوە

أ – سۆپرانۆ یان سۆپرانینۆ (سۆپرانۆی یەکەم)

ب – سۆپرانۆی، دووەم یان میتزۆ سۆپرانۆ (ئەم چینە دەنگیە لەسۆپرانۆی یەکەم گڕترە).

٢ – دەنگە گڕەکان پێیان ئەوترێ (ئاڵتۆ یان کۆنتر ئاڵتۆ) (دەنگی پیاو:) بەگەورەتر دەنوسرێن

١ – دەنگە تیژەکان

أ – تینۆری یەکەم

ب – تینۆری دووەم (لەیەکەم گڕترە)

٢ – دەنگە گرەکان

أ – باصی یەکەم یان باریتۆن

ب – باصی دووەم یان باصی قولْ (باص عمیق) لێرەدا پێویستە مەودای هەریەکە لەم چینە دەنگیانە بزانین. هەریەکەیان بەهۆی جۆرێك لە کلیلە مۆسیقاییەکان لەسەر پلیکانەی مۆسیقا دەتوانین دەستنیشان بکەین.

١ – کلیلی فا لەسەر هێڵی چوارەم مەودای چینی باصی یەکەم (باریتۆن) و باصیدووەم دەستنیشان ئەکا وەکو.

٤٠




هەروەهائەو ئامێرە مۆسیقاییانەی ئەم کلیلە بەکار ئەهێنن ئەمانەن چەڵۆ. کۆنتەرباس ، تیوبا ترمبۆن باص.

کۆرنۆ بۆ هەندێ بەسوون یا فاجوت.

٢ – کلیلی دۆ لەسەر هێڵی چوارەم

بۆ چینە دەنگیەکانی تینۆری یەکەم تینۆری دووەم بەکار ئەهێنرێ وەکو:


٤١




ئەو ئامێرانەی ئەم کلیلە بەکار ئەهێنن

چەڵۆ بۆ هەندێ دەنگ هەروەها بەسوونو ترمبۆن تینۆر:

٣ – کایلی دۆ لەسەر هێڵی سی‌یەم چینە دەنگیەکانی ئالْتویان کۆنتر ئالْتوی تیا بەکاردێت وەکو:

٤٢ 


تەنها ئامێری ڤیۆلا ئەم کلیلە بەکار دەهێنی.

٤ – کلیلی دۆ لەسەر هێڵی یەکەم:

چینە دەنگینەکانی سۆپرانۆی یەکەم و سۆپرانۆی دووەمی تیا بەکاردێت وەکو:

٤٣ 


تێبینی :

١ – کلیلی دۆ لەسەر هێڵی یەکەم بۆ دەنگە تیژەکانی ژنان و منداڵان بەکار ئەهێنرێ بەڵام لەم سەردەمەدا کلیلی سۆڵ بۆ ئەم دەنگانە بەکار ئەهێنرێ (بەهەمان مەوذای دەنگی)

٢ – کلیلی دۆ لەسەر هێڵی دووم لەم سەردەمەدا بەهیچ جۆرێك بەکارناهێنرێ . لەجیاتی ئەو کلیلی سۆڵ بەکارئەهێنرێ.

## ١٧ـ نیشانەکانی گۆڕین علامات التغییر : Accidentats

هێمایەکی مۆسیقایە یەکسەر لەسەرەتای پلیکانەی مۆسیقاوە دائەنرێ.

یان لە پێش نۆتەی مۆسیقاوە لەبارە مۆسیقاییەکاندا بۆ گۆڕینی دەنگەکان لەبابەت بڵند کردنەوە یان نەوی کردنەوەیان یان خستنەوە دۆخی جارانی چەند جۆرێکیشی هەیە.

١ – دێز ( # ) بڵند کەر

بۆ بڵند کردنەوەی دەنگە مۆسیقاییەکان نیو پلەی دەنگی بەکاردێت.

٢ – بێمۆڵ (b) نەوی‌کەر

بۆ نەوی کرونەوەی دەنگە مۆسیقاییەکان نیو پلەی دەنگی بەکاردێت

٣ – ناتۆراڵ ( ♮ ) وەگێر یان بیکار

بۆ گیرانەوەی دەنگە بڵندیان نەوی کراوەکان نیو پلەی دەنگی بۆدۆخی جارانی بەواتای ئەم هێمایە هێزی دێزو بێمۆڵ لەناو ئەبات.

٤ – بڵندکەری دوانی ( x ) دەبڵ دێز.


بۆ بڵند کردنی دەنگە مۆسیقاییەکان دوو نیو پلەی دەنگی.

٥ – نەویکەری دوانی (bb) دەبڵ بێمۆڵ

بۆ نەوی کردنی دەنگە مۆسیقایەکان دوو نیو پلەی دەنگی.

**تێبینی :–**

لەخاڵی چوارهەم وپێنجەمدا کە بڵند کەرونەوی‌کەری دوانی مان باس کردوە. ئەتوانرێ بەهۆی نیشانەی وەگێر (بیکار) هێزی یەکێکیان ببڕین تا تەنها هێزی یەکێکیان بمێنیتەوە بەڵام گەر ویستمان هێزی هەردوکیان ببڕین دەشێ دوو هێمای وەگێر بەکاربهێنن وەکو لەم نمونەیەدا.

٤٤ 

پێویسته لەکاتی بڵندکردنەوەیان نەوی کردن ، ئەو نیشانەی گۆڕینانەی بەکاری دەهێنین بەتەواوی بخرێتە ئەو شوێنەی کە دەنگەکەی تیادایەو مەبەستمانە بیگۆڕین.

## ١٨- شوێن‌و جێگای نیشانە گۆڕانکاریەکان


١ - نیشانەی گوڕانکاری (شوناس نامە) (علامات التغییر الاصلیة) لەسەر پلیکانەی مۆسیقا راستەوخۆ لەپاش کلیلی مۆسیقاو پێش رابەری کێش لەسەر هێڵ یان بۆشاییەکان (بەپێی پێویست)ی پلیکانەی مۆسیقا دائەنرێن . واتا گەر بەو شێوەیە بوو ئەوا ئەو نیشانەی گۆڕانکاریانە کارئەکەنە سەر ئەو پلە دەنگیەی لەسەرانسەری بارەکانی پارچە ئاوازەکەدا هەیە تا کۆتایی . بەهۆیٚ ئەم نیشانەشەوە پێناسەی رابەری پەیژەی (دلیل المقام)ی پارچە ئاوازەکە دیاری دەکرێت وەکو لەم نمونەیەدا.

٤٥ 

کەواتە لەو پارچە ئاوازەی پەیژەی ریٚ‌ی گەورەدا بە نۆتەی مۆسیقا نوسراوەتەوە، هەرچی دەنگێکی (فا+دۆ) هەیە تا کۆتایی پارچە ئاوازەکە نیو پلەی دەنگی بەرزترە لە شێوەی سروشتی خۆی .

٢ - نیشانەی گۆڕینی لاوەکی (علامات التحویل العرضیة)

بۆ گۆڕینی ئەو دەنگە مۆسیقاییانەی لەپڕ پیویست بەگۆڕین دەکات بەکار دێت . دەشیٚ لەناو بارە مۆسیقاییەکاندا بێت ، بەڵام تەنها کاردەکاتە سەر ئەو دەنگانەی لەو بارە مۆسیقایەدایەو کار ناکاتە سەر هەمان دەنگ لەبارێکی دیدا . وەکو لەم نمونەیە دا.

٤٦


نیشانەی گۆڕین لەبارە مۆسیقاییەکاندا

کەواتە ئەو نیشانە گۆڕینانەی لەبارەکانی ئەو پارچە مۆسیقایەدا نوسروان تەنها کار دەکەنە سەر ئەو دەنگەی کە نیشانەی گۆرینەکەی بۆ نوسراوە تەنها لەوبارەدا.

**تێبینی :—**

نیشانەی وەگێر (بیکار) لەسەرەتای پلیکانەی مۆسیقاوە دانانرێ . جگە لەکاتی گۆڕینی پەیژە مۆسیقایەك بۆ پەیژەیەکی دی مۆسیقا لەنێوان پارچە ئاوازێکدا . وەکو لەم نمونەیەدا.

٤٧




## ١٩ – کێشی مۆسیقا :- الایقاع الموسیقی

لەمەوبەر باسی دوو توخمە سەرەکیەکەی مۆسیقامان کردو ووتمان بریتین لە ئیقاع و لحن . هەروەها باسی ئیقاعمان کردو ووتمان بریتی‌یە لە بەردەوام بوونی ئاوازەکە لەروی مەوداو کاتی ئەو دەنگە موسیقایانە . جا بۆیە لێرەدا باسی ئیقاع بەفراوانتر دەکەین‌و دەبێ لەسەرەتادا بەم زانیاریانە دەست پیێ بکەین

١ – بار (خانە) (مازورە) Bar

بۆ نوسینەوەی پارچە ئاوازێك بەنۆتەی مۆسیقا دەشێ نۆتەکانی ئەوپارچە ئاوازانە یەکسانی بەش بەش بکەین بەپێی کێشەکە لەسەرپلیکانەی مۆسیقا . بەهۆی هێڵی کورتی شاقوڵی‌یەوە ، بەم هێلانەش ئەوترێ هێڵی بار . ئەو میانەیەی دەکەوێتە نیوان ددو هێڵی بارەوە پێی‌دەوترێ (بار) وەکو لەم نمونەیەدا .

٤٨ 


بەپێی دابەش کردنی پارچە ئاوازەکان بەهۆی هێڵی بارەوە . هەر بارێکی مۆسیقایی لەچەند کاتێك یانیشانەی پشوو پێك دێت . لێرەدا پیوستە بزانین کە کۆی کاتە مۆسیقایی‌یەکانی بارێکی مۆسیقا دەشێ لەگەڵ هەموو بارەکانی دی پارچەئاوازەکەدا یەکسان بێت ، جگە لەودەمەی کە کێشی پارچەئاوازەکە دەگۆرێ . لەو دەمەدا پێویستە نیشانەی رابەری کێشی نوێ دابنێن کەپارچە ئاوازەکە پێویستیەتی وەکو لەم نمونەیەدا .

٤٩ 

٢ – باری دوهێڵ (Doble Bar) هەروها هەندێ جار پێو یستمان بەبەکار هێنانی دووهێڵ لە تەنیشت یەکەوە هەیە وەکو ١ – لەکوتایی پارچە ئاوازەکەدا

٥٠ 

٢ – لەکاتی گۆرینی رابەری کێش‌دا .

٥١ 

٣ – لەکاتی گۆڕینی رابەری پەیژەی مۆسیقادا (دلیل المقام)



٥٢

**٢٠ زرمە (جوڵە) مۆسیقاییەکان (Beats) (الظربات الزمنية الموسيقية)**

وەکو باسمان کرد لەکاتی نوسینەوەی نۆتەی مۆسیقا لەسەر پلیکانەی مۆسیقادەبێ بەهۆی هێڵی شاقوڵییەوە بکرێت بەباری یەکسان لەهەموو بارێکیشدا چەند زرمەیەکی یەکسانی تێدایە (لەروی مەوداوە) بەم زرمانەش دەڵێن (Beat) .

لەهەر بارێکدا بەپێی رابەری‌کێش (دلیل الميزان) دوان یان سیان یان چوار ... هتد . زرمەی تیایە . هەریەکێ لەم زرمانەش خاوەنی هێزی خۆیەتی . وەکو زرمەی بەهێز و مامناوەندیو بێهێز . مەرجیش‌نیە هەرزرمەیەك تەنها پلەیەکی دەنگی بێت بەڵکو هەندێ جار پێك دێت لە کۆمەڵێ پلەی دەنگیو بەکۆی هەمویان زرمە مۆسیقاییەکە دروست دەبێ . بەلام دەشێ ئەوەمان لەیاد نەچێ کە دەنگی یەکەمی ئەو کۆمەڵە دەنگە بەسەرۆکی کۆمەڵەی دەنگی زرمەکە دەبژێررێ . دەنگەکانی دی بە پاشکۆی ئەو پلەدەنگیە دائەنرێن . وەکو لەم نمونەیەدا .

٥٣ 


**٢١ – جۆری زرمە کاتییەکان**

وەکو وتمان هەر بارێك لەچەند رزمەیەك پێك‌دێت بەپێی جۆری ئەو کۆمەڵە زرمانەکە بارێك دروست دەکەن لەپارچە ئاوازێکدا ئەم جۆرانەمان دێتە پێش چاو .

ا – باری دوو زرمەیی :–

زرمەی یەکەم بەهێزەو زرمەی دووەم بێهێز وەکو لەم نمونەیەدا .

٥٤ 

ب – باری سیٚ زرمه :–

زرمەی یەکەم بەهێزەو زرمەی دوەمی مام ناوەندی‌یەو زرمەی سیٚ یەمی بیٚهێزە وەکو لەم نمونەیەدا .

٥٥ 

ج – باری چوار زرمه :–

زرمەی یەکەمی بەهێزەو زرمەی دوەمی بیٚهێزو زرمەی سیٚ یەمی مام ناوەندی‌و زرمەی چوارەمی بیٚهێز وەکو لەم نمونەیەدا .

٥٦ 

**٢٢ – رابەری کێش (دليل الميزان) Time Signature**

لەبەر جیاکردنەوەی کێشە زۆرەکانی ئاوازەمۆسیقایی‌یەکان .

زانا مۆسیقایی‌یەکان هەوڵیان داوە بۆ دۆزینەوەی نیشانەیەك بۆ دیاری کردنی جۆری کێشەکە . بۆیە پێك‌هاتن بەدانانی نیشانەیەك لەسەرەتای پلیکانەی مۆسیقاوەو دوای دانانی رابەری پەیژەی مۆسیقاکە (دليل المقام) ..

ئەو نیشانەش بریتی‌بوو لەدوو ژمارەی لەسەر یەك . ژمارەی سەرو بریتی‌یە لەچەندی (عدد) زرمە مۆسیقایی‌یەکە لەهەموو بارێکدا . ژمارەی خواروش بریتی‌یە لەجۆری (نوع) کاتە مۆسیقایی‌یەکە . بەگوێرەی کاتی تەواو .

هەروەکو لە بابەتەکانی پێشوودا باسمان کرد نیشانەی روند بریتی‌یە لە کاتی تەواو ، بەگوێرەی ئەو کاتەکانی دی دەست‌نیشان دەکرێن) .

لێرەدا بەپیٚی کاتی تەواو دەست نیشانی کاتی کاتەکانی دی دەکەین

٥٧ 

وەکو ووتمان   ژمارەی سەرو چەندی (الكمية) زرمەکانمان پیشان ئەدا .

ژمارەی خواروش چۆنیەتی (نوعية) زرمەکانمان پیشان ئەدات . وەکو کێشی $\frac{2}{4}$ ژمارەی سەرو بریتی‌یە لەژمارەی دوو بەواتای بارە موسیقایی‌یەکان هەریەکەیان دوان لە جۆری ژمارەکەی خوارو کە ژمارەی چوارە (بەواتای نوار) تێدایە . (یان کۆی دوو نوار) وەکو لەم نمونەیەدا .

٥٨ 

**٢٣ – جۆری کێشەمۆسیقایی‌یەکان :– (انواع الموازين الموسيقية)**

ئەکرێن بەدوو بەشەوە

١ – کێشی سادە :–

بریتی‌یە لە وکێشەی کە زرمەکانی کاتێکی سادەبن هەریەکەیان . (یان کۆی کاتێکی سادەبێت) هەریەکە لەو زرمانە (کاتەکان) شیاوی بەش کردن بن بەسەر ژمارەی دوودا وەکو کێشی

2 2 4 4 2 4 3
2 4 2 4 8 8 4

لەرابەری کێشی $\frac{2}{4}$ دا ژمارەی زرمەکانی دوانن هەریەکەیان کۆی یەك نوار ئەکات . ئەتوانین دابەشی بکەین بەسەر ژمارەی دوودا . هەروەها کێشەکانی دی . وەکو کێشی $\frac{3}{4}$ کە بریتی‌یە لەسێ زرمە کۆی زرزرمەیەکی دەکاتە نوارێك دابەش ئەکرێت بەسەر دوودا . بەکورتی دەبێ هەر زرمەیەکی کێشەکە شیاوی دابەشکردن بێت بەسەر ژمارەی دوودا.

٢ – کێشی لێکدراو (الميزان المركب)

ئەو کێشەیە کە هەریەکە لە زرمەکانی کاتێکی لیکدراوی‌تیدابێو دابەش بکرێت بەسەر ژمارەی ٣ دا . وەکو کێشی.

6 9 6 6 12
4 4 8 16 16

بەواتای هەر زرمەیەك لە زرمەکانی بکاتە نیشانەیەکی کاتی‌و پنتێك.
وەکو لەم نمونەیەوا.

٥٩



وەکو لەو نمونەیەدا دەبینرێ کێشی یەکەم کیشی $\frac{6}{8}$ و بریتی‌یە لە دوو زرمەی لێکدراو هەر زرمەیەکی وابەش ئەکرێ بەسەر (٣)دا لەبەر ئەوەی هەر زرمەیەکی پێك‌دێت لەنوارێکی پنت‌دار . هەروەها کێشی $\frac{6}{4}$ پێك‌دێت لە دوو زرمەی بلانشی لێکدراو و هەریەکەیان دابەش ئەکرێن بەسەر سێ‌دا.

## ٢٤ – گۆڕانکاری لە کێشی سادەوە بۆ کێشی لێکدراوو بەپێچەوانەشەوە .

١ – لەکاتی گۆڕینی کێشی سادە بۆ کێشی لێکدراو پیویستە پنتێك بخەینە بەردەم هەر زرمەیەك لەزرمەکانی کێشە سادەکە تابێتە کێشیکی لێکدراو بەواتای ژمارەی سەرو لەژمارەی سێ‌بدەین . یان هەردوو ژمارەکەی سەرو خوار لە ژمارەی $\frac{3}{2}$ و بدەین بەم جۆرەی خوارەوە.

$$1 - \frac{2}{4} \times \frac{3}{2} = \frac{6}{8}$$

$$2 - \frac{3}{4} \times \frac{3}{2} = \frac{9}{8}$$

$$3 - \frac{4}{4} \times \frac{3}{2} = \frac{12}{8}$$



وەکو لەم نمونەیەی خوارەوە دا کە کێشی سادەی $\frac{2}{4}$ ، $\frac{3}{4}$ ، $\frac{4}{4}$ مان گۆڕیوە بۆ کێشی لێکدراو بەهۆی لێکدانی رابەی کێشەکەی بەژمارەی $\frac{3}{2}$ (دانانی پنتێك بۆ هەر زرمەیەکی مۆسیقایی.



٦٠

٢ – لەکاتی گۆڕینی کێشی لێکدراو بۆ کێشی سادە پێویستە ئەو کارەی لەخالی پێشودا

ئەنجامماندا بەپێچەوانەوە ئەنجامی بدەین بەواتای لابردنی پنتێك   هەر زرمەیەكی كێشە لێكدراوەكە تابێتە كێشی سادە بەش كردنی رابەری كێشی كێشە لێكدراوەكە بەسەر ژمارەی $\frac{3}{2}$ دا وەكو.

$$\frac{6}{8} \div \frac{3}{2} = \frac{2}{4}$$

$$\frac{9}{8} \div \frac{3}{2} = \frac{3}{4}$$

**خشتەی كێشە سادە ولێكدراوەكان**

٦١



**تێبینی :-**

سەرەرای ئەو كێشانەی كە باسمان كرد چەند كێشێكی موسیقای دیمار هەیە كە زادەی كێشی سادەن بەواتای دروست بوی دوان یان زیاتری كێشی سادەیە . پێیان ئەوترێ كێشی تێكەڵاو . (نابێ ئەوە لەیاد بكەین كە كێشێكی سادەو كێشێكی لێكدراو هەرگیز تێكەڵاو ناكرێن).

ئەمەش جۆرەکانی کێشی تێکەڵاون (الوزن المختلط).

١ – کێشی پێنج زرمەی (وزن ذو خمس ضربات)


لە هەربارێك لە بارەکانی دا پێنج زرمەی تیدایە تێکە ڵاوی دوو کێشی سادەن وەکو تێکەڵاوی کێشی $\frac{2}{4}$ + $\frac{3}{4}$ کە ئەکاتە $\frac{5}{4}$ یان $\frac{3}{4}$ + $\frac{2}{4}$ کە ئەکاتە $\frac{5}{4}$ وەکو لەم نمونەیەدا :

٦٢ 

٢ – کێشی حەوت زرمەیی (الوزن ذوو سبع ضربات)

بەواتای لەهەر بارێکدا حەوت زرمەی مۆسیقایی تێدایە ئەتوانرێ بە تێکەڵاوی نێوان کێشی :– $\frac{3}{4}+\frac{4}{4}$ $\frac{7}{4}$ ، $\frac{2}{4}+\frac{3}{4}+\frac{2}{4}$ ، $\frac{3}{4}+\frac{2}{4}+\frac{2}{4}$ ، $\frac{2}{4}+\frac{2}{4}+\frac{3}{4}$

دابنرێن وەکو لەم نمونەیەدا :–

٦٣ 

٣ – کێشی نۆ زرمەیی (الوزن ذو تسع ضربات)

لەهەر بارێکیدا نۆ زرمە مۆسیقایی تیدایە ئەتوانرێ بەتێکەڵاوی نێوان کێشە سادەکانی وەکو:–

$\frac{2}{4}+\frac{3}{4}+\frac{4}{4}$ ، $\frac{2}{4}+\frac{3}{4}+\frac{2}{4}+\frac{2}{4}$ ، $\frac{3}{4}+\frac{4}{4}+\frac{2}{4}$ ، $\frac{3}{4}+\frac{2}{4}+\frac{2}{4}+\frac{2}{4}$

وەکو لەم نمونەیەدا

٦٤ 

**تێبینی :–**


هەندێ جار لەبەر ئەوەی لە گۆڕینی کێشێکی لێکدراوەوە.بۆکێشێکی سادە توشی هەندێ گیرو گرفتی بیرکاری دەبێت . بەهۆی نەبونی کاتی جیاوازی زۆر ورد . هەندێ جاریش ژمارەی کۆی زرمەکە دابەش ناکرێ بەسەر سیٚدا ( وەکو لەمەوبەر باسمان کرد لەکاتی گۆڕینی کێشی لێکدراو بۆ کێشی سادە ) لەبەرئەوە زانایان بیریان لەوە کردەوە کە هەندێ بەش کردنی نائاسای بێننەکایەوە بۆرزگار بوون لەوتەنگ و چەڵەمەیەو قورتار

بوون لەوەی کە پلەدەنگیەکان لابەرن . وەکو لێرەدا باسی ئەکەین .

١ – سیانی ( ثلاثی ) Triplet .

بەواتای بەش کردنی کاتێکی مۆسیقایی بەسێ بەشەوە . هەربەشەیان یەکسانە بەوی دی . ژمارەی (3 ) لەسەر یا لەژێر ئەو سێ نوتەیەوە دائەنرێ کۆی هەرسێکیان کاتێك گەورەتر لەخۆی . بەواتایەکی دی سێ جۆر لەوکاتەی کە ژمارەی ( 3 ) کەی لەسەر دائەنرێ لەمەودای دوان لەو شێوەیەدا لێ ئەدرێ وەکو لەم نمونەیەدا .

٦٥





هەروەها


نۆتەی ژمارە سیانی هەندێ جار مەرج نیە تەنها سێ نۆتەبن بەڵکو کۆکەیان دەکاتە سیان وەکو لەم نمونەیەدا

٦٦



هەروەها هەندێ جار نیشانەی پشوو جێگای یەکێ یا زیاتر لەنوتەیەك دەگرێ وەکو لەم نمونەیەدا .


٦٧




٢ – هەروەها چەند جۆرە بەشکردنێکی دی هەیە وەکو :–


١– پێنجی ( خماسی ) :– کۆی پێنجکان ئەکاتە یەك کات ژمارەی ( 5 )لەسەریان لەژێری ئەنوسرێ . بەواتای ئەو پێنجکاتە لە مەودای چوار کات لە شێوەکەی خۆی دەژەنرێ وەکو لەم نمونەیەدا :

٦٨





٢ – شەشی ( سداسي )کۆی شەش نۆتە ئەکاتە یەك جۆرکات ژمارەی ( 6)لەسەریان لەژێری ئەنوسرێ بەواتای شەش نۆتە لە مەودای چوارنۆتە لە شێوەکەی خۆی ئەژەنرێ وەکو لەم نمونەیەدا .

٦٩




٣ – حەوتی ( سباعی ) کۆی حەوت نۆتە ئەکاتە یەك جۆرکات ژمارەی حەوت لەمەر یا لەژێری ئەنوسرێ وەکو لەم نمونەیەدا .

٧٠ 

**تێبینی** :- ئەم سێ بەشەی کۆتا لە کاتی گەڕاننەوەی کێشی تێکەڵاو بۆکێشی سادە دروست دەبن لەبەر ئەوەی ناشێ پلەی دەنگی لاببرێ بۆیە توشی ئەم جۆرە دابەشکردنانە دەبین .



## ٢٥ جۆرەکانی کێش :–

وەکو باسمان کرد ، کێش رەگەزێکی بنەرەتی مۆسیقایەو هەمو پارچە ئاوازێك کێشێکی تایبەتی خۆی هەیە ، بەپێی رابەری کێشەکەی چەند زرمەیەکی تیادایە . گەرهاتو ئەو زرمانە بەئاسای بە کارهاتن (بەواتای هەریەکەیان لە شوێنی تایبەتی خۆیاندا لێدران ) ئەوا پێیان ئەوترێ کێشی ئاسایی . بەلام هەندێ جار هەندێ زرمەی بەهێز یان بێهێز یان مامناوەندی بارەکە لە جێگای خویدا لێنادرێن ، یان جێ گۆرکێیان پێئەکرێ . بەم جۆرە کێشەکە لە شیوەی ئاسایی خۆی دەرئەچێو پێی نالێن کێشی ئاسایی . چەندا جۆرێك لەو کێشانە هەیە .

١ – کێشی زرمە دواکەوتو ( ایقاع مؤجل النبرات )جۆرێکە لە کێشی نائاسایی زرمە بێهێزەکان جێی زرمە بە هێزەکانیان گرتووە وەکو لەم نمونەیەدا .

٧١ 

لەو نمونەیەدا کێشی ($\frac{4}{4}$)ە . بەواتای چوار زرمە لەبارێکدا هەیە ، زرمەی بەهێز ، بێهێز ، مامناوەندی ، بێهێز ) زرمەی یەکەم ئەبوایە بەهێز بوایە ، بەلام نیشانەی پشوودان دانراوە لەبری . بەواتای ئەوە ناژەنرێ زرمەی دوای ئەو ئەبوایە بێهێز بوایە ، کەچی ژەنین لەو یوەدەست پێئەکا هێز ئەکەوێتە لای ئەو . زرمەی سێیەم لەگەل زرمەی دووەم دابەیەك ژەم لێئەدرێن. زرمەی چوارەم لەگەل زرمەی بەهێزی باری نوێ دا بەنیشانەی بەستنەوە بەیەکەوە بەستراون بەواتای ئەوەی لەباری دوەمیشدا زرمەی بەهێز کەوتۆتە زرمەی دووەمکە دەبوایە بێهێزبوایە .

**٢ – کێشی ناکۆك ( الوزن المضاد )**

ئەوکێشەیە کە هەردەم زرمە بێهێزەکان لێئەدرێن و زرمە بەهێزەکان بەهۆی نیشانەی پشووەوە لێنادرێن وەکو لەم نمونەیەدا .

٧٢ 

## ٢٦ تیژ رەوی کێش (سرعة الایقاع) — Tempo

بریتی یە لەپلەی خێرایی و خاوی کێشی پارچە مۆسیقاکە . لەهەموو پارچە ئاوازێکدا پێویستە

پلەی خێرایی و خاوی دەست نیشان بکرێت بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی تەواوو بێ کەم و کوڕی بژەنرێت . بۆیە زانایانی مۆسیقا هەوڵیان داوە کە ئەم پلەی خیراییە بەهۆی ئامێرێکەوە دەست نیشان بکەن کە پێی ئەوترێ :—

**میترۆنۆم Metronom.**

هەرکەسێ ئاوازێك دادەنێ فەرمانی سەرشانی یەتی کە تیژرەوی ئاوازەکەی دیاری بکات ، تاگۆرانی بێژ یامۆسیقا ژەن ئاوازەکە بەرێك وپێکی و بێ تەتەڵە کردن بخاتە بەرگوێ بۆیە زانایەکی ئەڵەمانی کە ناوی (یۆهان میلتزل) بوو لەمیکانیکدا زۆر شارەزابوو (ساڵی ١٧٧٢ز شاری (رایتربون)ی ئەڵەمانی لەدایك بووە ساڵی ١٨٨٢ز کۆچی دوای کردوە) . ئامێرکی دروست کرد ناوی نامیترۆنۆم . زۆر جار بەناوی خۆیەوە ناوی ئەبەن و پیێ ی دەڵێن میترۆنۆمی میلتزل M.M ئامێرێکە بەندۆڵێکی هەیە وەکو بەندۆڵی سەعاتی چاڵمە لەبنەوەی قایم کراوە ، قورسایی یەکی پێوە کراوە کە بەئاسانی سەرو خوار دەکات بەسەر بەندۆڵەکەدا. تا ئەم قورساییە بۆ سەرەوە بچێ چولاندنەوەی بەندۆڵەکە خاوتر ئەبێت .

تابۆ خوارەوە بچێ جولاندنەوەی خێراتر ئەبێ . ئەم بەندۆڵە لەبەردەم راستەیەکدایە دێت و دەچێ کراوە بەچەند بەشێکەوە هەر بەشەش ژمارەیەکی لەسەر نوسراوە . بۆ نمونە گەرقورسایی یەکەمان هێنایە بەردەم ژمارەی (٦٠) ئامێرەکەشمان قورمیش کردوو بەندۆڵەکەمان خستە جوڵە . بەندۆڵەکە لە دەقیقەیەکدا شەست جار دێت و دەچێ بەواتای لە سانیەیەکدا یەك جار دەجوڵێ هەندێ جاریش لەسەرەتای پارچە ئاوازێکدا ئەبینن ژمارەی (80 ♩ M M) نوسراوە .

M M یانی میترۆنۆمی میلتزل ژمارەی (80♩) یانی ئەو قورسایی یەی سەر بەندۆڵەکە پێویستە بخرێتە بەردەم ژمارەی (80)چونکە خێرای ئاوازەکە بریتی یە لە ٨٠ نوار لەیەك دەقیقەدا. جا لە مۆسیقادا خێرای هەموو ئاوازێك ناوێکی تایبەتی هەیە بۆیە لە میترونۆمدا ئەو زاراوە یەی لەو جۆرە خێرایی یەی دەنێن لەوبەری ژمارەکەوە نوسراوە وەکو لەم وێنەیەدا :—



٧٣

پلەی خێرایی وەکو هۆیەك لە هۆیەکانی دەربرینی مۆسیقا لەسەر جۆری ناوەرۆکی پارچە مۆسیقاکە بەندە . پلەکانی خێرایش هەروەك زۆربەی زۆری مۆسیقارە ئیتالیەکان لە ئاوازەکانیاندا دابەشیان کردوە بەسێ بەشەوە :

١ – خاو ٢ – ناوەندی ٣ – خێرا

| جۆری پلەکە | بە کوردی | بە عەرەبی | بەئیتالی خێرا | ژمارەی زرمە لە چرکەیەکدا |
|---|---|---|---|---|
| پلەخاوەکان | زور خاو | بطي جداً | Grave | 40 - 42 |
| | لەسەرخۆ بەبلاوی | اريث باتساع | Largo | 44- 48 |
| | لەسەرخۆی تەواو | رائث | Lento | 50-52 |
| | لەسەرخۆ | ماهل | Adagio | 54 - 58 |
| | کەمتر لەسەرخۆ | اقل مهلاً | Larghetto | 60 - 63 |
| | کەمتر لەسەرخۆ لەلارجیتو | اقل مهلا من السابق | Adagitto | 6 - 69 |
| پلەمامناوەندیەکان | بەشێنەیی | ادنی | Andante | 72 - 76 |
| | خاو | وان | Andantino | 0 - 84 |
| | خۆگرتو | متحفظ | Mestoso | - 92 |
| | ناوەندیيە لەناردنا | معتدل على الرسل | Maderato | - 100 |
| پلە خێراکان | پەلە | عاجل | Allegretto | - 116 |
| | بەپەلە | بعجل | Animato | 20 - 126 |
| | پەلەتر | اعجل | Allegro | 32 - 138 |
| | خێرا | سريع | Assti | 44 - 152 |
| | خێرا تر | بسرعة اكثر | Vivace | 168 |
| | زۆر خێرا | سريع جداً | Presto | 76 - 184 |
| | دوا پلەی خێرایەتی | في منتهى السرعة | Prestisimo | 92 - 208 |

هەروەها لەپای چاك دەست نیشانکردنی ئەو پلانە ئەم ناو لێنانەش دەکرێتە پاشکۆی

| | | |
|---|---|---|
| زۆر | كثيراً | Molto |
| گەلێك زۆر | كثير جداً | assai |
| بەتەوژمەوە | بتدفق | Conmoto |
| بێدەست بلاوی | بدون اسراف | Non troppo |
| بەم زۆریە نەء | ليس بهذا الكثرة | Non tanto |
| هەمیشە | على الدوام | Sempre |
| کەمترین خێرایي | اقل سرعة | Meno Moso |
| زۆر هەڵچوو | منفعل جداً | Piu Moso |

هەروەها بۆ مەبەستی زیاتر برەودان بەدەربڕینی مۆسیقا . لە کاتی پێشکەشکردنا . زانا مۆسیقاپی‌یەکان ئەم زاروانەشیان داناوە بۆ نیشاندانی بەرە بەرەخاو کردن یاخێرا کردن .

| | | | |
|---|---|---|---|
| بۆ خاو کردنەوە | بەخاوی | بتأن | Ritrdando |
| | لەسەرخۆ بەشێنەی | فبطأ باتساع | Allargando |
| | بەشێنەنی | ببطء | Rellentando |
| بۆ خێراپی | بۆچالاکی | بنشاط | Aminando |
| | بەپەرۆشەوە | حثيثا | Stringendo |
| | بەپەرۆش لەپەلەییدا | حثيثا في الاسراع | Stretto |

هەروەها بۆ دەست نیشان کردنی گەڕانەوەی خێراپی یان خاوکردنەوە بۆ شێوە ئاساپی‌یەکەی خۆی ئەم زاراوانە بەکاردێت .

| | | |
|---|---|---|
| بەهەمان خێرابی | بنفس السرعة | atempo |
| بەیەکەم خێرابی | بالسرعة الاولى | Tempo Premo |
| بەخێراپی پێویست | بالسرعة المطلوبة | Tempo |

بەبێ گۆڕینی خێرابی‌یەکەی پێشوو(بدون تغير سرعة السابق) . Tistesso Tempo



## ٢٧ ـ پێناسه كردنی كێشه مۆسیقاییەكان


مانای ڕێنمایی كردنی ژەنینی مۆسیقایەو بریتی‌یە لە جولاّندنەوەی دەست بەشێوەیەكی زانستیو دەرخستنی زرمەكانی پارچە ئاوازەكە .

لە كاتی گۆرانی وتنی كۆمەڵدا (الانشاد الجماعی) (الكورال) یان ژەنینی پارچە ئاوازێك لەلایەن كۆمەڵێ ئامێر ژەن یان تیپێكی ئۆركسترای گەورە .

پێشەواكەیان بەجولاّندنی دەستی، ئاماژەی تایبەتی ئەكاو هەمو جۆرە دەست جولاّندنەوەیەك پێناسەی كێشێكی مۆسیقایە . ئەم كارە گەورەیەش بەشێكە لەبەشە گرنگەكانی زانیاری مۆسیقا ، لەڕێگای خوێندنەوە فێری ئەبن‌و نرخی ئەم كارەش لەنرخی بەشەكانی دی مۆسیقا كەمتر نیە ، ئەبێ زانیاری‌یەكی تەواو پەیدا بكا لە هەموو ڕووەكانی مۆسیقا تا ئەم كارەی پێ ئەسپێررێ .

لێرەدا دەست نیشانی چەند جۆرێك لەو ئاماژانە دەكەین .


١ ـ گەر كێشەكە $\frac{2}{4}$ بوو واتای ئەوەیە دوو نوار (دوو زرمە) لە بارێكدا هەیە ئاماژەی دەستەكەی بەم شێوەیە .




٧٤

بەواتای هێنانی دەست لەسەرەوە بۆ خوارەوە یەك جارو گەڕاندنەوەی بۆ سەرەوە بارێكی دی (هەر ئاماژەیەكیش مانای زرمەیەكی مۆسیقایە) .


٢ ـ گەر كێشەكە $\frac{3}{4}$ بوو ئەوا جولاّندنی دەست بەو شێوەیەی لای خوارەوەیە .




٧٥

٣ - گەر کێشەکە $\frac{4}{4}$ بوو ئەوا جولاندنی بەم شێوەیەیە:

٧٦




**تێبینی** :-

ئەو بابەتەی پێشوودا تەنها ئاماژەی کاتە سادەکانمان رون کردۆتەوە . بەڵام نابێ ئەوەشمان لەیاد بچێ کە کاتە لێکدراوەکانیش هەروەکو ئەمانن . کاتە تێکەڵاوەکانیش تێکەڵاوی نێوان چەند کاتێکی ترن . بەواتای ئاماژەی ئەو کێشانە تێکەڵاو دەبن تا ئاماژەیەکی نوێی لێ دروست دەبێ .

## ٢٨- ئەدگاری بار(خصائص المازورە)

لەمەوبەر باسی بارکراو چۆنیەتی دروست کردنی فێربوین،زانیمان چی لە نێوانیاندا دەنوسرێ

لێرەدا باسی هەندێ شتی دی دەکەین کە تایبەتن بەبار .

١ - ئەگەر هاتوو نیشانەی پشوودان یەك باری تەواو بوو ئەوا بەم شێوەیە دەنوسرێ :

٧٧



٢ - گەر نیشانەی پشوو لەبارێك زیاتر بوو تا چوار بار ئەوا بەم شێوەیە دەنوسرێ .

٧٨



٣ – گەر نیشانەی پشوو لە چوار بار زیاتر بوو ئەوا بەم شێوەیە دەنوسرێ :

۷۹ 


٤ – گەر سەرەتای پارچە ئاوازەکە بەنیشانەی پشوو دەستی پێ‌کرد ئەوا ئەوکۆمەڵە پشوودانە نانوسرێ تەنها بەژمارەیەك لەسەرەتای پارچە ئاوازەکەدا دەنوسرێ .

## ٢٩ – نیشانەی دووپات کردنەوە (اشارات الاعادة)

لە نوسینەوەی نۆتەی مۆسیقادا هەندێ جار پێویست دەکات بەشێ یان رستەیە یان باریك ... هتد دوپات بکرێتەوە . بۆ ئەوەی سەر لەنوێ نۆتەکە نەنوسرێتەوە زانایان چەند هێمایەکیان هێناوەتەکایەوە بۆ ئەم مەبەستە :–

١ – دوو هێڵی خاڵدار :

بریتی‌یە لە دوو هێڵ و دوو خاڵ لە پشتی رستەیەك یان بەشێك یان سەرانسەری پارچە ئاوازەکەوە دەنوسرێ بەمەبەستی دووپات کردنەوەی ئەوبەشەی دەکەوێتە نیوان دووان لەم هێمایەوە

۸۰ 

هەروەها لەهەندێ کاتدا کە بەشێك لە پارچە ئاوازەکە دوپات دەکەنیەوە، باری کۆتایی‌یان چەند بارێکی ئەوبەشەی کە ئەمانەوێ دوپاتی کەینەوە گۆرانی تیایە . لەم کاتەدا لە جاری یەکەمدا پارچەکە وەکو خۆی لیٚ‌ئەدرێ وژمارەی (١) ئەخرێتە سەر ئەوبەشەی کە لە دووپات کردنەوەدا لیٚ نادرێ و ژمارەی دوو (2) ئەخرێتە سەر ئەوبەشەی دی کە لە جیاتی بەشی یەکەم لەدووپات کردنەوەدا لیٚ‌ئەدرێ وەکو لەم نمونە یەدا :–

۸۱ 

٢ – داکاپۆ (Dacapo)

ووشەیەکی ئیتالی‌یەو کورت کراوەکەی (D. C) یە .


لە کۆتای پارچە ئاوازێکدا دەنوسرێ بەواتای سەر لە نوێ لێ‌دانی، تادەگەینە ووشەی کۆتا (fine) وەکو لەم نمونەیەدا :




٣ – سیینۆ (Dal Segno)

نیشانەیەکە بەواتای دووپات کردنەوەی ئەو بەشەی دەکەوێتە نیوان دوان لەم نیشانەیەوە وەکو لەم نمونەیەدا

٨٣



٤ – کۆدا (Coda) یان رێنڤای Renvai هێمایەکی مۆسیقایە،ئەو بەشەی دەکەوێتە نێوان دوان لەم نیشانەیەوە لە دووپات کردنەوەدا فەرامۆش ئەکرێ وناژەنرێ وەکو لەم نمونەیەدا . .



٨٤

٥ – نیشانەی گڕی‌و تیژی (قرارو الجواب)

لەکاتی نوسینەوەی نوتەی‌مۆسیقادا . لەبەر ئاسانی خۆنیدنەوەو جوانی نوسینەوەی‌و لەبەر کەمی بەکار هێنانی هێڵە زیادە یارمەتی دەرەکان نیشانەی (٨V٠٠٠٠٠) بەکار ئەهێنرێ لەسەریان لەژێر پلیکانەی مۆسیقاوە . جا گەر لەسەروی پلیکانەی مۆسیقاوە نوسرا ئەوا بەواتای ژەنینی ئوکتاڤێك سەروێ ئەو دەنگانەی کە نوسراون وەکو لەم نمونەیەدا .

٨٥





بەلاّم گەر لە ژێر پلیکانەی مۆسیقاوە نوسرا ئەوا بەواتای ئەو نۆتانەی ئەم هێمایەیان بۆ نواسراوە ئۆکتافێك گرتر ئەژەنرێن.

٨٦




٦ - هەندێ هێمای دووپات کردنەوەی ترمان هەیەکە لەکاتی ژەنینی پارچە ئاوازیکدا بەم جۆرانەی خوارەوە دەیان بینین
دووپات کردنەوەی زرمەیەکی مۆسیقا (یان کۆی زرمەیەکی)

٨٧




٢ - دووپات کردنەوەی بارێکی مۆسیقا وەکو لەم نمونەیەدا

٨٨



٣ - دووپات کردنەوەی دووبار. دەکو لەم نمونەیەدا.

٨٩



## ٣٠) پەیژەی مۆسیقا (السلم الموسیقی)

(The Scale)

بریتی‌یە لە دانانی حەوت دەنگی مۆسیقا بەشێوەیەکی یەك لە دوای‌یەك لەبنکەوە تا

پلەی دەنگی حەوتەم یان بەپێچەوانەوە (دەنگی هەشتەم دووپات کردنەوەی دەنگی یەکەمەو پیێ ئەوترێ ئۆکتاف وەکو لەم نمونەیەدا:




٩٠

چەند جۆرێ لە پەیژەی مۆسیقامان هەیە . لێرەدا یەکە یەکە باسیان دەکەین .

١ – پەیژەی رێكوپێك (السلم المنتظم) پەیژەی دیاتۆنی: پێك دێت لە ژەنینی حەوت دەنگی یەك لە دوای یەکی رێكو پێك لەگەڵ دووپات کردنەوەی دەنگی هەشتەم . بەبێ ئەوەی پلە دەنگیەك جگە لە جارێ زیاتر دووپات بکرێتەوە (جگە لە پلەی هەشتەم) وەکو لە هەمان نمونەی پێشودا دەردەکەوێ .

وەکو ووتمان پەیژەی دیاتۆنی پێك دێت لە حەوت دەنگی یەك لەدوای یەك مەودای نێوان دەنگەکانی بریتین لە دەنگی تەواویان نیوە دەنگی .

٢ – پەیژەی رەنگاو رەنگ (السلم الملون)
(Cromatic Scale)

بریتی یە لەو پەیژە مۆسیقایەی کە لە نێوان دەنگەکانیدا نیوپلەی دەنگی هەیە (لەکاتی خۆیدا بەفراوانی باسی دەکەین)

**٣١) پەیژەی دیاتۆنی :– ((Diatonic Seale)**

لێرەدا پێویستە بزانین ئەو میانانەی دەکەوتنە نێوان دەنگەکانی پەیژە مۆسیقاکانەوە بریتی یە لەچی ؟ .

مەودای نێوان پلەکانی پەیژە مۆسیقایی یەکان یەکسان نین . بە پیێ جۆرەکانی پەیژەی مۆسیقا دەگۆرێ . لەو مەودا دەنگیانە هەندێکیان پلە دەنگیەکی تەواوە کە نیشانەی (T) کە کورت کراوەی ووشەی (Tone)ەی بۆ بەکاردێت . هەندیکێشیان نیوە دەنگن کە نیشانەی (S) کە کورت کراوەی ووشەی (Simmi Tone)ەی بۆ بەکار دێت کەواتە دوو جۆرن:

– جۆری یەکەم میانەی تەواو(دەنگی تەواو) Tone کە بریتی یە لە پلەیەکی دەنگی تەواو

– جۆری دووەم نیوە دەنگ (Simmi Tone) کە بریتی یە لەنیوە پلەیەکی دەنگی . ئەمەش دوو جۆری هەیە

١ – نیوە دەنگی دیاتۆنی : بریتی لە گۆرینی پلە دەنگیەکە بەرەو بڵندی یان نەوی کردنی بەهۆی نیشانەی گورێنەوە بەمەرجێ ناوی پلە دەنگیە کەبگۆری وەکو نیوە دەنگی نیوان دودێز بۆرێ یان رێ بیمول بۆ دۆ . وەکو لەم نمونەیەدا .

٩١ 

نیوەمیانەی دیاتۆنی

٢ – نیوە دەنگی کرۆماتی :– بریتیە لەو گۆرینەی لەنیوان پلەیەکی دەنگی دا روئەدات بەرەو بڵندی یان نەوی کردنی بەمەرجێ ناوی هەمان پلەی دەنگی بمێنێتەوە . وەکو بڵند کردنی پلەی دەنگی (دۆ بۆ دۆ دێز یان رێ بۆرێ بیمولێ) وەکو لەم نمونەیەدا

٩٢ 

نیوەمیانەی کرۆماتی

پەیژەی دیاتۆنی دەکرێتە دوو بەشەوە

١ – پەیژەی گەورە (السلم الکبیر) Major Scale

٢ – پەیژەی بچوك (السلم الصغیر) Minor Scale

**٣٢) پەیژەی گەورە : (Magor Scale)**

پێك دێت لەیەك لەدوای یەك هاتنێکی سروشتی هەشت دەنگی مۆسیقا .

بەمەرجێ لەنیوان پلە دەنگیەکانیدا میانەیەکی تەواو هەبێت جگە لە مەودای نیوان پلەی (سێیەم‌و چوارەم) و حەوتەم‌و هەشتەم) کە نیو پلەی دەنگی هەیە .

بۆیە بەپەیژەی گەورە دەناسرێت لەبەر ئەوەی لە نیوان پلەی یەکەم‌و پلەی سێیەمدا میانەیەکی سیانی گەورە هەیە .

ـ میانەی نیوان پلە دەنگیەکانی پەیژەی گەورە ـ

١ – لەنیوان پلەی یەکەم‌و دووەمدا میانەیەکی تەواو (گەورە) هەیە T

٢ – لەنیوان پلەی دوەم‌و سێیەمدا میانەیەکی تەواو (گەورە) هەیە T

٣ – لەنیوان پلەی سێیەم چوارەمدا نیو میانەی دەنگی (بچوك) هەیە S

٤ – لەنیوان پلەی چوارەم‌و پێنجەمدا میانەیەکی تەواو (گەورە) هەیە T

٥ – لەنیوان پلەی پینجەم‌و شەشەمدا میانەیەکی تەواو (گەورە) هەیە T

٦ – لەنیوان پلەی شەشەم‌و حەوتەمدا میانەیەکی تەواو (گەورە) هەیە T
٧ – لەنیوان پلەی حەوتەم‌و هەشتەمدا نیو پلەی دەنگی (بچوك) هەیە S

ئەم یاسایە (یاسای دەست‌نیشان کردنی مەودای نیوان پلە دەنگیەکانی) بەو جۆرەی باسمان کرد بۆ هەموو پەیژە گەورەکانی دی ئەبێت بەواتای لەهەر پلەیەکی دەنگی‌یەوە بمانەوێ پەیژەیەکی گەورە دروست بکەین دەشێ ئەم یاسایەی بەسەرا بسەپێنین .

## ٣٣) جۆرەکانی پەیژەی گەورە :

پەیژەی گەورە سێ جۆرە

١ – پەیژەی گەورەی سروشتی :– السلم الکبیر الطبیعي

میانەی پلە دەنگیەکانی بەشێوەی ئەو یاسایەیە کە باسمان کرد وەکو لەم نمونەیەی خوارەوەدا

٩٣




بەپیێ ئەو نمونەیە مەودای نیوان دەنگەکانی پەیژەی دۆێ گەورەی سروشتی بەم جۆرەیە

لەسەر چوندا (صعوداً)



١ – I ← T — II
٢ – II ← T — III
٣ – III ← S — IV
٤ – IV ← T — V
٥ – V ← T — VI
٦ – VI ← T — VII
٧ – VII ← S — VIII

لەخوار چوندا (نزولاً) :–

بەهەمان شێوەیەو گۆرانکاری تیادا نیە .

٢ – پەیژەی گەورەی هارمۆنێك :–

بریتی لە هەمان پەیژەی گەورەی کە باسمان کرد ، جگە لەوەی پلەی شەشەم نیو پلەی دەنگی نەوی دەکەینەوە بەهۆی نیشانەی گۆڕینی لاوەکی یەوە (لە ڕابەری مقامدا نانوسرێ) . بەواتای ئەوەی لە پەیژەی دۆی گەورەدا (domajor) کە پلەی شەشەم دەنگی (A) دەکات دەشێ بکرێتە دەنگی (Ab) لابێمۆل . بەواتای میانەی نێوان پلەی پێنجەمو شەشەم دەبێتە نیو پلەی دەنگیو میانەی نێوان پلەی شەشەمو حەوتەم دەکاتە میانەو نیوێك (Ts) .

ئەم گۆڕانکاریەش لەسەر چونو خوار چونیشدارووەدەدات وەکو لەم نمونەیەدا :–




٩٤

٣ – پەیژەی گەورەی میلۆدی :–

هەمان پەیژەی گەورەیە بەڵام لە ساتی سەرچووندا پلەی دەنگی شەشەمو پلەی حەوتەم هەریەکەیان نیوپلەی دەنگی نزم دەکەنیەوە بەهۆی نیشانەی گۆڕینی لاوەکی یەوە بەواتای گەر لەپەیژەی دۆی گەورەدا بوین ئەوا دەنگی لا (A) کە پلەی شەشەمەو دەنگی سی (B)کە پلەی حەوتەمە هەریەکەیان دەکەینە بیمۆڵ بەواتای میانەی نێوان پلەی پێنجەم شەشەم دەبێتە نیو میانەی دەنگی (S) میانەی نێوان پلەی شەشەم حەوتەم دەبێتە میانەیەکی دەنگی (T) میانەی نێوان پلەی حەوتەمو هەشتەم دەبێتە میانەیەکی دەنگی (T) وەکو لەم نمونەیەدا :–




٩٥

**٣٤) چوار دەنگی – التربیع – تیترا کورد Tetra Chord**

ووشەی تیترا کۆرد ووشەیەکی یۆنانی یە لێکدراوی نێوان ووشەی (Tetra) بەواتای چوار ووشەی (Chord) بەمانای دەنگ (النغم) دێت . یەك لەدوای یەك هاتنی چوار دەنگی مۆسیقا پی‌ی دەوترێ تێترا کۆرد لەبەر ئەوەی پەیژەی مۆسیقا بریتی یەلە هەشت دەنگی یەك لە دوای یەك (بەدووپات کردنەوەی دەنگی بنچینەیی).کەواتە پێك دێت لە

دوو چوار دەنگی (دوو تێترا کۆرد) . چوار دەنگی یەکەم (بەشیخوارو پیی دەوترێ تێترا کۆردی خوارو یام تێترا کۆردی نەوی . چوار دەنگی بلّندیش (سەرو) پیی دەوترێ تێترا کۆردی بلّند (علوی) یان تێترا کۆردی دووەم . بەواتای تێترا کۆردی خوارو تێترا کۆردی یەکەم دەگرێتەوەو تێترا کۆردی بلّندیش تێترا کۆردی دووەم دەگرێتەوە وەکو ئەم شێوەیە .

٩٦





**٣٥) بنیات نانی پەیژەی نوێ بەهۆی تێتراکۆردەوە**

هەموو تێترا کوردێك لەپەیژەی گەورەدا ئەتوانێ ببێتە هۆی دروست کردنی پەیژەیەکی نوێ .

بەواتای گەر تێترا کۆردی یەکەمان وەرگرت ئەوا ئەتوانین پەیژەیەکی مۆسیقای نوێی لێ دروست بکەین ، هەروەها گەرتێترا کۆردی دوومان وەرگرت ئەتوانین دیسانەوە پەیژەیەکی نوێی لێ دروست بکەین

بۆنمونە :– ١ – گەر لە پەیژەی دۆی گەورەدا تێترا کۆردی دووەمان وەرگرت و کردمانە بنچینەی پەیژەیەکی نوێ ، بەواتای تێترا کۆردی سەرومان بۆ دانا ئەوا پەیژەیەکی نوێمان دەست ئەکەوێ لەسەر پلەی دەنگی سۆلّ . وەکو لەم نمونەیەدا

٩٧




لەو نمونەیەی سەرەوەدا تێترا کۆردی دووەمی پەیژەی نوی گەورەمان وەرگرت کەپلەی دەنگی سۆڵ دەبێتە پلەی بنکەیی وکردمانە تێترا کۆردی یەکەم لە پەیژەیەکی نوی‌داو تێترا کۆردی دووەممان بۆدانا . بەم کارە پەیژەیەکی نوێمان دەستکەوت کەپەیژەی سۆڵی گەورەیە . بەلاّم بەپیێ یاسای میانەی (ابعاد) نێوان دەنگەکانی پەیژەی گەورە دەشێ دەنگی حەوتەم‌و هەشتەم نیو میانەیی بێت . بۆیە بەهۆی نیشانەی گۆڕینەوە دەنگی حەوتەم کە دەنگی (فا) یە نیو پلەی دەنگی بڵندی دەکەین تابێتە نیو مەودای دەنگی لەگەڵ دەنگی هەشتەمدا .

بەم جۆرە گەر لەم کارەدا بەردەوام بین ئەتوانین ئەو پەیژە گەورانەی کە نیشانەی بڵند کەرەوەیان تیادایە وەدەست بهێنین بەلاّم دەشێ لە هەموو جارێکدا نیشانەیەکی بڵندکەر بخرێتە پاڵ دێزەکانی دیو . نیشانەی دێزەکان بەم جۆرە لەزیاد بووندا دەبن

– (فدصر لمس)–

واتە بەم شێوەیەی خوارەوە .




٩٨

**تێبینی**

بۆ ناسینەوەی پەیژە دێزدارەکان پێویستە سەیری ئەو کۆمەڵە دێزەبکەین کە لەرابەری پەیژەکەییدا (دلیل المقام) نوسراوە .

پاشکۆترین بڵندکەرەوە (دێز) کامە بوو ئەوا نیو پلەی دەنگی سەروی ئەو نیشانەیە بنچینەی پەیژە مۆسیقاکەیە .

بۆ نمونە گەر رابەری پەیرەیی پەیژەیەکی مۆسیقا تەنها نیشانەی فادێزی تێدا بوو ئەوا دەنگی سۆڵ کە نیو پلەی دەنگی بلند ترە لەفا دێزەکەوە بنچینەی پەیژە مۆسیقاکەیە . بەواتا ئەو پەیژەیە ، پەیژەی سۆڵی گەورەیە .

هەروەها گەر هاتوو رابەری پەیژەکەی (دلیل المقام) سێ بڵند کردنەوەی تیا بوو . بەپێی یاسای دێزەکان (فدصرلمس) کە کورت کراوەییان پیتی یەکەمی زنجیرەی دەنگە مۆسیقایی‌یە دێزەکانن بەواتای بەو جۆرە لەدوای یەك دێن . ئەوا دێزەکانی فاو دۆو سۆڵەو پاشکۆ ترین بڵندکەرەوە کە لەسەر پلەی دەنگی سۆڵە بەواتای سۆڵ‌دێزە نیو پلەی دەنگی سەروی ئەم بڵندکەرەوەیە کە دەنگی لایە دەبێتە بنچینەی پەیژەی

مۆسیقاکە . بەواتای پەیژەی لای گەورەیە .

٢ - ئاشکرایە کە پەیژە گەورەکانی مۆسیقا تەنها ئەو پەیژانە نین کە خاوەنی نیشانەی بڵندکەرەوەن . بەڵکو پەیژەی مۆسیقاش هەیە کە نیشانەی نەوی کەرەوەی تیادایە . لەم ساتەدا هەر بەرێگای تێترا کۆرد ئەتوانین ئەوانیش بنیات بنرێن . بەڵام بۆ پەیژەی گەورەکانی کە نیشانەی نەوی کردنەوە (بێمولّ)ی تیادایە ئەشێ رێگایەکی دی بگرینە بەر کە بەپێچەوانەی رێگای پەیژەی بڵندکەرەوەکانە . ئەو رێگایەش بریتییە لە :— وەرگرتنی تێترا کۆردی یەکەمی پەیژەی دۆی گەورەو کردنی بەتێترا کوردی دووەم . بەوتای تێترا کۆردی یەکەمی نوێی بۆ بنیات بنێن وەکو لەم نمونەیەدا :—

٩٩





لەو نمونەیەی پێشوودا پەیژەی دۆی گەورە (کەدوو تێترا کۆردی تیایە) تێترا کۆردی یەکەمان وەرگرتوەو کردومانەتە تێترا کۆردی دووەمو بۆیە تێترا کۆردی یەکەمی نوێمان بۆ بنیات ناوە تا پەیژەیەکی گەوەرەی نوێ لێ بنیات بنێن . یەکەم دەنگی تێترا کۆردی (یەکەم) یا کۆتای پلە دەنگیەکانی تێترا کۆردی دووەم دەکاتە دەنگی (فا) بۆیە دەبێتە بنچینەی پەیژە گەورە نوێ کە . کەواتە پەیژە مۆسیقا نوێکە پەیژەی فای گەورەیە .

بەڵام پێویستە یاسای مەودای نێوان پلە دەنگیەکانی پەیژەی گەورەمان لەبیر نەچێت بۆیە دەنگی چوارەمی تێتراکۆردە نوێ کە (تێترا کۆردی یەکەم) دەبێ نیو پلەی دەنگی نەوی بکرێ (چونکە جۆری ئەو یاسایە ئەوەمان بەسەردا ئەسەپێنێ) . کەواتە دەنگی چوارەمی پەیژە نوێکە کە دەنگی سی دەکات دەشێ نیو پلەی دەنگی بەنیشانەی نەوی کردن (بیمۆڵ) نەویکەین .

واتا ئەو پەیژەیە پەیژی فای گەورەیەو تەنها تاکە نەوی کە رەوەیەکی بەردەکەوێ ئەویش نیشانەی (سیٚبیمۆڵە) . جا گەر لەم کارەدا بەردەوام بین ئەتوانین هەموو ئەو پەیژە گەورانەی کە نیشانەی نەوی کەر (بیمۆڵ) یان تیایە بەدەست بخەین . نیشانەی

نەوی کەرەکانیش لەسەر پلیکانەی مۆسیقا لە دوای یەك بەم شێوەیە (سملرصدف)
دەنوسرێن وەکوولەم نمونەیەدا .



١٠٠

لەو نمونەیەی سەرەوەدا ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێ کە بەرێگای تێتراکۆرد پەیژەی (فا)ی گەورە دروست بووە کە تاکە بیمۆڵێکی تێدایە دوای ئەوە پەیژەی سی بیمۆڵی گەوریە کە دوو بیمۆڵی بەر ئەکەوێت (سی بیمۆڵ + می بیمۆڵ) دوای ئەویش پەیژەی می بیمۆڵی گەورەیە کەسێ بیمۆڵی تێدایە (سی بیمۆڵ + می بیمۆڵ) + لابیمۆڵ) ... هتد
بۆ ناسینەوەی پەیژە بیمۆڵدارەکان پێویستە ئەم رێگایانە بگرینەبەر :-
١ - دوای پاشکۆترین نەوی‌کەرەوە (بیمۆڵ) ئەو نەوی کەرەوە (یان پلەی دەنگی ئەونەوی کەرەوەیە) دەبێتە بنچینەی پەیژە گەورەکە .
٢ - یان چوار پلەی دەنگی خواروی پاشکۆترین نەوی کەرەوە (بیمۆڵ) دەبێتە بنچینەی ئەو پەیژە گەورەیە .
مەبەست لەخاڵی یەکەم ئەوەیە گەر ئەو پەیژەیە وەربگرین کە چوار بیمۆڵی تێدایە بەواتای (سی‌بیمۆڵ می بیمۆڵو لابیمۆڵو رێ‌بیمۆڵ) لەبەر ئەوەی رێ‌بیمۆڵ پاشکۆترین بیمۆڵ پێش ئەو لابیمۆڵە کەواتە ئەو پەیژەیە پەیژەی لابیمۆڵی گەورەیە .
مەبەست لەخاڵی دوەمیش ئەوەیە گەر هەمان پەیژەمان وەرگرت کە چوار بیمۆڵی تێدابوو . ئەوا پاشکۆترین بیمۆڵ دەکاتە رێ بیمۆڵ چوار دەنگ خوارو دەکەینە بنچینەی پەیژە نوێکە کە دەکاتە پەیژەی لابیمۆڵی گەورە .

**تێبینی :-**
١ - ژمارەی بڵندکەر (دێز) یان نەوی‌کەر (بیمۆڵ) گەر لە سەرەتای پلیکانەی مۆسیقاوە نوسرا ، دەبێتە شوناسنامەی پەیژە مۆسیقاییەکە .
٢ - هەرچی دێزێك یان بیمۆڵێك لەسەرەتای پلیکانەی مۆسیقاوە نوسرا کار ئەکاتە سەر سەرانسەری ئەو دەنگانەی کە نیشانەی گۆڕینەکەی بۆ نوسراوە لەپارچە ئاوازەکەدا .
٣ - نیشانەی گۆڕین کە لە سەرەتای پلیکانەی مۆسیقاوە دەنوسرێ ، یەك لەدوای

یەك هاتنی تایبەتی خۆی هەیەو بۆمان نیە لەو یاسایە لابدەین . بەواتای نیشانەی دێزەکان بەم شێوەیە یەك لەدوای یەك دەنوسرێن . (فدصر لمس) . نیشانەی بێمۆڵیش بەپێچەوانەی ئەوەوە کە دەکاتە (سملرصدف) دەنوسرێن .

هەر دەبێ بەوجۆرە بنوسرێن .


٤ – لەکاتی ژەنینی پارچە ئاوازێکدا مەرج نیە بەدەنگی بنچینەی پەیژە مۆسیقایی‌یەکە دەست پێبکا . یان کۆتایی بێت .

٥ – دروست نیە نیشانەی دێزوبێمۆڵ لەیەك ساتدا لە سەرەتای پلیکانەی مۆسیقاوە پێکەوە بنوسرێن .

## ٣٦ رێگای بازنە بۆ دۆزینەوەی پەیژە گەورەکانی مۆسیقا .

لە زانیاری مۆسیقادا رێگای بازنە هاتۆتە کایەوە بۆ دۆزینەوەی پەیژە گەورەکانی مۆسیقا . گەر لەپەیژەی دۆی گەورەوە سەرچین ، بەپێنج دەنگی مۆسیقا دەگەینە پەیژەیەکی نوێ کە دەکاتە پەیژەی سۆلی گەورەو یەك نیشانەی بڵندکەرەوەی بەردەکەوێ ئەویش نیشانەی گۆڕینی (فادێزە) بەپێی یاسای یەك لەدوای یەك هاتنی نیشانەی گۆڕین . هەروەها گەر سەرچونێکی پێنج دەنگی دی‌بکەین دەگەینە پلەی دەنگی ڕێ،نیشانەیەکی بڵندکەری دی دەگرتیەخۆ کەواتە دەبێتە دوو نیشانەی گورین (فادێزو دۆدێز) . هەروەها گەر بەم شێوەیە سەرچونی پێنج دەنگی بکەین (هەموو جارێك نیشانەیەك گۆڕین زیاد بکەین) هەموو پەیژە گەورە دێزدارەکانمان بەدەست دەکەوێ .

گەر بەپێچەوانەشەوە خوار چونی پێنج دەنگی بچین (نزولا) لەهەمان پەیژەوە (پەیژەی دۆی گەورە .) ئەوا دە گەینە پلەی دەنگی (فا) واتا پلەی پەیژەی فای گەورە کە نیشانەیەکی نەوی کەر دەگرێتە خۆی (سی بیمۆڵ) هەروەها گەر بەردەوام بین لە خوارچونی پێنج دەنگی‌دا ئەوا سەرانسەری ئەو پەیژە گەورانەمان دەست دەکەوێ کە نیشانەی نەوی کەرەوەی تیادایە . بەواتای سەرچونی پێنج دەنگی بۆ ئەو پەیژانەیە گەورە دێزدارەکان وخوارچونی پێنج دەنگی بۆ ئەو پەیژانەیە کە نیشانەی نەوی کەرەوەیان تێدایە وەکو لەم نمونەیەدا .




لەڕاستیدا بازنەی سەرچونو خوارچونی پێنج دەنگی بازنەیەکی داخراو نیە . گەر لەسەر ئەم سەرچونو خوارچونە بەردەدام بین سەرانسەری پەیژە مۆسیقاییەکانمان دەست دەکەوێ بەو جۆرانەی لەمەوبەر باسمان کرد . تا دەگەنە ئەو جۆرە پەیژانەی کە پێیان دەوترێ(پەیژەی دەنگ یەکسان) (المقامات المتعادلة) (Enharmonic) کەلەکاتی خۆیدا باسی دەکەین .

**٣٧) پەیژەی بچوك (السلم الصغير) – Minor Scale**

لەمەوبەر باسی پەیژەی دیاتۆنیك مان کرد کە دەکرێتە دوو بەشەوە

١ – پەیژەی گەورە . (بەفراوانی باسمان کرد) .

٢ – پەیژەی بچوك . لێرەدا باسی ئەم جۆرە پەیژەیە دەکەین . ئەبێ ئەوەشمان لە بیرنەچێ کە پەیژەی بچوك زادەی پەیژەی گەورەیە . چاکترین پێناسەی پەیژەی بچوك ئەوەیە ؛ کە میانەی نێوان پلەی یەکەمو سێیەم بەپێچەوانەی پەیژەی گەورەوە (کەمیانەیەکی سیانی گەورەیە) پەیژەی بچوك میانەیەکی سیانی بچوکە بەواتای لە دەنگێکی تەواوو نیوە دەنگێك پێك دێت .

**٣٨) جۆرەکانی پەیژەی بچوك (انواع السلم الصغير)**

پەیژەی بچوك سێ جۆری هەیە .


١ – پەیژەی بچوکی سروشتی (السلم الصغير الطبيعي)

٢ – پەیژەی بچوکی هارمۆنیك (السلم الصغیر الهارمونیك)
٣ – پەیژەی بچوکی میلۆدیك (السلم الصغیر المیلودیك)

١ – پەیژەی بچوکی سروشتی (السلم الصغیر الطبیعي)

بریتی‌یە لەو پەیژە مۆسیقایەی کە هیچ نیشانەیەکی گۆڕینی لاوەکی (العرضی) بەرناکەوێ. وەهەرچی نیشانەیەکی گۆڕین لە پەیژەگەورەکەیدا هەبێ (ئەو پەیژە گەورەیەی لیٚ‌ی دروست بووە) هەر ئەو نیشانەی گۆڕینانەی تیادایەو لەسەر پلیکانەی مۆسیقا دەنوسرێن. وەکو لەم نمونەیەدا

پەیژەی دۆی گەورە



١٠٢ پەیژەی لای بچوك


لەو نمونەیەی سەرەوەدا پەیژەی دۆی گەورەو پەیژەی لای بچوکمان دەست نیشان کردوە. لەبەر ئەوەی پەیژەی دۆی گەورە هیچ نیشانەیەکی گۆڕینی تێدانیە. بۆیە پەیژەی (لا) ی بچوك کە لەوەوە دەست‌نیشان مان کردوە هیچ نیشانەیەکی گۆڕینی خۆی (اصلی) یان لاوەکی (عرضي) تیانیە. لێرەدا پێوستە بزانین چۆن پەیژەی بچوك لەپەیژەی گەورە دروست دەبێ.

١ – دەست نیشانی پلەی دەنگی شەشەم لەپەیژەی گەورەدا دەکەین‌و دەیکەینە بنچینەی پەیژە بچوکەکە. وەکو لەو نمونەی پێشودا کە پەیژەی دۆی گەورەیە. دەنگی لا پلەی دەنگی شەشەمی‌یەتی، کردومانەتە بنکەی پەیژەبچوکە نوێکە.

٢ – بەشێوەیەکی دی دەتوانین پەیژەی بچوك لەپەیژەی گەورە دروست بکەین (هەرچەندە هەمان پلەی دەنگی دەگرێتەوە) ئەویش بەخوار چونی میانەیەکی سیانی بچوك لەپلەی بنکەی پەیژە گەورەکەوە لەم کاتەشدا هەمان دەنگی جاری پێشو کە دەنگی (لا) دەکا بەدەستمان دەکەوێ‌و دەیکەینە بنکەی پەیژە بچوکەکە.

**تێبینی :—**

هەروەکو چۆن یاسایەك هەیە بۆ دەست نیشانکردنی میانەی نێوان دەنگەکانی پەیژەی گەورە ، هەروەهاش یاسایەکی تایبەتی هەیە بۆدەست نیشان کردنی میانەی نێوان دەنگەکانی پەیژەی بچوك وەکو لەم نمونەیەدا .





١٠٣٠ پەیژەی لای بچوك

لەو نمونەیەی سەرەوەدا بۆمان دەرئەکەوێ کە یاسای میانەی نێوان پلە دەنگیەکانی پەیژەی بچوك جیاوازە لەگەڵ یاسای مەودای نێوان پلە دەنگیەکانی پەیژەی گەورە .

میانەی نێوان پلە دەنگیەکانی پەیژەی بچوك بەم شێوەیە لەسەرچوندا

1- I —T→ II
2- II —S→ III
3- III —T→ IV
4- IV —T→ V
5- V —S→ VI
6- VI —T→ VII
7- VII —T→ VIII



هەروەها لە خوار چونیشدا بەهەمان شێوەیە ..


٢ – پەیژەی بچوکی هارمۆنیك

السلم الصغیر الهارمونیك (Minor Hormonic Scale)

بەهەمان شێوە لەپەیژەی گەورە دەستمان دەکەوێ . هەمان پێناسەی رابەری مقا- (دلیل المقام) ی پەیژەی گەورەی هەیە . هەروەکو پەیژەی بچوکی سروشتی میانەیەکی سیانی بچوك لە نێوان پلەی بنکەو پلەی سێیەمدا هەیە .

بەلام جیاوازیەکی گەورەی لەگەڵ پەیژەی بچوکی سروشتیدا هەیە ئەویش

لەنێوان پلەی شەشەم و حەوتەمدا میانەیەکی دەنگ و نیوی هەیە . بەواتایەکی دی پلەی حەوتەم بەنیشانەی گۆڕینی بڵندکەری لاوەکی (علامة تحويل عرضي) نیو دەنگ بڵندترە لە کاتی سروشتی خۆی لەسەرچوون و خوارچوندا : وەکو لەم نمونەیەدا : —




١٠٤

پەیژەی لای بچوکی هارمونێك

لەو نمونەیەی سەرەوەدا دەرئەکەوێ کە پەیژەی بچوکی هارمۆنی بەم شێوەیەیە . (لەسەر چون و خوارچوندا)


1- I —T→ II
2- II —S→ III
3- III —T→ IV
4- IV —T→ V
5- V —S→ VI
6- VI —TS→ VII
7- VII —S→ VIII



٣ — پەیژەی بچوکی میلۆدیك (السلم الصغير الميلوديك)—Minor Melodic Scale—

جۆری سێیەمە لەپەیژەی بچوك . هەمان پێناسەی پەیژەبچوکەکانی دی هەیە . هەمان یاسا بەکار دەهێنرێ بۆ دروست کردنی .

جیاوازی لەگەڵ پەیژەی بچوکی سروشتی‌دائە وەیە . لەکاتی سەرچوندا (صعوداً) پلەی شەشەم و حەوتەم نیو پلەی دەنگی بڵند دەکرێت بەڵام لەکاتی خوار چوندا (نزولاً) وەکو پەیژەی بچوکی سروشتی لیٚ دیٚ وەکو لەم نمونەیەدا .



١٠٥

پەیژەی لای بچوکی میلودیك

لەونمونەیەی سەرەوەدا بۆمان دەرئەوکەیٚ کە میانەی نیۆان دەنگەکانی پەیژەی بچوکی میلۆدی لەکاتی سەرچوندا بەم جۆرەیە :-

1- I $\xrightarrow{T}$ II

2- II $\xrightarrow{S}$ III

3- III $\xrightarrow{T}$ IV

4- IV $\xrightarrow{T}$ V

5- V $\xrightarrow{T}$ VI

6- VI $\xrightarrow{T}$ VII

7- VII $\xrightarrow{S}$ VIII

بەلاٚم لەکاتی خوارچوندا وەکو شیٚوەی پەیژەی بچوکی سروشتی لیٚ دیٚ .

**تیٚبینی :-**

١ - هەمو پەیژەیەکی گەورە سیٚ پەیژەی بچوکی لیٚ دروست ئەکریٚ .

ا - پەیژەی بچوکی سروشتی

ب - پەیژەی بچوکی هارموٚنیك

ج - پەیژەی بچوکی میلوٚدیك


٢ - ئەم پەیژە بچوکانەبەپەیژە هاودەمەکانی (مناسب) پەیژەی گەورە ناسراون .

٣ - پلەی دەنگی شەشەمی پەیژەی گەورە ، (یان میانەیەکی سیانی بچوك کە دەکاتەمیانەیەکی سیانی بچوك کەدەکاتەمیانەو نیویٚك) لەژیٚر دەنگی بنکەی پەیژەی گەورە دەکاتە بنکەی پەیژەی بچوك .


٤ -هەرچی نیشانەیەکی گوٚڕین لەپەیژەی گەورەدا هەبیٚ پەیژەی بچوك کە پەیژە هاودەمەکەیەتی.هەمان نیشانەی گوٚڕینی تیا هەیە . سەرەڕای ئەو نیشانە لاوەکیانەی (عرضي) کە لەپەیژەی بچوکی هارموٚنیو میلوٚدیدا هەیە .

بوٚ نمونە گەر پەیژەی سوٚلیٚ گەورە بوٚ ئەم مەبەستە بەکاربهیٚنین وەکو لای خوارەوە دەبینین .


په‌یژه‌ی سۆلی گه‌وره



په‌یژه‌ی می بچوكی سروشتی




په‌یژه‌ی می بچوكی هارمۆنی



په‌یژه می بچوكی میلۆدی

١٠٦



تێبینی : هه‌ندێ له‌سه‌رچاوه مۆسیقایی‌یه‌كان ده‌ڵێن گوایا په‌یژه‌ی بچوكی سروشتی ته‌نها په‌یژه‌ی (لا)ی بچوك ده‌گه‌یه‌نێ كه هیچ نیشانه‌یه‌كی گۆڕینی تیدانیه . هیچ په‌یژه‌یه‌كی دی نیه كه پێی بوترێ په‌یژه‌ی بچوكی سروشتی .


**٣٩ په‌یژه‌ی ره‌نگاو ره‌نگ (السلم الملون) .** Chromatic Scale

له‌مه‌وبه‌ر باسی په‌یژه‌ی ره‌نگاو ره‌نگ‌مان كردو تێگه‌یشتین.

كه بریتی‌یه له‌و په‌یژه‌یه‌ی كه له‌نێوان پله ره‌نگیه‌كانیدا میانه‌یه‌كی نیو ده‌نگی هه‌یه .
له‌به‌ر ئه‌وه كۆی پله ده‌نگیه‌كانی ده‌كاته (١٢) نیو ده‌نگی وه‌كو له‌م نمونه‌یه‌دا .

١٠٧

په‌یژه‌ی ره‌نگاو ره‌نگ



له‌و نمونه‌یه‌ی سه‌ره‌وه‌دا بۆمان ده‌رئه‌كه‌وێ كه له‌نێوان پله ده‌نگیه‌كانی ئه‌و په‌یژه مۆسیقایه‌دا (كه په‌یژه‌ی دۆی ره‌نگاو ره‌نگه) ١٢ نیو ده‌نگی هه‌یه به‌نیشانه‌ی گۆڕینی لاوه‌كی ئه‌و نیوه ده‌نگانه مان به‌ده‌ست هێناوه .

**٤٠ جۆره‌كانی په‌یژه‌ی ره‌نگاو ره‌نگ (انواع السلم الكروماتیك)**

**په‌یژه‌ی ره‌نگاو ره‌نگ دوو جۆری هه‌یه ..**


١ – پەیژەی رەنگاو رەنگی میلۆدیك (السلم الملون الميلوديك)

٢ – پەیژەی رەنگاو رەنگی هارمۆنیك (السلم الملون الهارمونيك) جۆری یەکەم پەیژەی رەنگاو رەنگی میلۆدیکە بریتیە لەو پەیژەیەی کە :–

ا – لەپەیژەی گەورەدا (السلم الكبير الملون الميلوديك) واتا پەیژەی گەورەی رەنگاو رەنگی میلۆدیك میانەی نێوان پلە دەنگیەکانی نیو پلەی دەنگین . بەهۆی نیشانەی گۆڕینەوە بڵند یانەوی دەکرێن . جگە لەپلە دەنگیەکانی سێیەم شەشەم کە لەکاتی سەرچوندا نابێ بەهیچ جۆرێك دەستکاری بکرێن (بەواتای نابێ بەهوێ نیشانەی گۆڕینەوە دوپات بکرێنەوە هەروەها لە کاتی خوار چوندا پلەی دەنگی پێنچەم دەستکاری ناکرێ بەواتای بەهۆی نیشانەی گۆڕینەوە دووپات ناکرێتەوە .

وەکو لەم نمونەیەدا .

پەیژەی دۆی گەورەی کرۆماتیکی میلۆدیك



١٠٨

لەو نمونەیەی سەرەوەدا کە پەیژەی دۆی گەورەیەی کرۆماتیکی میلۆدیکە . میانەی نێوان پلە دەنگیەکانی نیو میانەن بەنیشانەی گۆڕینی لاوەکی بەدەست هێنراون . بەڵام پلە دەنگیەکانی سێیەم (کە دەنگی می دەکات) وپلەی دەنگی شەشەم (کە دەنگی لادەکات) وهەریەکەیان خراونەتە چوار گۆشەیەکەوە دەستکاری نەکروان لەسەرچوندا (بەواتای بەهۆی نیشانەی گۆڕینەوە پلە دەنگیەکەی دووپات نەکراونتە وە) . لەخوار چونیشدا (نرولا) پلەی دەنگی پێنجەم) کە دەنگی سۆڵ دەکات دوپات نەکراوەتەوە بەهۆی نیشانەی گۆڕینی لاوەکییەوە .

ب – لە پەیژەی بچوکدا (السلم الصغير الملون الميلوديك)

سەرانسەری دەنگەکانی بەنیشانەی گۆڕینی لاوەکی بەدەست دێن . جگە لە پلە دەنگیەکانی دووەمو پێنجەم کە لەسەرچوندا نابێ دوپات بکرێنەوە بەهۆی نیشانەی گۆڕینی لاوەکییەوە هەروەها پلەی دەنگی پێنجەم لەخوارچوندا نابێ دوپات بکرێتەوە .

وەکو لەم نمونەیەدا :–

١٠٩


پەیژەی دۆی بچوکی میلۆدیك



لەو نمونەیەی سەرەوەدا کە پەیژەی دۆی رەنگاو رەنگی میلۆدیکە .

لەبەر ئەوەی پەیژەی دۆی بچوك سێ نیشانەی نەوی کەرەوەی تیادایە کە بریتین لە (سی بێمۆڵو می بێمۆڵو لابیمۆڵ) . لەنێوان هەمووپلە دەنگیەکانیدا نیوپلەی دەنگی هەیە . پلەی دەنگی دووەم کە دەنگی رێیەو دەنگی پێنجەم دەنگی سۆلە ، لەکاتی سەرچوندا نابێ بەهۆی نیشانەی گۆڕینەوە دووپات بکرێنەوە هەروەها لەخوار چونیشدا پلەی دەنگی پێنجەم کە دەنگی سۆڵ دەکات دووپات نەکراوتەوە بەهۆی نیشانەی گۆڕینی لاوەکی یەوە .

٢ – پەیژەی رەنگاو رەنگی هارمۆنیك (السلم الملون الهارمونيك)جۆری دووەمی پەیژەی رەنگاو رەنگە لەپەیژەی گەورەو بچوکیشدا هەمان یاسای بەسەردا دەچەسپێ . بەواتای لەسەر چوندا پلەی دەنگی یەکەم وپێنجەم بەنیشانەی گۆڕین دووپات ناکرێتەوە . (بەواتای نیشانەی گۆڕینی لاوەکی بۆ بەکارناهێنرێ . لە خوار چونشیدا (نزولا) پلەی دەنگی پێنجەم دوپات ناکرێتەوە . وەکو لەم دوو نمونەیەی لای خوارەوە

پەیژەی دۆی گەورەی هارمۆنیك 

١١٠

لەو دوو نمونەیەی سەرەوەدا کە پەیژەی دۆی گەورەی رەنگاورەنگی هارمۆنێك‌و پەیژەی دۆی بچوکی رەنگاورەنگی هارمۆنیکە لەو دوو جۆرەدا لە کاتی سەرچوندا (صعوداً) پلە دەنگیەکانی یەکەم‌و پێنجەم دوپات نەکرانەتەوە . هەروەها لە خوارچونشیدا پلەی دەنگی پێنجەم دەستکاری نەکراوە (دووپات نەکراونەتەوە .

**تێبینی :–**

هەندێ جار پەیژە رەنگاو رەنگەکان بەپێچەوانەی ئەو یاسایانەی باسمانکرد . ئەنوسرێن . تەنها بۆ ئاسان کردنی خوێندنەوەی نۆتەی مۆسیقایە لەکاتی ژەنیندا . بەلام ئەو جۆرە گۆڕینە لاوەکیانە بەپەیژەی رەنگاو رەنگ نابژێررێن . تەنها بەپلەی رەوتەنی دەبژێررێن (درجات مرورية)

**جیاوازی نێوان پەیژەی دیاتۆنی‌وپەیژەی کرۆماتیك :**

١ – پلە دەنگیەکانی دیاتۆنی بریتین لە مەودای دەنگی تەواویان نیۆدەنگ بەلام پەیژەی کرۆماتیك هەموی نیوە دەنگن .

٢- پلە دەنگیەکانی پەیژەی د یاتونی یەك جار دەبیسترێن بەواتای دوپات ناکرێنەوە (لەئۆکتافێکد ) بەهۆی نیشانەی گۆڕینی لاوەکی‌یەوە .
تێبینی/ سەرانسەری پەیژە مۆسیقای یەکان گەورە بێ یابچوك بەهۆی نیشانەی گۆڕینەوە دەبنە پەیژەی کروماتیك .

**٤١ - تیۆری گۆڕانکاری رەچەڵەکی ئاواز (نظرية الانسياب اللحنية )**

ئەو گۆڕنکاریانەیە کە بەپیی تیۆرێکی چەسپاو لە ئاوازێکد روئەدەن بەبێ ئەوەی مرۆڤ گوێچکەی هەست بەنامۆیی‌و نائاسای بکات : ئەم گۆڕانکاریانەش لە نێوان پەیژە مۆسیقای‌یەکاندا رووئـەدەن . کاتیٚ کەدانەری ئاوازەکە پێویستی بەو گۆڕانکاریانە دەبێ‌دەیەویٚ درێژەبە مۆسیقاکەی بدا .

**جۆرەکانی :-**

١- گۆڕانکاری لێك نزیك (القرابة ):-

بریتی‌یە لە گۆڕینی پەیژەی (سلم) یان مقامی ئاوازێکی مۆسیقا ، بەپێی لێك نزیکی‌یان . نزیکی بەپیٚی زانستی مۆسیقا ئەو دوو پەیژەیەیە کە پێنج پلەی دەنگی لێوەی دورن سەرچون بێت یان دواچوون . وەکووتمان دووجۆرە

١- نزیکی سەرو (القريب الصاعد )

٢- نزیکی خوارو (القريب الهابط )


١- نزیکی سەرو (القريب الصاعد ) : وەکو ووتمان پێنج دەنگ سەروی بنکەی پەیژە سەرەکیەکە گەر بچینە پەیژەیەکی نویٚ دەبێتە پەیژەی نزیکی سەرو بۆ پەیژە سەرەکیەکە . بەواتا گەر بنکەی پەیژەکە دۆی گەورە بوو ئەوا پەیژەی نزیکی سەرو ئەکاتە پەیژەی سۆڵی گەورە . جا ئەم جۆرە گۆڕینەش لە پەیژە گەورەو بچوکەکانیشدا هەمان یاسایە بۆنمونە گەر لەپەیژەی دۆی بچوکەوە گورینێکی نزیکی سەرو بکەین دەشیٚ بچینە پەیژەی سۆڵی بچوك وەکو لەم نمونانەدا .

١١١



پەیژەی نزیکی سەرو (سۆڵی گەورە )


پەیژەی دۆی گەورە .




پەیژەی سۆڵی بچوك (پەیژەی نزیکی سەرو) پەیژەی دۆی بچوك .

ب: نزیکی خوارو (القریب الهابط ) :-

پێنج دەنگ خواروی بنکەی پەیژە سەرەکیەکەوە هاتینە خوارەوە ئەوا پەیژەیەکی نوێمان بۆدروست دەبێ و پێی ئەڵێن پەیژەی نزیکی خوارو . بۆنمونە گەر لەپەیژەی دۆی گەورەوە گۆڕینێکی نزیکی خوارومان کرد ئەوا دەگەینە پەیژەی (فا ) ی گەورە بەواتای پەیژەی فای گەورە پەیژەی نزیکی خواروی پەیژەی دۆی گەورەیە . هەروەها لە پەیژە بچوکەکانیشدا هەمان جۆرە وەکو لەم نمونانەدا.



پەیژەی دۆی گەورە . نزیکی خوارو (فای گەورە )



پەیژەی دۆی بچوک . نزیکی خوارو (پەیژەی فای بچوک )

١١٢

**تێبینی :-**

گۆڕانکاری نزیك (سەروبێت یان خوارو) دەبێ تەنها لەرەگەزی خۆی بێت بەواتای لە پەیژەی گەورە بۆ پەیژەی گەورە . یان لەپەیژەی بچوك بۆپەیژەی بچوك . کەواتە ناشێ لە پەیژەیەکی بچوکەوە بچینە پەیژەیەکی گەورەو یان بەپێچەوانەوە .

٢- گۆڕانکاری هاودەم (مناسب)

ئەم جۆرە گۆڕینەش لەپەیژەی گەورەیە بۆ ئەو پەیژە بچوکەی کەزادەی خۆیەتی و بەپێچەوانەشەوە .

بۆ نمونە گەر لەپەیژەی دۆی گەورەدا بوین ئەوا زۆربە ئاسایی و بێ نامۆ بوون ئەتوانین بچینە پەیژەی لای بچوك چونکە زادەی خۆیەتی . هەروەها بەپێچەوانەشەوە گۆڕینەکە ئاساییەو نامۆیی تیا نابیسترێ وەکو لەم نمونانەدا :-



پەیژەی دۆی گەورە پەیژەی لوی بچوك (هاودەم)

١١٣

لەو نمونانەدا گۆڕانکاری هاودەم دەبینین . چۆن لەپەیژەی گەورەوە بەرەو پەیژ
بچوك (کەزادەی خۆیەتی چوین هەروەها بەپێچەوانەشەوە . کە لەپەیژەی بچوکەو
چوینەتە پەیژەی گەورەتی . بەڵام نابێ ئەوەشمان لەیادبچێ کە هەرچی پەیژەیەکی
مۆسیقا هەیە شوناس نامەی ڕابەری مقامی) خۆی هەیە کە لەپێش ڕابەری کێشەوە
دەنوسرێ.وەکو لەمەوبەریش باسمان کردووە پەیژەی بچوك هەمان ڕابەری مقامی هەیە
(ڕابەری مقامی پەیژە گەورەکەی بۆیە پێویستە لەکاتی ئەم جۆرە گۆڕنیەدا (گۆڕانکاری
هاودەم) هەمان شوناس نامەی بۆ بنوسرێت . هەروەها ئەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە
لەپەیژەیەکی گەورەوە دەچینە پەیژەیەکی بچوك شوناس نامەی لاوەکی ئەوەیە کە پلەی
حەوتەمی پەیژە بچوکە نیوپلە بڵندکەین (دەکاتە پەیژەی بچوکی هاودەنگی) هەرچەندە
ئەمە لە شوناسنامەی سەرەتادا نانوسرێ وەکو نیشانەیەکی لاوەکی دێتە ڕێمان .

٣- گۆڕانکاری ڕاستەوخۆ (المباشر)

ئەو گۆڕانکاریانەیە کە لەپەیژەیەکی گەورەوە بۆ پەیژەیەکی بچوك (یان
بەپێچەوانەوە) ڕووئەدات. بەمەرجێ هەمان بنکەیان هەبێ (لەهەمان پلەی دەنگی
دابن) بۆنمونە گۆڕینی پەیژەی لای گەورە بۆ پەیژەی لای بچوك . وەکو لەم نمونەیەدا
ئەوەی شایانی باسە ڕابەری مقامەکەیان جیاوازە وبنکەیان یەك پلەی دەنگیە
بەواتای بەپێچەوانەی گۆڕانکاری هاودەمەوەیە کە بنکەیان جیاوازەو ڕابەری
مقامیانیەکە وەکو لەم نمونەیە

گۆڕانکاری ڕاستەوخۆ



پەیژەی لای گەورە      پەیژەی لای بچوك

١٤


بەکورتی ئەو سێ جۆرە گۆڕانکاریانەی باسمان کرد لەم کلێشەیەدا دەی بینین کە
پەیژەی دۆی گەورەوە دەستمان بەگۆڕانکاری کرد :

ب: نزیکی خوارو (القریب الهابط ) :-

پێنج دەنگ خوارەوی بنکەی پەیژە سەرەکیەکەوە هاتینە خوارەوە ئەوا پەیژەیەکی نوێمان بۆدروست دەبێ و پێی ئەڵێن پەیژەی نزیکی خوارو . بۆنمونە گەر لەپەیژەی دۆی گەورەوە گۆڕینێکی نزیکی خوارومان کرد ئەوا دەگەینە پەیژەی (فا ) ی گەورە بەواتای پەیژەی فای گەورە پەیژەی نزیکی خواروی پەیژەی دۆی گەورەیە . هەروەها لە پەیژە بچوکەکانیشدا هەمان جۆرە وەکو لەم نمونانەدا.



پەیژەی دۆی گەورە .      نزیکی خوارو (فای گەورە )



پەیژەی دۆی بچوك .      نزیکی خوارو (پەیژەی فای بچوك )

١١٢

تێبینی :-

گۆڕانکاری نزیك (سەروێت یان خوارو) دەبێ تەنها لەرەگەزی خۆی بێت بەواتای لە پەیژەی گەورە بۆ پەیژەی گەورە . یان لەپەیژەی بچوك بۆپەیژەی بچوك . کەواتە ناشێ لە پەیژەیەکی بچوکەوە بچینە پەیژەیەکی گەورەو یان بەپێچەوانەوە .

٢- گۆڕانکاری هاودەم (مناسب)

ئەم جۆرە گۆڕینەش لەپەیژەی گەورەیە بۆ ئەو پەیژە بچوکەی کەزادەی خۆیەتی و بەپێچەوانەشەوە .

بۆ نمونە گەر لەپەیژەی دۆی گەورەدا بوین ئەوا زۆربە ئاسایی و بێ نامۆ بوون ئەتوانین بچینە پەیژەی لای بچوك چونکە زادەی خۆیەتی . هەروەها بەپێچەوانەشەوە گۆڕینەکە ئاسایی یەو نامۆی ی تیا نابیستری وەکو لەم نمونانەدا :-



پەیژەی دۆی گەورە      پەیژەی لای بچوك (هاودەم)

١١٣

لەو نمونانەدا گۆڕانکاری هاودەم دەبینین . چۆن لەپەیژەی گەورەوە بەرەو پەیژەی بچوك (کەزادەی خۆیەتی چوین هەروەها بەپێچەوانەشەوە . کە لەپەیژەی بچوکەوە چوینەتە پەیژەی گەورەتێ . بەڵام نابێ ئەوەشمان لەیادبچێ کە هەرچی پەیژەیەکی مۆسیقا هەیە شوناس نامەی رابەری مقامی) خۆی هەیە کە لەپێش رابەری کێشەوە دەنوسرێ.وەکو لەمەوبەریش باسمان کردووە پەیژەی بچوك هەمان رابەری مقامی هەیە (رابەری مقامی پەیژە گەورەکەی بۆیە پێویستە لەکاتی ئەم جۆرە گۆڕنیەدا (گۆڕانکاری هاودەم) هەمان شوناس نامەی بۆ بنوسرێت . هەروەها ئەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە لەپەیژەیەکی گەورەوە دەچینە پەیژەیەکی بچوك شوناس نامەی لاوەکی ئەوەیە کە پلەی حەوتەمی پەیژە بچوکە نیوپلە بڵندکەین (دەکاتە پەیژەی بچوکی هاودەنگی) هەرچەندە ئەمە لە شوناسنامەی سەرەتادا نانوسرێ وەکو نیشانەیەکی لاوەکی دێتە ریمان .

٣- گۆڕانکاری راستەوخۆ (المباشر)

ئەو گۆڕانکاریانەیە کە لەپەیژەیەکی گەورەوە بۆ پەیژەیەکی بچوك (یان بەپێچەوانەوە) روونەدات. بەمەرجێ هەمان بنکەیان هەبێ (لەهەمان پلەی دەنگی دابن) بۆنمونە گۆڕینی پەیژەی لای گەورە بۆ پەیژەی لای بچوك . وەکو لەم نمونەیەدا ئەوەی شایانی باسە رابەری مقامەکەیان جیاوازە وبنکەیان یەك پلەی دەنگیە بەواتای بەپێچەوانەی گۆڕانکاری هاودەمەوەیە کە بنکەیان جیاوازەو رابەری مقامیان یەکە وەکو لەم نمونەیە


گۆڕانکاری راستەوخۆ



پەیژەی لای گەورە — پەیژەی لای بچوك


١٤

بەکورتی ئەو سێ جۆرە گۆڕانکاریانەی باسمان کرد لەم کلێشەیەدا دەی‌بینین کە پەیژەی دۆی گەورەوە دەستمان بەگۆڕانکاری کرد :




١١٥

ەروەها گەرلە بەیژەی لای‌بچوکەوە دەستمان پێ‌کرد




١١٦

## ٤٢ پەیژە هاوتاکان (السلالم المتعادلة) . Aunormonic Scale

لەکاتی لێکۆڵینەوە لە تیۆری مۆسیقا ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێ ، کەپلە دەنگیەکانی مۆسیقا . زۆربەیان زیاتر لە ناوێکیان هەیە . بەتایبەتی ئەمەش لەئامێری پیانۆدا رەچاودەکرێ . کە بەئاشکرا بۆمان دەرئەکەوێ . بۆنموونە دەنگی سی بیمۆڵو دەنگی لادێز دوو دەنگی ناو جیاوازن بەڵام هاوتان لە پلەی بەرزی دەنگەکەیاندا بەواتای هەردوکیان لەبیستندا یەك دەنگ دەردەکەن . بەڵام بەپێی ئەو پەیژەیەی کە بەکاری دەهێنین جیاوازن . وەکو لەم خشتەیەدا دەی بینین

| ناوی دەنگ | دەنگە هاوتاکەی |
|---|---|
| دۆ | سی دێز |
| دۆدێز | رێ بیمۆڵ |
| رێ | می دەبل بیمۆڵ |
| رێدێز | می بیمۆڵ |
| می | فا بیمۆڵ |

هەرها ئەوپلە دەنگیانە کە باسمان کرد ... هتد . بێگومان ئەتوانین لەسەر هەر پلەیەکیان پەیژەیەکی مۆسیقا بنیات بنێن (بەو رێگایانەی باسمان کرد) کەواتە ئەتوانین بڵێین پەیژەی مۆسیقاش هەیەکە دووناو یازیاتری هەیە ، بەڵام لە پلەی بنکە داهاوتان .

بەلأم لێرەدا یاسایەك هەیە کە کارەکەمان بۆ ئاشکراتر دەکات ئەویش ئەوەیە : هەموو پەیژەیەکی مۆسیقا رابەری مەقامی هەیە جا لێرەدا هەرپەیژەیەك گەر رابەری مەقامەکەی نیشانەی گۆڕینی بڵندکەری تیابوو ئەوا نیشانەی گۆڕینی پەیژە هاوتاکەی دەبێ بیمۆڵ بێت . وکۆی هەردوکیان بکاتە (١٢) دوانزە نیشانەی گۆڕین .

وەکو لەم نمونانەدا :-

١- پەیژەی صول دێزی گەورە کە هەشت نیشانەی بڵندکەری تیادایە دەبێ پەیژە هاوتاکەی پەیژەی لابیمۆڵ بێت کە چوار نیشانەی نەوی‌کەری تیادایە . وەکو :-

G# M + Labm
8# + 4b → = 12 نیشانەی گۆڕین

٢- پەیژەی صۆڵ بێمۆڵ مێجەر کە شەش بێمۆڵی بەرئەکەوێ دەبێ پەیژە هاوتاکەی بکاتە پەیژەی فادێزی گەورە کە دەشێ ئەویش شەش دیزێ بەربکەوێ .

لێرەدا نابێ ئەوەمان لە بیربچێ کە پەیژەی هاوتا لە پەیژەی گەورەوەیە بۆپەیژەی گەورەیان لە بچوك بۆ بچوكو ناشێ جۆری گەورە یابچوکیان جیاوازی هەبێ .

## ٤٣ ناوی پلە دەنگیەکانی پەیژەی مۆسیقای گەورە (اسماء درجات السلم الموسيقي الكبير)


وەکو لەبابەتەکانی پێشوود اباسمانکرد هەموو پلە دنگیەکی پەیژەی مۆسیقا ئەتوانێ ببێتە بنکە بۆ بنیات نانی پەیژەیەکی مۆسیقا .

جازانایان هەوڵیان‌داوە کە ناو بۆ هەر یەکێك لەو پلە دەنگیانە دابنێن بۆ ئاسان کردنی ناسینەوەیانو بەپێی جێگیربوونیان لەپەیژەی مۆسیقاذا وەکو لەم خشتەیەدا :-

| پلە دەنگیەکان | ژمارەکە بەرۆمانی | ناوەکەی بەعەرەبی | ناوەکەی بەکوردی | ناوەکەی بەفەرەنسی | هێماکەی |
|---|---|---|---|---|---|
| یەکەم | I | الاساس | بنکە | Tonigue | T |
| دووەم | II | فوق الاساس | سەر بنکە | SusTtanique | |
| سێیەم | III | الوسطی | ناوەند | Mediant | |
| چوارەم | IV | تحت المتسلطة | ژێردەسە لاتدار | Sous T dominat | S |
| پێنجەم | V | المتسلطة | دەسەلاتدار (جێگیر) | dominant | D |
| شەشەم | VI | فوق المتسلط | سەردەسە لاتدار | Sus dominant | |
| | | او تحت الوسط | یا ژێر ناوەند | Sous midant | |
| حەوتەم | VII | الحساس | هەستیار | Nate sensible | |
| هەشتەم | VIII | اوکتاف | ئۆکتاف | octaue | |

وەکو لەم نمونەیەدا :-

١١٧




ژمارە کردنی پلە دەنگیەکانی پەیژەی مۆسیقا .

## ٤٤ دەنگە جێگیرەکانی (سەقام گیرەکانی) پەیژەی مۆسیقا
## الانغام المستقره (الجذابه) في السلم الموسيقي

وەکو ئاشکرایە لە پەیژەیەکی مۆسیقادا هەشت پلەی دەنگی هەیە (بەدووپات کردنە وەی پلەی بنکە) .

پلەی یەکەم لە پەیژەی مۆسیقادا بەگرنگت ترین پلەی پەیژەکە ناو ئەبرێ لەبەر ئەوەی پەیژە مۆسیقایی‌یەکە لەسەر ئەو بنیات دەنرێ .

بەناوی ئەویشەوە ناوئەنرێ . بۆ نمونە گەر پلەی دەنگی دۆکرا بەبنکە بۆ پەیژەیەکی مۆسیقا ئەوا بەپەیژەی دۆ ناو ئەبرێ . هەروەها گەر پلە دەنگی رێ کرا بەبنکە ئەوا بەپەیژەی رێ ناوئەبرێ . جێگیرترین پلەی پەیژە مۆسیقا کە دەبێ . دوای ئەویش پلەی پێنجەم بەدووەم پلەی جێگیردێت‌و بۆیە ناوی دەسەلاتداری لێ‌نراوە .

پاشان پلەێ سێیەم کە بەناوەند ناونراوەو دەکەوێتە نێوانی (ناوەندی) پلەی بنکەو پلەی دەسەلاتدار . گەر هەرسێکیان پێکەوە لەیەك سائدا بژەنرێن بەواتای یەك چینە دەنگیان لێ دروست بکرێ (کورد ثلاثی) ئەوا چینێکی ئاسایبستنیان لێ دروست دەبێ جابۆیە بەم دەنگانە دەڵێن دەنگە جێگیرەکان .

هەروەها وەکو لەمەوبەر باسمان کرد پلەی دەنگی پێنجەم پلەیەکی سەرەکی پەیژەکەیەو یەکەم پلە دەنگیە دوای پلەی بنکە دەبیسرێت بۆیە بەدەنگی جێگیربوی دووەم دەناسرێت . هەروەها پلەی دەنگی سێیەم لەبەر ئەوەی دەست‌نیشانی جۆری پەیژەکە (یان کۆردەکە) ئەکا (گەورەبێت یان بچوك) بۆیە بەسێیەم دەنگی جێگیر بوو ناوئەبرێ .

وەکو لەم نمونەیەدا :- کەبەنۆتەی چوارگۆشە دەست‌نیشانی پلە جێگیربوەکان مانکردوە .

١١٨




پلە دەنگیە جێگیربووەکان

وەکو لەو نمونەیەدا دەیبنیین پلە جی‌گیرەکان دیارو ئاشکران بەوەدا بۆمان دەرئەکەوێ کە پلە دەنگیەکانی دی پلەی جی‌گیر نین‌و هەریەکەیان بو لای پلەیەکی جی‌گیر دەکشێ بەم جۆرەی لای خوارەوە :-

١ - پلەی حەوتەم دەکشێتە پلەی یەکەم (هەشتەم) لەبەر ئەوەی پلەی یەکەم بنکەیەو جی‌گیرترین پلە دەنگیەکانی پەیژەکەیەو هەروەها نیومیانە دەنگیشیان دەکەوێتە نێوانەوە،

٢ - هەروەها پلەی دووەم دەکشێتە پلەی یەکەم لەبەرئەوەی پلەی یەکەم جی‌گیرترین پلەیە .

٣ - پلەی چوارەم بەلای پلەی سێیەمدا دەکشێ چونکە نیومیانە دەنگیان لە نێواندایە.

٤ - پلەی شەشەم دەکشێتە پلەی پێنجەم لەبەرئەوەی پلەی پێنجەم پلەیەکی جی‌گیرە .


لێرەدا گرنگ‌ـ وایە باسی ئەوەبکەین کە پلە جێگیرەکان لەپەیژە یەکی مۆسیقادا ئەو دەنگانەیە کە کۆیان ئەتوانرێ چینە دەنگیەکی سیانی لی‌دروست بکرێت .

## ٤٥ میانە دەنگییەکانی مۆسیقا (الفواصل الموسیقیة)

بریتی‌یە لەومیانە دەنگیەی دەکەوێتە نێوان دوپلەی دەنگی مۆسیقاوە . میانەکەشیان بی‌ی ژمارەی پلە دەنگیەکانی ئەبژێررێ بۆ نمونە :-

میانەی دەنگی نێوان پلەی دۆ بۆ پلەی سۆل پی‌ی ئەوترێ میانەی پێنجەم . چونکە ەی یەکەم دەنگی دۆیەو دوای ئەو پلەی دووەم کە دەنگی رێیە وپلەی سێیەمی ەنگی می‌یەو پلەی چوارەی دەنگی فایەو پلەی کوتایشی کە پلەی پێنجەمە دەنگی ۆلە میانەکەش بەناوی ئەوەوە ناو دەنرێ وەکو لەم نمونەیەدا :-

١١٩




میانەی پێنجی

مانەکانی مۆسیقاش دوو جۆرن :

- لەبنکەوە (بنکەی میانەکە) بەرەو سەرو بەرەو بەواتای بەرەو دەنگی تیژتر لەخۆی کە پێی وترێ میانەی سەرچو (فاصلة صاعدة) وەکو لەم نمونەیەدا :-


٢٢٠  میانەی پێنجی سەرچوو

٢ – لەبنکەوە بەرەو خوارو تابەرەو دەنگی گرتر لەبنکەی میانەکە کە پێی دەڵێن میانەی خوارچوو (فاصلة نازلة) :
وەکو لەم نمونەیەدا :–

١٢١  میانەی پێنجی خوارچوو

## ٤٦ میانەی سادەو میانەی لێکدراو (الفاصلة البسيطة والفاصلة المركبة)

١ – میانەی سادە (الفاصله البسيطة) لەو میانە دەنگیا نەپێك دێت کە لەهەشت دەنگ (ئوکتافێك) تێپەر ناکا : وەکو لەم نمونەیەدا




١٢٢

میانە سادەکان

لەو نمونەیەدا لەباری یەکەمدا
میانەیەکی چواردەنگی‌یەو لەباری دووەمدا میانەیەکی پێنج دەنگی‌یەو باری سێ‌یەم میانەیەکی شەشی‌یەو لەباری چوارەمدا میانەیەکی دوانی‌یەو لەباری کۆتاییدا میانەیەکی هەشتی‌یە . لێرەدا بۆمان دەرئەکەوێ کە ئەو میانانەی لای سەرەوە میانە سادەکانن جا هەر میانەیەکی دەنگی لەهەشت دەنگ بتر نەبێ پێی دەڵێن میانەی سادە .

٢ – میانەی لێکدراو (الفاصلة المركبة) :–
لەومیانە دەنگیانە پێك‌دێت کە لە ئوکتافێك تێ‌پەر ئەکا . بەواتای لە ئوکتافێك بترترە .
وەکو لەم نمونەیەدا :–

میانە لێکدراوەکان ١٢٣




لەو نمونەیەی سەرەوەدا بۆمان دەرئەکەوێ کە باری یەکەمی میانەیەکی دەیی‌یەو دووەم میانەیەکی یانزەیی‌یەو باری سێ‌یەمی میانەیەکی سیانزەیی‌یەو باری کۆتاییش میانەیەکی نۆیی‌یە . جا هەرمیانەیەکی دەنگی لەهەشت دەنگ بتر تربێ پێی ئەوترێ میانەی لێکدراو .

## ٤٧ سیفەتەکانی میانە دەنگییەکان (صفات الفواصل الموسیقیة)

وەکو لەمەوبەر باسمان کرد میانە دەنگی یەکان بەپێی ژمارەی دەنگەکانی (کە دەکەوێتە نێوانیانەوە) ناویان لێ ئەنرێ . بەلاّم چەند سیفەتێکی تایبەتی هەن کە جۆری میانەکە دەستنیشان ئەکەن ئەمانەن .

١ – میانەی بچوك (الفاصلة الصغیرة)
٢ – میانەی گەورە (الفاصلة الکبیرة)
٣ – میانەی تەبا (الفاصلة التامة)
٤ – میانەی ناتەبا (الفاصلة الناقصة)
٥ – میانەی زیادة (الفاصلة الزائدة)
٦ – میانە یەگگرتوەکان (الفواصل الاتحادیە)

ئەو سیفەتانەش بەم یاسایانەی لای خوارەوە بۆمان دەرئەکەوێ .

١ – کۆی ئەومیانە دەنگیانەی دەکەوێتە نیوان پلە دەنگیەکانەوە (نیومیانەو میانەی تەبا) کە ئەو میانانەی لای سەرەوە پیشان ئەدەن ژمارەکەیان یەك ژمارە کەمترە لە ژمارەی پلە دەنگیەکانیان بۆ نمونە میانەی پێنجی چوار میانەی دەنگی تیایە .

٢ – هەمو میانەیەکی گەورەو تەبا میانە دەنگیەکانیان بریتی‌یە لە کۆمەلێ دەنگی تەباو یەك نیو دەنگی تیایە ، جگە لە میانەکانی دوانی وسیانی گەورەکە پلەی نیو دەنگیان تیانیە .

٣ – هەموو میانەیەکی بچوك دوومیانەی نیو دەنگی یان تیایە جگە لە میانەی دووەم و سێ‌یەمی بچوك کە هەریەکەیان یەك نیومیانەیان تیایە .

٤ – هەموو میانەیەکی بچوك‌و تەبانیومیانە (دەنگ) کەم کەینەوە دەبێتە میانەیەکی ناتەبا جگە لەمیانەی دوانی بچوك کە دەکاتە میانەی یەکگرتوو

٥ – هەموو میانەیەکی گەورەو تەبا نیوپلەی دەنگی زیادکەین دەبێتە میانەیەکی زیادە .

## ٤٨ ئەو رێسایانەی میانە دەنگی‌یەکانی پێ‌ئەناسرێتەوە
## ( القواعد التی تعرف بها الفواصل الموسیقیة )

لەنێوان هەموو پلە دەنگیەکانی مۆسیقادا میانەی مۆسیقایی هەیەو بەپێ‌ی دورو نزیکیان هەریەکەیان ناویان هەیە . گەر بەسادەیی بمێنێتەوە (بەواتای هیچ گۆرانێکی تیانەبێ )بەم جۆرە دەبێ :–

١– میانەیەکی یەکگرتو (فاصلة اتحادیة )

٢– میانەی دووانی (فاصلة ثانیة ) میانەی گەورەن جگە لەمیانەی نێوان پلەی دەنگی (می ، فا )و (سی ، دۆ) کەمیانەی دوانی بچوکن .

٣– میانەی سیانی (فاصلة ثالثة )میانەی بچوکن جگە لەمیانەی نێوان پلەی دەنگی (دۆ ، می ) . (فا ، لا ، ) . (سۆل – سی )کە میانەی سیانی گەورەن .

٤– میانەی چواری (فاصلة رابعة ) میانەی تەبان جگە لە میانەی نێوان دەنگی (فا ، سی)، کەمیانەی چواری زیادەیە .

٥– میانەی پێنجی (فاصلة خامسة ) میانەی تەبان جگە لەمیانەی نێوان پلەی دەنگی (سی ، فا ، ) کەمیانەیەکی پێنجی ناتەبان .

٦– میانەی شەشی (الفاصلة السادسة) میانەی گەورەن جگە لە میانەی نێوان پلەی (می ، دۆ) و (لا ، فا ) و( سی ، سۆل ، )کە میانەی شەشی بچوکن .

٧– میانەی حەوتی ( الفاصلة السابعة ) میانەی بچوکن جگە لەمیانەی نێوان دەنگی ( دۆ ، سی ) و ( فا ، می ، ) کە میانەی حەوتی گەورەن .

٨– میانەی هەشتی (الفاصلة الثامنة ) میانەی تەبان .

## ٤٩ هەڵگەرانەوەی شێوەی میانە دەنگی یەکان
## (قلب صورة الفواصل الموسیقیة )


بریتی‌یە لە جێ‌گۆرکێ‌ی پلە دەنگیەکانی میانەکانی مۆسیقا ئەویش دوو جۆری هەیە

١– یەکەم هەڵگەرانەوە ( المقلوب الاول ) .

لەم هەڵگەرانەوەدا پلەی دەنگی بنکە ( یەکەم )کە بەپلەی نزم ناسراوە ئەخرێتە

سەروی دەنگی دووەم وەکو لەم نمونەیەدا .

پاش هەڵگەڕانەوە



پێنجی تەبا      چواری تەبا

لەو نمونەیەی سەرەوەدا میانە سەرەکیەکە میانەیەکی چواری تەبایە کە پێك دێت لە پلەی دەنگی (صۆڵ ، دۆ) لە دوای هەڵگەڕانەوە کە پلەی دەنگی گڕە ( نزم ) بردومانەتە سەروی پلەی دەنگی تیژ (سەرو ) بۆتە میانەیەکی پێنجی تەبا . بەواتای بۆتە میانەیەکی پێنجی تەبا (دۆ، سۆڵ ) .

٢- دووەم هەڵگەڕانەوە ( المقلوب الثانی ) .

بریتی یە لەگۆڕینی جێگای پلەی دەنگی تیژ( سەرو )بەواتای پلەی دووەمی ئەو میانەیە بۆ پلەی گڕ (نزم ) بەواتای خستنیە خواروی پلەی یەکەمی میانەی . وەکو لەم نمونەیەدا :-

١٢٥



پێنجی تەبا      چواری تەبا

پاش هەڵگەڕانەوە      پێش هەڵگەڕانەوە

لەو نمونەیەدا کە میانەیەکی چواری تەبایە (سۆل بۆ دۆ) لە کاتی دووەم هەڵگەڕانەوەدا دەنگی سەروکە دەنگی دۆیە خراوەتە ژێر پلەی بنکەی میانەکەوە تابۆتە میانەیەکی پێنجی تەبا .

### ٥٠. ناوی میانەی مۆسیقایی‌یەکان پاش هەڵگەڕانەوەکان .


( اسماء الفواصل الموسیقیة بعد الانقلاب )

لەبەر گۆڕانی (زۆربون یا کەمبونی )ژمارەی پلە دەنگیە مۆسیقای‌یەکان لەکاتی هەڵگەڕانەوەکاندا ناوی میانە مۆسیقایی‌یەکان دەگۆڕێ . جا گەر ئەو میانەیە لە سنوری ئۆکتافێکدا بو ئەوا دەبێ کۆی هەردوو میانەکە بکاتە ژمارەی (٩) و جۆری میانەکەش

بەپێچەوانەی پێش هەڵگەڕانەکەوە دەبێ : بەلاَم گەر لە ئۆکتاڤ زیاتر بوو (بووە دوو ئۆکتاف ) دەشێ کۆی میانەکانیان بکاتە (١٦) پلەی دەنگی مۆسیقا : وەکو لەم نمونەی لای خوارەوەدا کە لەئۆکتافێکدان :-

١- هەڵگەڕانەوەی میانەی بچوك دەبێتە میانەی گەورە .

١٢٦



سیانی گەورە   شەشی بچوك   حەوتی گەورە   دوانی بچوك

٢- هەڵگەڕانەوەی میانەی گەورە دەبێتە میانەی بچوك :-

١٢٧



شەشی بچوك   سیانی گەورە   دوانی بچوك   حەوتی گەورە

٣- هەڵگەڕانەوەی میانەی زیادە دەبێتە میانەی ناتەبا .


١٢٨



چواری ناتەبا   پێنجی زیادە   پێنجی ناتە با   چواری زیادە


٤- هەڵگەڕانەوەی میانەی ناتەبا دەبێتە میانەی زیادە :-

١٢٩



پێنجی زیادە چواری ناتەبا   چواری زیادە- پێنجی ناتەبا


٥- هەڵگەڕانەوەی میانە تەباکان تەنها وەکو خۆیان دەمێننەوە هەر ژمارەی دەنگەکانیان دەگۆڕێ :

١٣٠ 

پێنجی تەبا چواری تەبا چواری تەبا پێنجی تەبا

**تێبینی :**

گەر هەڵگەڕانەوەکان لە ئۆکتاف زیاتربوو ئەوا هەمان جۆر ئەو گۆڕانکاریانەیان بەسەردا دێ وەکو وتیشمان دەبێ ژمارەی پلە دەنگیەکانیان بکاتە (١٦) وەکو لەم نمونەیەدا :-


١٣١ 

حەوتی بچوك نۆی گەورە شەشی بچوك دەی گەورە

## ٥١ میانەی میلۆدیو میانەی هاودەنگی
## ( الفاصلة اللحنية والفاصلة الهارمونية )

١- میانەی میلۆدی (الفاصلة اللحنية)

بریتیە لەو میانە دەنگیانەی کە هەریەکەیان لەکاتی خۆیدا بەتەنهاو یەك لە دوای یەك ئەژەنرێن وەکو ئەو میانانەی لەمەوبەر باسمان کرد : لەم نمونەیەدا بەرچاوی ئەخەین

١٣٢ 

میانەی میلۆدی

٢- میانەی هاودەنگی (الفاصلة الهارمونية )

بریتیە لەو چەند پلە دەنگیەی کە بەیەکەوە لەیەك ساتدا ئەژەنرێن بەپێی یاسای ژەنینی خۆیان : وەکو لەم نمونەیەدا .



میانەی هاودەنگی


## ٥٢ زانستی هاودەنگی (علم الهارمۆنی)

بریتی‌یە لە دەرك پی‌کردنی چۆنیەتی چین دروست کردن لەچەند دەنگێکی مۆسیقا بۆ ئەوەی لەیەك ساتدا بژەنرێن و زانینی پەیوەندی پلە دەنگیەکانی ئەو چنیە دەنگیەیەك بەوی دی‌یەوە

## ٥٣ چینی دەنگ (کۆرد)

بریتی‌یە لەبنیات نانی چینێکی دەنگی لەسێ پلەی دەنگی یاپتر بەمەرجێك هەریەکەیان میانەیەکی سیانی لەوی دی دووربێت وەکو لەم نمونەیەدا.

١ ٢ ٣ ٤ ٥ ٦

١٣٤ 

لەو نمونەیەی سەرەوەدا دەرئەکەوێ کە :-

١ – چینێکی دەنگی‌یە لەبەر ئەوەی پلە دەنگیەکانی هەریەکە لەوی‌دی‌یەوە میانەیەکی سیانی دورە .

٢ – چینێکی دەنگی‌یە لەبەر ئەوەی ئەتوانرێ پلە دەنگیەکانی وای لێبکرێت کە هەریەکەیان سێ میانەی دەنگی لەوی دی‌یەوە دوربێت وەکو لەباری سێ‌یەمدا دە بنیین .

٣ – چینێکی دەنگی‌یە لەبەر هەمان هۆی یەکەم

٤ – چینێکی دەنگی‌یە لەبەر هەمان هۆی دووەم

٥ – چینێکی دەنگی‌یە لەبەر هەمان هۆی یەکەم

چینێکی دەنگی نیە .لەبەرئەوەی ناتوانرێ پلە دەنگیەکانی
بترێن .

## ٥٤ چینە سێ دەنگیەکان (المراکب النغمی الثلاثی)

پێك دێت لەو چینە دەنگیەی کە سێ دەنگی بەدوری سی ... تێدا بێت ، وەکو لەم نمونەیەدا .

١٣٥ 

لەو نمونەیەدا چینێکی سێ دەنگی دەبینین کە هەر پلە دەنگی یەکی سێ میانەی یەك لەوی دیەوە دورە بەو شێوەیەش ئەمە ناوەکانیانە :-

١ - پلەی بنکە . دەنگی دۆیەو چینە دەنگیەکەی لەسەر بنیات نراوە .

٢ - پلەی سێیەم . دەنگی میەو میانەیەکی سیانی لە بنکەوە دورە

٣ - پلەی پێنجەم . دەنگی سۆلەو سێ میانەی یەك لە پلەی سێیەمەوە دورەو پێنج میانەیی‌یەك لە بنکەوە دورە . جا لێرەدا نابێ ئەوە فەرامۆش بکەین کە هەموو دەنگەکانی چینە دەنگیەکان دوریەکەیان لە بنکەوە بۆ پلەکەی خۆی دەبژێررێ .

## ٥٥ جۆرەکانی چینە سێ دەنگیەکان (انواع المرکبات الثلاثیە)

بەپێی ئەو میانە دەنگیانەی کە دەکەوێتە نێوان پلەی بنکەو سێیەم وپلەی بنکەو پێنجەم جۆری چینە سێ دەنگیەکانمان بۆ دەرئەکەوێ .

وەکو لەم نمونەیەدا :-

١٣٦ 


نمونەیەدا دەرئەکەوی کە :

- چینێکی گەورەیە لەبەر ئەوەی پێك‌دێت لە میانەیەکی سیانی گەورەو میانە

پێنجی تەبا .

٢ – چینێکی بچوکە لەبەر ئەوەی پێك دێت لە سێ میانەیەکی بچوك و پێنج میانەیی یەکی تەبا .

٣ – چینێکی ناتەبایە: لەبەر ئەوەی پێك دێت لە میانەیەکی سیانی بچوك و میانەیەکی پێنجی ناتەبا .


٤ – چینێکی زیادەیە لەبەر ئەوەی پێك دێت لە میانەیەکی سیانی گەورەو میانەیەکی پێنجی زیادە .

تێبینی :- چەند جۆرێکی دی لە چینە سێ دەنگیەکان هەن لە کاتی خۆیدا باسیان دەکەین .

ئەوەی شایانی باسە ئەو چوار جۆرە لە چینە سێ دەنگیەکان هەریەکەیان لەسەر پلەکانی پەیژەی گەورەی ئاسایی و پەیژەی بچوکی هارمۆنی (هاودەنگی) بەم شێوەیەی لای خوارەوە هەن

| جۆری چینە سێ دەنگیەکان | ئەو پلە دەنگیانەی کە لە سەرپەیژەی گەورەی ئاسای ئەم چینە دروست ئەکەن | ئەو پلە دەنگیانەی کە لەسەر پەیژەی بچوکی هارمۆنی ئەم چینە دروست دەکەن |
|---|---|---|
| چینی گەورە | I IV V | V ، VI |
| چینی بچوك | II III VI | I ، IV |
| چینی ناتەبا | VII | II ، VII |
| چینی زیادە | نیەتی | III |

بەم دوو نمونەیەی لای خوارەو ، لەسەر پەیژەی دۆی گەورەی ئاسایی و پەیژەی دۆی بچوکی هاودەنگی دەست نیشانی جۆری چینە دەنگیەکان دەکەین .




١٣٨




١٣٧

## ٥٦ دەست نیشان کردنی جێگای چینە سێ دەنگیەکان لەسەر پەیژەی مۆسیقی

## (موضع المركب النغمي الثلاثي على السلم الموسيقي)

وەکو لەباسی میانە دەنگیەکاندا باسمان کرد میانەی سادەو میانەی لێکدراو هەن . لێرەشدا وەکو دەڵێن دەبێ میانەی چینە دەنگیەکان هەریەکەیان میانەیەکی دەنگی لەوی دیەوە دوربێت . بەڵام هەندێ جار وا پێویست دەکات کە ئەم چینە دەنگیە بەشێوەیەك دابرێژرێت کە دوربێ لە هەڵەی هاودەنگییەوە (لەکاتی خۆیدا باسی دەکەین) بۆیە دەشێ میانە لێکدراوەکانیش بەکار بهێنین لە شێوەی چینە دەنگیدا .

وەکو لەم نمونەیەی خوارەوە وا بۆمان دەرئەکەوێ ئەو چینە دەنگیەی کە دروستمان کردوە بنکەکەی دەنگی دۆیە . واتە چینی دەنگی دۆیەو هەرسێ پلە دەنگیەکەی بەشێوەی سێ میانەی لەیەك دورن . وەکو بەشی : ا – دەی بینین بەو جۆرە پلەیەکی دەنگی بنکەی لە گرترین پلە دەنگی دایەو پلەی سێیەمی لە چینی ناوەندایەو پلەکەی دی لە هەمویان زیل ترە کە پلەی پێنجەمیەتی .

کەواتە چینە سێ دەنگیەکان بەدو شێو دەبیرێن

١ – ساتی میلۆدی

٢ – ساتی هاودەنگی

بەواتای گەر باسی ساتی میلۆدی ئەو چینە دەنگیا نە بکەین ئەوا دەڵێین چی پلەیەکی دەنگی لە تیژترین (بەرزترین) جێگادا بوو ئەڵێین ساتی میلۆدی ئەو پلە دەنگیەیە . هەروەها گەر باسی ساتی هاودەنگی چینە دەنگێك بکەین ئەوا چی پلەیەك لە گرترین جێگادا بوو ئەوا دەڵێین ساتی هاودەنگی ئەو پلە دەنگیەیە .

لەبەر ئەوە لەو نمونەیەی لای خوارەوەدا ئەمانەی خوارەوەمان بۆ دەرئەکەوێ .

١ – بەشی (باری) (ب ، و) چینە دەنگیەکەی لەساتی بنکە میلۆدیدایە

٢ – بەشی (جـ ، ء) چینە دەنگیەکانی لەساتی سێیەمی میلۆدیدایە .

٣ – بەشی (أ – هـ) چینە دەنگیەکانی لەساتی پێنجەمی میلۆدیدایە .


٤ – بەشی (ا – ء) چینە دەنگیەکانی لە ساتی بنکە هاودەنگیدایە .

٥ – بەشی (ب ، هـ) چینە دەنگیەکانی لەساتی سێیەمی هاودەنگیدایە .

٦ – بەشی (جـ ، و) چینە دەنگیەکانی لەساتی پێنجەمی هاودەنگیدایە .

چینە سێ دەنگیەکان گەر لەساتی بنکە هاودەنگی دابوو ئەوا بەچینی ژمارە پێنج ناسراوە . بەژمارەی ٣ ، ٥ ، ٨ ئەناسرێت بەڵام ئەوەی لەناو پسپۆڕانی ئەم زانستیەدا

باوه تەنها بەچینی ژمارە پێنج ناو دەبرێ. وەکو لەم نمونەیەی لای حوارەو ا



## ٥٧ دارشتنی چینە سێ دەنگیە هاودەنگی‌یەکان لە چوار پلەی دەنگی

**(بناء المركب النغمي الثلاثي من اربعة اصوات)**

بۆ ئەوەی چینە سێ دەنگیەکان پێك بێن لە چوار پلەی دەنگی دەشێ یەکێ لەو پلە دەنگیانە دوپات بکەنیەوە . لەبەر ئەوەی بەپێی چینە دەنگیە گرو تیژەکانی ئادەمیزاد (کەلەمەو بەر باسکراون) هەر چوار یانمان دەست بکەوێ . جابۆ ئەوەی بەشێوەیەکی زانستی ئەو پلە دەنگیە دوپات بکەینەوە ئەشێ بزانین کامیان ڕەوای دووپات کردنەوەیە .

لەسەرەتادا باسی دەنگی سادەو دەنگی لێکدراومان کردو هەروەها بازنەی دەنگە سەرچووەکانیشمان زانی کە چۆن یەك لەدوای یەك پێك دێن و دەبیسترێن بەکورتی :— بەهۆی لەرنیەوەی تەنێکەوە دەنگێکی سەرەکی دەبیسترێ و دوای ئەو چەند دەنگێکی دی دەبیسترێ، وەکو لەم نمونەیەدا

(٤٠)



لەو نمونەیەدا دەرئەکەوێ کە ئەو حەوت پلە دەنگیە بەهۆی لەرینەوەی تەنێکەوە دروست دەبێ (بەڕاهاتنی گوێ‌گرتن ئەم یاسایەمان بۆرون ئەبێتەوە) وەکو سەیرئە ئەکەین شەش پلە دەنگی یەکەم ئەو دەنگانەن کە چینە سێ دەنگیەکانی لێ دروست بووە . کە دەنگی (دۆ ، می ، سۆڵ) ن لەبەر ئەوە سەیر ئەکەین پلەی دەنگی بنکە دەنگی دۆیە سێ جار دووپات بۆ تەوەو پلەی دەنگی پێنجەم دووجارو پلەی دەنگ

سی یەم جارێك دووپات بۆتەوە . جا لەبەر ئەوە ڕەوایە پلەی دەنگی بنکە لەم جۆرە چینە دەنگیانەدا دووپات بکەینەوە . بەڵام هەندێ جاریش ئەتوانرێ پلەی پێنجەم و سێ یەم دووپات بکەینەوە گەر پێویست بوو . بەڵام یاسایەك هەیە کە ڕێگامان پێ ئەدا بۆ دووپات کردنەوەیان و دەشێ لەو یاسایە لانەدەین (لەکاتی خۆییدا باسیان دەکەین) . بەهەرحاڵ، دووپات کردنەوەی دەنگەسەرەکیەکان لەهەموو پەیژەیەکدا کەپلەی (١ ، ٤ ، ٥) ڕەوایە.

## ٥٨ شێوەی دارشتنی پلەکانی چینە دەنگیەکان (وضع الاكوردات)

بەپێی جێگاو شوێنی دانانیان لەسەر پلەکانی پلیکانەی مۆسیقا دوو جۆریان هەیە

١ – شێوەی نزیك (وضع متراص) ئەو چینە دەنگیە یەکە هەریەکە لە پلەکانی لە شێوەی خۆیاندابن و جێ گۆڕکێیان پێ نەکرێ بەواتای لە نێوان ئۆکتا ڤێکدابن .

٢ – شێوەی بڵاو (وضع متخلخل) شێوەی پلەکانی ئەم چنیە دەنگیە جێ گۆڕکێیان پێ ئەکرێ و لە نێوان پتر لە ئۆکتا ڤێکدان .

## ٥٩ چینە دەنگیە سیانی یە سەرەکیەکان . (المركبات النغمية الثلاثية الرئيسية)

هەمو پەیژەیەکی مۆسیقا شوناسنامەی خۆی بەچەند جۆرێك ئەتوانێ پیشان بدات وەکو :–

١ – لە ڕێگای میانەی نێوان پلە دەنگیەکانی پەیژەکەوە (وەکو لەمەوبەر باسمان کرد)

٢ – لەڕێگای دارشتنی ئەو چینە دەنگیانەی لەسەر پلەکانی پەیژەکە دروست دەکرێ (وەکو لەبابەتی جۆرەکانی چینە سێ دەنگیەکانا باسمان کرد).

هەروەها ئەتوانین بڵێین بەهۆی چینە دەنگیە سیانیە سەرە کیەکانەوە ناوی ئەو پەیژە بنێین .

بابزانین چۆن :–

بەپێی زانستی مۆسیقا بەهۆی لەرنیەوەی تەنێکەوە بازنەی دەنگە سەرچووەکان و بازنەی دەنگە خوارچووەکان جگە لە پلەی دەنگی بنکە کە دەنگەکان بەهۆی ئەووەوە [illegible]وست دەبێت . دەنگی پێنجەمی سەروی (سەرچو) دووجاری دووپات دەبێتەوە .

هەروەها دەنگی پێنجەمی خوارچوو دووجار دووپات دەبێتەوە بۆیە پێی‌یان دەوترێ پێنجی سەرچوو پێنجی خوارچو . دەنگە سەرەکیەکان لەگەڵ پلەی دەنگی بنکەدا . بەواتای پلەی بنکەو پلەی پێنجی سەرچوو پلەی پێنجی خوارچوو (کە دەکاتە پلەی چوارەمی سەرچوو)بەپلە سەرەکیە کان دەناسرێن‌و پلەکانی دی بەپلە یارمەتی دەرەکان دەناسرێن کەواتە :—

١ — پلە دەنگیەکانی یەکەم‌و پێنجەم‌و چوارەم پلەسەرە کیەکانن

٢ — پلە دەنگیەکانی دووەم‌و سێیەم‌و شەشەم‌و حەوتەم بەپلە یارمەتی دەرەکان دەناسرێن .

بۆیە هەردەم رەواترە چینە دەنگی لەسەر پلە سەرەکیە کان دروست بکەین .

## ٦٠ کاری چینە دەنگیە سیانی‌یە سەرەکیەکان (وضائف المركبات النغمية الثلاثية الرئيسية)

گرنگ وایە مانای کار بزانین چییەئەوسابێینە سەر باسکردنی .

زاراوەی کارکردن بەمانای پەیوەندی بەشێك بۆبەشێکی دی‌و پەیوەندی بەشێك بەگشتەوە دێت .

بەکورتی :— پەیوەندی پلەیەکی دەنگی لەپارچە ئاوزێکدا لەگەڵ سەرانسەری دەنگەکانی دی پارچە ئاوازەکەیە . هەروەها پەیوەندی پلەیەکی دەنگی چینێکی دەنگی لەگەڵ پلەکانی دی‌داو لەگەل سەرانسەری پلە دەنگیەکانداو هەروەها پەیوەندی چینێکی دەنگی لەگەل چینەکانی هاوشانی .

کە دەڵێین چینی دەنگی سەر پلەی بنکەی پەیژەیەکی مۆسیقا بەچینی سەرەکی دائەنرێ چونکە ئەو پلە دەنگیە بەهێزترین پلەی دەنگیە لە پارچە ئاوازەکەدا کەواتە چینە دەنگیەکەشی بەهێزترین چینە دەنگیەکانی هەمان پەیژەیە . هەروەها بەپلەی حەوانەوەو ئاسا بیستراو ناو دەبرێ . هەمو چینە دەنگیەکانی دی گەر سەرەکیش بن بەلای ئەمدا هەست بەکشان دەکەن .

جا بۆیە رەوایە لەساتی دەست پی‌کردن‌و کۆتایی هێنان بە پارچە ئاوازەکە بەم جۆرە چینە بێت . وەکو باسیشمان کرد پیتی T کورت کراوە کەیەتی .

چینی پلەی پێنجەمیش لە پلە سەرەکیەکانەو پێی دەوترێ چینی دو مینانت وپیتی D کورت کراوەکەیەتی (بەواتای پلەی دومینانتی سەرو) کاری ئەم چینە دەنگیەش

ناکۆتایی ناحەوانەوەیە بۆیە هەردەم بەرەو پلەی Tهەست بەکشان دەکاو چاتروایە بەرەو چینی کۆتا (T)بکشێت . هەروەها لەبەر ئەوەیە ئەم چینە پلەی Dدووپلەی دی لەگەڵە کە پلەی هەستیار (حەوتەمی پەیژە سەرەکیەکەو) پلەی دووەمی پەیژە سەرەکیەکەن . کە هەردوکیان بەتوندی هەست بەکشانیان دەکەین بەرەو پلەی بنکە (وەکو لەمەوبەر لەبابەتی دەنگە جیگیر بووە کاندا باسمان کرد) دەکشێن .

چینی سەر پلەی چوارەمیش کە پیی دەڵێن چینی دومنیانتی خوارو . یان چینی ژێر دومنیانت پێتی (S)کورت کراوەکەیەتی .

کاری ئەم چینەش هەرچەند ناحەوانە وەو ناچەسپاویە بەلاّم بەو هێزەنیەکە پلەی Dتیایەتی . ئەویش لەبەر ئەو هۆیانەبوو کە لەبابەت چینی پلەی (D)یەوە باسمان کرد . هەروەها پلە دەنگیەکانی چینی (S)کەپێك دێن لەپلە I VI IV(١ ،٦ ،٤) ی پەیژە سەرەکیەکە . چونکە پلەی پێنجەمی ئەم چینە (چینی Sدەکاتە پلەی یەکەمی پەیژە سەرەکیەکە). کەواتە رەواترین کشان گەر بەم جۆرەی خوارەوە بێ چاترە ، بەواتای گەر لە چینی پلەی یەکدابوین بچینە چینی پلە (S)لەدوایدا چینی پلەی (D)و بکشێنە چینی پلەی بنکە. وەکو لەم نمونەیەدا :-

١٤١




## ٦١ بەستنەوەی پلە دەنگیەکانی چینە هاودەنگییەکان «ربط الاکوردات»

بریتیە لە بەستنەوەی (کشانی) پلە دەنگیەکانی چینێکی هاودەنگی بەپلە دەنگیەکانی چینەکەی هاوشانی .

جا لێردا هەندێ خاڵ هەیە ئەشێ رەچاو بکرێت :-

١ - چۆن پلەیەکی دەنگی بۆپلە هاوشانەکەی خۆی دەکشێ بەواتای ئەو میانە دەنگیە

پەنە لە دەنەویە بۆیان
٢ – جۆری کشانی دو پلە یا زیاتری چینێکی دەنگی بوینە ...
هاوشانەکەی .
٣ – کشانی پەسندی. دەنگە هەستیارەکان (الاصوات الحساسة)
ئەو کشانانەش بەم جۆرانە دەبێ :
أ – کشانی تاك رەو (الحرکه الاحادیه) .
بەواتای کشانی پلەیەکی چینە هاودەنگییەك بۆ پلەیەکی چینە هاودەنگیە هاوشانەکەی ..
لێرەدا پێویستە باسی ئەو جۆرە کشانە بکەین وبڵێین کشانی کەمترین میانە دەنگی چاکترین رێگایە بۆ تێپەرکردنی (کشانی) پلەیەکی دەنگی بۆ پلە هاوشانەکەی . وەکو
١ – کشانی میانەدوویی بەمەرجێ میانە دووانی زیادە نەبێ لەبەر ئەوەی ئەم کشانە لەکاتی ووتنی ئادەمیزادا ئەرکێکی گرانە پێویستە دورکەوینەوە لێی .
٢ – کشانی میانە سیانی ئەرکێکی گرانە کەم کردنەوەی چاکترە
٣ – کشانی میانە چواریو میانە پێنجی ئەبێ بەئاگابین تابەهەڵە بەکاریان نەهێنین چونکە گەر هەریەکەیان دووجار لە دووایەك هاتن بەقەدەغە کراوەکانی هاودەنگی دەبژێررێن وەکو لەم نمونەیەدا :–

٤٢ 

٤ – هەروەها لەقەدەغە کراوەکانی کشانی تاك رەویدا چواری زیادەیە (Three tone) کەپێی دەڵێن شەیتانی مۆسیقا (نابێ بەکاربهێنرێ) بەڵام گەر هەڵمان گەڕانەوە وبووە میانە پێنجی ناتەبا ئەوا رێگەی پێ ئەدرێ وەکو لەم نمونەیەدا :–

٤٣ 

٥ – دەشێ بازی (کشانی) شەش میانەیی کەم بەکاربهێنرێ وگەر بەکاریش هێنرا دەشی لە چینە دەنگیەکەی هاوشانیدا کشانێکی پێچەوانە بەوی هەبێ . وەکو لەم نم

١٤٤ 

٦ – ڕێنادرێ بەکشانی پلەیەکی دەنگی بۆ پلەیەکی دی بەبازی حەوتی . بەڵام هەندێ جار ڕێئەدرێ،لە کاتی خۆیدا باسی دەکەین

٧ – بازدانی هەشت میانەی کەم بەکارهێنانی چاترە بەتایبەت لە چینی گڕدا ڕەواترە.

ب :– کشانی دوو پلەی دەنگی لە چینێکەوە بۆ چینێکی دی :

(الحرکه الثنائیه)

بەم شێوانەی لای خوارەوە دەبێ

١ – کشانی ڕاست : (الحرکه المستقیمه)

لە ساتێکدا دوو پلەی دەنگی چینێکی هاودەنگی بەیەك لادا (سەرەوە یان خوارەوە) دەکشێنە پلەکانی چینە هاودە نگەکەی هاوشانی . وەکو لەم نمونەیەدا

١٤٥  کشانی ڕاستڕەو

٢ – کشانی پێچەوانە : (الحرکه العکسیه)

کشانی دوو پلەی دەنگی چینێکی هاودەنگی بۆ پلەی دەنگی چینەکەی هاوشانی بەپێچەوانەیەکەوە (بەواتای پلەیەکیان بۆ سەرەوە وپلەیەکیان بەروخوار) وەکو لەم نمونەیەدا :


١٤٦ 

٣ – کشانی تاك ڕاکشاو (الحرکه الجانبیه)

لە ساتێکدا ڕوو دەدات کە یەکێ لەو دو پلە دەنگیە لە پلە دەنگیەکەی خۆیدا بمێنێتەوە (ڕابکشێ)و پلەکەی دی بکشێ بەرەو سەریان بەرەو خوار وەکو لەم نمونەیەدا :

١٤٧ 

هەروەها دوو کشانی دی هەیە یەکەمیان زادەی کشانی راست رەوەکە بریتی‌یە لە ، کشانی دوو دەنگ بۆ دو پلە دەنگی دی بەمەرجێ میانەکەیان (بەرزی‌یەکەیان) وەکو خۆی بمێنێتەوە . وپی‌ی دەڵێن کشانی تەریب هەروەها کشانی پێچەوانەی تەریب کە بریتی‌یە لەکشانی دو پلەی دەنگی بەپێچەوانەی یەکەوە بەمەرجێ بگەنە هەمان پلەی دەنگی خۆیان (بەرەوسەر یان بەرەوخوار) وەکو لەم نمونەیەدا :-

148 


## ٦٢ رەوتە هاودەنگییە قەدەغەکان (التتابعات الهارمونية الممنوعة)


کشانی پلەکانی دەنگی (8,5,1)بۆ پلەی دەنگیە هاوشانەکانیان بەمەرجێ هەمان ناوی پلەی دەنگیان هەبێ بەقەدەغە کراوەکان ناسراون وبەم شێوانەی لای خوارەوەیە:

١ - کشانە تەریبە دەرکەوتوەکانی پلە دەنگیەکانی 1, 5, 8 (المتوازيات الظاهرة لبعد خامسة وثامنة و اولى تامة)

لە کاتێکدا رووئەدات کە دوو پلەی دەنگی دەکشێنە دوو پلەی دەنگی هاوشان و هاوپلەی خۆیان لە چینێکی دی‌دا .

وەکو پلەی هەشتەم بۆ پلەی هەشتەمی چینە نوی‌کەو پلەی پێنجەم بۆ پلەی پێنجەم و پلەی بنکە بۆ پلەی بنکە .

وەکو لەم نمونانەدا :-

149 

لەبارى یەکەمى ئەو نمونەیەدا دوو کشانى تەریبى پێنج میانەیى نێوان پلەى گرو پەدى سۆپرانۆو تینۆرو سۆپرانۆ دەبینین . هەروەها میانەیەکى هەشتى (ئۆکتاف) نێوان پلەى چنى گرو تینۆر دەبینین لە بارى دووەمیشدا دووکشانى تەریبى نێوان گرو تینۆرو میانەیەکى پێنجى نێوان گرو سۆپرانۆو تینۆرو سۆپرانۆ دەبینین .

لە کاتى بەستنەوەى (رەوتى) پلە دەنگیەکانى دووچینى هاودەنگ یەك بەوى دىیەوە دەبێ بەئاگا بین لە بەکارنەهێنانى ئەم جۆرە رەوتە لەبەر ئەوەى بەقەدەغە کراوەکان ناسراوە . (هەرچەندە هەندێ سات بەکاردێن ، لەکاتى خۆیدا باسیان دەکەین) هەروەها هەر لەئێستاوە دەشێ ئەوە مان لە بەرچاو بێ ، کە رەوتى دوو پلەى دەنگى کەمیانە پێنجى بن بەیەکەوە شیاوە گەر یەکەمیان میانەکەى پێنجى تەبا بێت دووەم پێنجى ناتەبا .

ب :- دروست بوونى میانەى پێنجى‌و هەشتى تەریبى نادیار

(المتوازیات المستترە لبعد خامسة وثامنة) لە کاتێکدا دەبێ کە دوپلەى دەنگى بەکشانێکى (جوڵەیەکى) راستڕەو دەکشێنە دووپلەى هاوشانیان لەدورى میانەى پێنجى یان هەشتى :

لەبەر ئەوەى لە چینە هاودەنگیەکەى یەکەمدا میانە پێنجى یان هەشتى هەیە بەڵام نادیارە . لەتەك میانەکەى چینەکەى دووەمدا (دواى خۆى) دەردەکەوێ ئەشێ لەو جۆرە کشانە دورکەوینەوە وەکو لەم نمونەیەى لاى خوارەوەدا کە میانە نادیارەکەمان بەنۆتەى بچوك دەست‌نیشان کردوە .

١٥٠



ئەم جۆرە کشانە تەریبە نادیارانە قەدەغەن گەر لەنێوان گرو سۆپرانۆ دابوو بەتایبەت گەر لە سۆپرانۆدا رەوتى بازدان هەبو (لەمیانەى دوانى زیاتر بوو) .

جـ :- کشانى پێچەوانە تەریب لەمیانەى پێنجى‌و هەشتى‌دا (عکس المتوازیات لبعد خامسة وثامنة)

لە ساتێکدا رووئەدات کە دووپلەى دەنگى کشانێکى پێچەوانە بەشێوەى تەریب برون لە میانەیەکى پێنجى بۆ پێنجى وهەشتى بۆ هەشتى هەروەها لە بنکە وە بۆ بنکە بەشێوەى فراوان‌و تەسك بوونەوە وەکو لەم نمونەیەدا .

لەباری یەکەمی ئەو نمونەیەدا دوو کشانی تەریبی پێنج میانەیی نێوان پلەی گرو پەەی سۆپرانۆو تینۆرو سۆپرانۆ دەبینین . هەروەها میانەیەکی هەشتی (ئۆکتاف) نێوان پلەی چنی گرو تینۆر دەبینین لە باری دووەمیشدا دووکشانی تەریبی نێوان گرو تینۆرو میانەیەکی پێنجی نێوان گرو سۆپرانۆو تینۆرو سۆپرانۆ دەبینین .

لە کاتی بەستنەوەی (رەوتی) پلە دەنگیەکانی دووچینی هاودەنگ یەك بەوی دیەوە دەبێ بەئاگا بین لە بەکارنەهێنانی ئەم جۆرە رەوتە لەبەر ئەوەی بەقەدەغە کراوەکان ناسراوە . (هەرچەندە هەندێ سات بەکاردێن ، لەکاتی خۆیدا باسیان دەکەین) هەروەها هەر لەئێستاوە دەشێ ئەوە مان لە بەرچاو بێ ، کە رەوتی دوو پلەی دەنگی کەمیانە پێنجی بن بەیەکەوە شیاوە گەر یەکەمیان میانەکەی پێنجی تەبا بێت دووەم پێنجی ناتەبا .

ب :- دروست بوونی میانەی پێنجیو هەشتی تەریبی نادیار

(المتوازیات المستترە لبعد خامسة وثامنة) لە کاتێکدا دەبێ کە دوپلەی دەنگی بەکشانێکی (جوڵەیەکی) راستڕەو دەکشێنە دووپلەی هاوشانیان لەدوری میانەی پێنجی یان هەشتی :

لەبەر ئەوەی لە چینە هاودەنگیەکەی یەکەمدا میانە پێنجی یان هەشتی هەیە بەلام نادیارە . لەتەك میانەکەی چینەکەی دووەمدا (دوای خۆی) دەردەکەوێ ئەشێ لەو جۆرە کشانە دورکەوینەوە وەکو لەم نمونەیەی لای خوارەوەدا کە میانە نادیارەکەمان بەنۆتەی بچوك دەست نیشان کردوە .

١٥٠ 

ئەم جۆرە کشانە تەریبە نادیارانە قەدەغەن گەر لەنێوان گرو سۆپرانۆ دابوو بەتایبەت گەر لە سۆپرانۆدا رەوتی بازدان هەبو (لەمیانەی دوانی زیاتر بوو) .

جـ :- کشانی پێچەوانە تەریب لەمیانەی پێنجیو هەشتیدا (عکس المتوازیات لبعد خامسة وثامنة)

لە ساتێکدا رووئەدات کە دووپلەی دەنگی کشانێکی پێچەوانە بەشێوەی تەریب برون لە میانەیەکی پێنجی بۆ پێنجی وهەشتی بۆ هەشتی هەروەها لە بنکە وە بۆ بنکە بەشێوەی فراوانو تەسك بوونەوە وەکو لەم نمونەیەدا .

تێبینی :-

یەلێ لەدوای یەك هاتنی پلەی دەنگی پێنجیو هەشتیو بنکەگەر کشانەکانیان راکشاو بوو قەدەغە نیە : وەکو لەم نمونەیەدا :-

١٥٥ 

## ٦٣ یاساکانی بەستنەوەی پلەکانی چینەدەنگیەکان - قوانین ربط الاکوردات -

**لە کاتی کشانی پلە دەنگیەکانی چینێکی دەنگی بۆ چینێکی هاودەنگی هاوشانی پێویستە ئەم خالانە رەچاو بکرێن .**

١- دۆزینەوەی میانە قەدەغە کراوەکانو کشانیان بەجۆرێ نەکەوێتە هەلە هاودەنگیەکانەوە وەکو لەمەوبەر باسمان کرد .

٢- هەولێ بدەین چینی گرو سۆپرانۆ لە میانەیەکی هەشتی یان پێنجی دایەك نەگرنەوە لە کشانی راست رەودا کە لەچینی سۆپرانۆدا بازدان هەبوو .

٣- پلە دەنگیەکانی دی سەربەستن لە کشانەکانیانداو چاکتر وایە بەنزیك ترین رەوت بیان کشێنینە پلە دەنگیەکانی چینەکانی هاوشانی .

٤- دەبێ بەئاگابین لەچۆنیەتی کشانی پلە دەنگیەنا چەسپاوەکان بەگشتیو پلەی هەستیار بەتی (وەکو دەلین پلەی هەستیار بکشێنە پلەی بنکە رەواترە) تانەکەوینە هەلە هاودەنگیەکانەوە .

## ٦٤ دووپاتکردنەوەی چینێکی دەنگی لەبارێکی مۆسیقاییدا (ترحیل الاکوردات) .

دەشێ لە بارێکی مۆسیقایدا بەپێی زرمە مۆسیقاییەکان چینێکی دەنگی دووپات کرێتەوە ، بەمەرجێ جێگۆرکێ بەپلە دەنگیەکانی بکرێ : لێرەدا ئەوەمان لەیاد نەچێ کەچینە دەنگیەکە دەبێ پێك بێت لە چوار پلەی دەنگی بەشێوەیەکی راست ، بەواتای هەر چوار پلە دەنگیەکەی تێدابێت (گروتینۆرو ئالتۆو سۆپرانۆ) وگوێنادرێ بەدووپات بوونەوەی میانە هەشتی وپێنجی یەکان وەکو لەم نمونەیەدا .

١٥٦



## ٦٥ چینه کۆتاهێنەرەکان (الکادنسات) (القفلات)

وەکو ئاشکرایە هەموو پارچە ئاوازێك پێك دێت لە چەند بەشێك وهەر بەشێك پێك دێت لەچەند رستەیەکی مۆسیقا. جا لەبەر ئەوەی ئەوبەشانەو ئەورستە مۆسیقاییانە یەك لەوی دی جیابکرێنەوە هەریەکەیان پێویستی بەوە هەیە بەهۆی چینە دەنگیەکەوە کە هەست بەحەوانەوە سانا بیستی بکرێت تیایدا. ئەم تەواو کردنانەش بەستراوە بەچۆنیەتی ئەو چینە دەنگیانەوە کە لەم کۆتایا نەدادا ئەنرێن. ئاشکراشە کە چینی پلەی ( T ) ی پەیژە سەرەکیەکە بەهێزترین و چەسپاوترین پلەکانی پەیژە موسیقایەکەن، بۆیە رەوایە کە هەردەم بەم پلەیە کۆتاییان پی بهێنین. جا بۆ ئەوەی کۆتاییەکە بەشیوەیەکی گونجاو وسانابێتە گوێ دەبێ بزانین ئەو چینە دەنگیانە بەچی شیوەیەك هاوشانیان دەکەین، تا بنە چینە تەواوکەرەکانو

بۆ ئەم مەبەستەش چەند شیوەیەك هەیە :-

١- جۆری رەسەن : گەر هاتوو لەپلەی Dیەوە چوینە پلەی بنکە (ئەو نمونەیەی لای خوارەوە بەشی ب).

٢- جۆری ئاینی :- گە رلە پلەی (S) وە چوینە پلەی بنکە. هەمان نمونە بەشی (أ). شیوەی یەکەم کە رەسەنە رەواترە لە کۆتای پارچە ئاوزە کەداو کۆتای رستە مۆسیقاییەکاندا بەکاربهێنرین.

(١) ساتی میلودی :- ئەودەنگەدەکەوێتە چینی سۆپرانۆ ئەو ساتانەی ئەم چینە دەنگیانەی تیابەکاردەهێنین بەم جۆارنەیە.

أ- کۆتایی بەمیلۆدی هاتبێ.

ئەوساتەیە کە چینە دە نگیەکە پلەی سیێەمییان پێنجەمی لە پلەی سۆپرانۆودابێت (هەمان نمونە بەشی ا، ب، جـ، د،) (157).

ب - کۆتایی بە بەمیلۆدی نەهاتبێ. لە ساتێکدا بەپێچەوانەی خاڵی پێشووە بێت. بەلام ئاشکرایە کە خاڵی پێشوو کە کۆتایی بەمیلۆدی هاتووە رەواترە لە کۆتای پارچە

ئاوازەکەدا ، یان بەشە جیا جیاکانی پارچە ئاوازەکە دا دابنرێ (لەهەموساتێکدا پلەی هەستیاردەکشێتە بنکە) .

(٢) کاتی هاودەنگی :-

دەشێ سەیری دوو چینی کۆتا بکەین و بزانین :-

١- کۆتایی هاودەنگی : کاتێك کە پلەی بنکە لە چینی گر دا بێت . لەهەردوو چینە دەنگیەکەدا (هەمان نموونە) (أ ، د ، ﻫ) ئاوازەکەدوا بەکاربهێنرێت چونکە هەست بەحەوانەوا وسانا بیستن دەکرێت : وەکو هەمان نمونە .

٢- کۆتایی هاودنگی نەبێت. بەپێچەوانەی خاڵی پێشووەوە بەواتای لەو دووچینە دەنگیەدا پلەی بنکە لە چینی گردا نەبێت ئاشکراشە کە کۆتایی هاودنگی رەواترە کە لە کوتایی پارچە ئاوازەکەدا بەکاربهێنرێت چونکە هەست بەحەوانەوە وسانا بیستن دەکرێت . وەکو هەمان نمونە بەشی ب ، ج

٣- ساتی زرمەکاتی :-

بەدەست نیشانکردنی ئەو زرمانەی کە چینە کۆتا هێنەرەکانی لە سەر دائەنرێن بەم جۆرانەی لای خوارەوە :-

ا - زرمە کۆتا :- لەو ساتەدایە کە چینە کۆتا هێنەرە کان لەسەر زرمە بەهێزەکان دابنرێن بەم جۆرەش دەڵێن کۆتا هێنانی پیاوانە . هەمان نمونە بەشی (ا، ب، ج، ﻫ)

ب - زرمە ناکۆتا :- لەو ساتەدایە کە چینە کۆتاهێنەرەکە لەسەر زرمەی بێهێز دروست بکرێت . بەم جۆرە کۆتا هێنانەش دەڵێن کوتاهێنانی ژنانە (هەمان نمونە بەشی د) ئاشکرایە کە بەکار هێنانی زرمە کوتاکان رەواترە لە کۆتای کارە مۆسیقای یەکاندا بەکاربهێنرێ : وەکو لەم نمونەیەدا :-

١٥٧






٤ – هاوشان كردنى چينه كۆتا هێنەرەكان :–

بريتي‌يه لەدانانى چينه سەرەكيەكان يەك لە دواى يەك بەم شێوەيە ( T S D)بەم جۆرانەى لاى خوارەوە

ا – كۆتاى تەوا (كادنسة كاملة) له ساتيكدايه كه كۆتاي بەپلەى بنكه (T)هاتبێ . نمونەى پێشو بەشى (ب، د، هـ)

ب – نيو كۆتا (نصف كادنسة) له ساتێكدايه كه چينه دەنگيه كه بەچينى D(، يان S ) كۆتاى هاتبێ وەكو نمونەى پێشو بەشى (جـ)

جا پێوسته ئەم جۆرە كادەنسەيه له كۆتايى كاره مۆسيقايى يەكاندا دروست كرێت ، لەبەر ئەوى گوێگر هەست بە نائاسايى ونامۆى له ئاوازەكەدا نەكا. هەندێ جار كه رستەيەكى پارچە ئاوازێك كۆتاى دێت‌و رستەيەكى دى دەست پێ‌دەكا. ئەو چينه دەنگيەى كه بۆ رسته نوێكه دروست دەكرێ كاره هاودەنگيەكەى خۆى بەدى ناهێنى ، هەر تامو چێژى چينه كۆتاى رسته پێشوەكەى پێوە دەمێنى لەم ساتانەدا رێگه بەم جۆره دووپات كردنەوانەى لاى خوارەوه ئەدرێ .

أ – دووپات كردنەوەى هەمان چينه هاودەنگى له دوبارى جياوازادا وەكو له هەمان نمونەى پێشوودا بارى چوارەم‌و پێنجەمى چينى پلەى بنكەى تيا دووپات كراونەتەوه .

بەلام گەر زۆر پێویست بوو ئەم کارە دەکەین چونکە دورکەوتنەوە لێیان چاترە .
أ - کشانی پلەی D(چینی پلەی D) بۆ پلەکانی چینی (S) وەکو هەمان نمونەی پێشووباری شەشەمو حەوتەم

بەلام گەر بمانەوێ کادە نسەیەکی رەسەنی تەواومان دەست کەوێ ، دەبێ بەچاکی دەست‌نیشانی هاوشان کردنی چینە سەرەکیەکانی پەیژەکە بکرێن . بەهاتنیان (یەك لە دوای یەك) لە دوای یەك) بەم جۆرە ‹T,D,أ› ]بەواتای چینی پلەی (S) دوای ئەو چینی پلەی (D)دوای ئەویش چینی بنکە (T) . تا کەدەنسەیەکی رەسەنمان دەست‌کەوێ .

هەندێ جار لە جیاتی پلەی بنکەکە لە کۆتای کادنسەی رەسەنەوە دێت دەبێتە چینی پلەی شەشەم بەواتای (SDVI) بۆ گۆڕینی جۆری پەیژەکە لە گەورەوە بۆ بچوك بەم جۆرە کادەنسەیەش دەڵێن کادەنسەی درۆزن (الكادنسة الكاذبة) (المخادعة)

## ٦٦ هاودەنگی کردنی ئاواز (هرمنة اللحن)

گەر ئاوازێکی مۆسیقایمان هەبوو گەرەکمان بوو شێوەی هاودەنگی لێبکەین دەشێ بۆ هەر پلەیەکی (چاتروایە بلێین زرمەیەکی) چینە هاودەنگی یەکی بۆ دابنێین . بەپێی ئەو مەرج‌و زانستیانەی کە لەمەوبەر باسمان کردن . هەرچەندە تا ئێستاش زانستی‌یەکی لەم کارەدا هەیە بەلام گەر بتوانین ئەو زانستیانەی کە فێربوین تا ئێستا بەکاری بهێن لە دروست کردنی چینە دەنگیەکان شتێکی دڵخۆش‌کەرە .

بەکورتی ئەو خاڵە پێویستانەی لە هاودەنگی کردنی ئاوزێکدا تا ئێستا فێربوین ئەمانەن :

١ - بیرکردنەوە لە پلە دەنگیە سەرەکیەکانی ئەو پەیژە مۆسیقایەی ئەم ئاوازەی لەسەر دانراوە . بەواتای دەست نیشان کردنی پلەکانی (T)بنکەو (D)پێنجەم‌و (S) پلەی چوارەم .

٢ - رەواترە لەسەرەتای پارچە ئاوازەکەدا بە پلەی بنکە دەست پێبکرێ‌و لە ساتی هاودەنگیشدا بێ .

٣ - کشانی پلە دەنگیەکانی ئەوچینە هاودەنگیانەی دروست‌یان دەکەین بەکەمترین‌و چاکترین رێگا .

٤ - رەواترە لە سەرەتای هەموو بارێکدا (دوای هێڵی بارو لەزرمە بەهێزەکاندا)

چینێکی هاودەنگی نوێ دروست بکرێت .

٥ – گەر لە بارێکدا چەند پلەیەکی دەنگی‌مان هەبوو توانیان هەمویان بکەینە پلە دەنگیەکانی یەك چینی هاودەنگی بەهۆی جێ گۆڕکێی پلە دەنگیەکانیەوە کشانیان بۆ دروست بکەین .

٦ – گەر لەبارێکدا چەند پلەیەکی دەنگی هاوتا (لەهەمان پلەی بەرزی دابن) مان هەبوو .رەواترە بەهۆی نیشانەی بەستنەوەوە پێکیانەوە ببەستین.

٧ – پلە دەنگیەکانی (چینی تێنۆرو ئالتۆ) دەشێ بەریگای کەمترین کشان بچنە پلە دەنگیەکانی چینە هاوشانەکەیان .

## ٦٧ چینە هاودەنگی یە میانە شەشی‌یە (6)سەرەکیەکان

### (المرکبات السداسیة (6)الرئیسیة)

بەو چینە هاودەنگیانە دەوترێ کە لەساتی هاودەنگی سێ یەمدابن بەواتای سێ‌یەم پلەی ئەو چینە هاودەنگی‌یە دەچێتە چینی گر (باص) لەم ساتەشدا ژمارەی (6)یان / $\frac{6}{3}$ی وەکو شوناسنامەیەك بۆ دائەنرێ . ئەم ژمارەیەش میانەی نیوان گرترین پلە . کە پلەی سێ‌یەم‌یەتی لەگەڵ دوو پلەکەی دی کە پلەی بنکەو پێنجەمیەتی دەرئەخا . وەکو لەم نمونەیەدا :–

١٥٨  هەڵگەراوەی یەکەم

شێوەی ئەم چینە هاودەنگیەش وەکو یەکەم هەڵگەرانەوەی چینە هاودەنگی‌یە سەرەکیەکان ناسراوە. بەواتای یەکەم هەڵگەڕانەوەی چینی پلەی Tو پلەی D، وپلەی S وەکو لەم نمونەیەدا :–

١٥٩ 


بەلام ئەم چینە دەنگیە گەر لەچوار پلەی دەنگی پێك هاتبو دەشێ پلەی دەنگی بنکەیان پلەی پێنجەم دووپات کەینەوە بەمەرجێ دووپات کردنەوەکەیان بەچاکترین

ڕێگای کشانی پلە دەنگیەکانی پێ بۆ پلەدەنگیەکانی چینە هاودەنگیەکەی هاوشانی:
تێبینی : لەکاتی خۆیدا باسی مەرجی دووپات کردنەوەی پلەی سێیەم دەکەین.

## ڕەوتی (کشانی) پلە دەنگیەکانی چینی ژمارە شەش بۆ چنێکی هاوشانی :-

بەسێ جۆر ئەتوانین پلەکانی ئەم جۆرە چینە بکشێنینە پلە دەنگیەکانی چینێکی هاوشانی .

١ - لە چینێکی ژمارە پێنجی (ساتی بنکە هاودەنگی بێت) یەوەبچینە چینێکی ژمارە شەشی (ساتی سێیەم هاودەنگی بێت) بەمەرجێ هەمان جۆرە چین بێت . بەواتای گەر چینی یەکەم لەسەر پلەی دەنگی دۆ بنیات نرا دەشێ چینی دووەمیش لەسەر هەمان پلە بێ بەلاَم بەهەلگەڕانەوەی یەکەم وەکو لەم نمونەیەدا :-

١٦٠ 


٢ - لە چینێکی هاودەنگی ژمارە شەشیەوە (هەلگەڕاوەی یەکەم) بچینە چینێکی ژمارە پێنجی (ساتی بنکە هاودەنگی بێت) بەمەرجێ لەهەمان پلەی دەنگیدا بن وەکو لەم نمونەیەدا:-

١٦١ 


٣ - چینێکی ژمارە شەشی بۆ لای چینێکی وەکو خۆی بچێت (جێ گۆڕکێ بەپلە دەنگیەکانی بکرێت) وەکو لەم نمونەیەدا:

١٦٢ 


ئەوەی شایان باسە ئەو مەرجانەی لە کشانی پلەکانی چینی ژمارە پێنجی‌دا باسمان کرد بۆ چینی ژمارە شەشیش هەمان مەرج پێویستە .

## ٦٨ هاوده‌نگ کردنی ئاواز بەهۆی چینە ژمارەی شەشیەکانەوە
## (هرمنه اللحن باشتراك المركبات السداسية)

ئەو شێوە نوێیانەی لە هاودەنگی کردنی ئاوازێکدا بەهۆی چینی ژمارە شەشی‌یەوە بەدەستمان ئەکەوێ ئەمانەن :—

١— بەهۆی ئەم جۆرە چینە هاودەنگیەوە تام‌و چێژێکی نوێ ئەدرێ بەچینە دەنگیەکانی ئاوازە مۆسیقایی‌یەکە . دەتوانرێ ساتی هاودەنگی‌و میلۆدی چینە دەنگیەکان بەئاسانی بگۆڕین .

٢— بەهۆی ئەم جۆرە چینەوە دەتوانرێ کەمترین‌و چاکترین کشان‌و بازدان بەپلە دەنگیەکانی چینە هاودەنگیەکان بکەین : وەکو لەم نمونەیەدا :—

١٦٣ 

لێرەدائە توانین بڵێین چینەژمارە شەشیەکان بەئاسانی بەکاردەهێنرێن گەر پلە دەنگیەکانی ئاوازەکە پلەی‌پێنجەمی‌یان پلەی بنکەی ئەم جۆرە چینەی تیا دوپات کرایەوە . بەلاَم گەر پلەی سی‌یەمی بوو ئەوا دورکەوتنەوە لەبەکار هێنانی ئەم چینە چاکترەو هەربەچینی ژمارە پێنجی بمێنتەوە رەواترە .

**٦٩ رێپێدان بەدووپات کردنەوەی پلەی سێیەمو پێنجەم لە چینە هاودەنگییەکاندا :-**

١- رێ ئەدرێ بەدووپات کردنەوەی پلەی دەنگی سێیەم لە چینە ژمارە پێنجیو ژمارە شەشیەکاندا بەمەرجێ لەسەر پلە سەرەکیەکانی پەیژە مۆسیقاییەکە بنیات بنرێو بەم جۆرە رەوتانەبێت :

٢- کشانی تاك راکشاو بێت (حركة جانبية) وەکو لەو نمونەی خوارەوەدا دەیبینن : (نمونەی 164) بەشی

ب :- کشانی پێچەوانە بێت (حركة عكسية)

٣- لەکاتی دووپات کردنەوەی پلەی سێیەمی چینی ژمارە شەشیدا ژمارەی ($6^8$)ی بۆ داپەنرێ .

٤- ئەبێ لە کشانی راست رەوی دورکەوینەوە لە کاتی دووپات کردنەوەی پلەی سێیەمی چینە هاودەنگییەکاندا لەبەر ئەوەی هەست بەدروست بونی میانە هەشتی شاراوە دەکەین .

٥- رێ نادرێ بەدووپات کردنەوەی پلەی دەنگی سێیەم لەچینی پلەی ( D) لە پەیژەی گەورەی ئاسایی و پەیژەی بچوکی هاودەنگیدا . لەبەر ئەوەی پلەی هەستیاری پەیژە سەرەکیەکەیە .

٦- رێ نادرێ بەدرووپات کردنەوەی پلەی دەنگی سێیەم لە چینی پلەی S لە پەیژەی بچوكو گەورەی هاودەنگیدا چونکە وەکو پلەی هەستیار (حەساس) هەستیان پێدەکرێ هەرچەندە ئەتوانین ئەم پلە دەنگیە بەزەو پلەی پێنجەمی چینە نوێکە بکشێنین بەواتای پلەی سێیەمە کەبەرەو پلەی پێنجەم بکشێنین گەرمیانە هەشتی دروست نەکەن .

٧- رێ ئەدرێ بەدووپات کردنەوەی پلەی پێنجەم لە چینە ژمارە پێنجیەکاندا بەو مەرجانەی بۆ پلەی سێیەم باسمان کرد . بەلام لە چینی ژمارە شەشیدا سەربەستین ژمارەی $5^5$. ئەکرێ بەشوناسنامەی وەکو لەم نمونەیەدا :-

١٦٤



## ٧٠ چینی هاوده‌نگی شه‌شوچواری $\frac{6}{4}$ المركبات الرباعية السداسية $\frac{6}{4}$

به‌و چینه هاوده‌نگیانه ده‌ڵێن که له‌ساتی هاوده‌نگی پێنجه‌م دابێت . به‌واتای ئه‌وه‌ی پله‌ی پێنجه‌می ٥ گرترین چین دابێت .


ژماره‌ی $\frac{6}{4}$ شوناس نامه یه بۆ ئه‌م جۆره چینه ده‌نگیه‌و میانه‌ی نێوان پله‌ی گرو پله‌ی پێنجه‌م ده‌رئه‌خات وپله‌ی بنکه‌و سێیه‌میش هه‌روه‌ها ده‌رئه‌خات وه‌کو له‌م نمونه‌یه‌دا :-

١٦٥ 

ئه‌م جۆره چینانه دووه‌م هه‌ڵگه‌راوه‌ی چینی ژماره پێنجی یه ، له‌سه‌ر پله ده‌نگیه‌کانی په‌یژه‌ی مۆسیقا (پله سه‌ره‌کیه‌کان ) (S,D,T,) بنیات ده‌نرێن وه‌کو له‌م نمونه‌یه‌دا :-

١٦٦ 


جۆری دارشتنی شێوه‌ی ئه‌م جۆره چینه هارمۆنیه به‌هه‌ر چوار پله ده‌نگیه‌که‌ی ره‌واتره پله‌ی پێنجه‌می دووپات کرێته‌وه وه‌کو له‌م نمونه‌یه‌دا :-

١٦٧ 

له‌و نمونه‌یه‌ی سه‌ره‌وه‌دا چینه ده‌نگیه‌کانی چینی $T^64$ و $S^64$ به‌هه‌موو جۆره‌کانی (واته‌کاتی میلۆدی‌و کاتی هارمۆنی) به‌دووپات کردنه‌وه‌ی پله‌ی پێنجه‌می تێدایه . ئه‌م جۆره چینه که‌متر له چینه ژماره شه‌شیه‌کان به‌کارده‌هێنرێ . هه‌روه‌ها ده‌توانرێ له‌سه‌ر

زرمه بەهێزو بێ‌هێزەکانیش دروستیان بکەین . بەڵام گەر لەسەر زرمەبەهێزەکان بوو ئەوا ڕەواترەو پێی دەڵێن چینه دەنگیه کۆتاهێنەرەکان (المركب السداسي الرباعي الكاونسي)

## ٧١ چینی هاوەدەنگی $^6_4$ کادنسی (المركب السداسي الرباعي الكادنسي $6_4$ )

چینی هاودەنگی $6_4$ ی کادەنسی (المركب الرباعي السداسي الكادنسي) بریتی‌یه لەوچینه هاودەنگیانەی کە لەچینی $T^6_4$ دروست دەکرێ بەڵام وەکو چینی Dدێتەگوێ. لەبەر ئەوەی پلەی گری ئەم چینه وەردەگرێ ودووپاتیش دەکرێتەوە .
بەکورتی ئەتوانین بڵێین :-
١- پلەی گری ئەم جۆرە چینه ( $T^6_4$) پلەی بنکەی چینی ( D) یه هەردەها دووپاتیش دەکرێتەوە .
٢- لەبەر ئەوەی گوێچە زیاتر هەست بە بیستنی ئەوجۆرەپلە دەنگیانه دەکات کە دەکەونه چینی گرەوە بۆیه بەوجۆرە چینه دەبیسترێ . ئەو دوپلە دەنگیەتی دی کە پلەی دەنگی نائاشنا بەچینی (D) دێتە گوێ بۆیه ڕەوایه پلەکانی ئەم‌جۆرە چینه بکشێنه پلە دەنگیەکانی چینی (D) هاوشانیان .
بەواتای چینی ( $T^6_4$) بەدووپات کردنەوەی پلەی پێنجەمی بکشێتە پلەکانی چینی (D) .
٣- بۆ ئەوەی جیاوازی لە نێوان چینی ( $T^6_4$) کە ئەرکە کەی خۆی بەجێ ئەهێنی بکەین ، لەگەڵ چینی $T^6_4$ کە ئەرکی چینی پلەی (D) بەکارئەهێنی (بۆیه شوناس نامەی $K^6_4$بۆدانراوه . بەواتای $K^6_4$شوناسنامەی چینی ($T^6_4$) ە لەکاتێکدا پلەی پێنجەمی دووپات کرابێتەوە .

## ٧٢ یاساکانی دارشتنی چینی $K^6_4$ قوانين استعمال كورد ($K^6_4$)


١- لەسەر زرمە بەهێزو مام ناوەندیەکان بنیات دەنرێن .
٢- لەپێش چینی پلەی (D) یەو بنیات دەنرێ کەم‌جار لەپێش چینی پلەی (T) یەوە بەکاردەهێنرێ .
٣- دەشێ چینی پلەی (S) لە پێشیەوە بێت . کەم‌جار چینی پلەی (T) لە پێشیەوە بێت

وەکو لەم نمونەیەدا .

١٦٨



چینی ژمارە $K^{6}4$ پلە دەنگیەکانی بەم شێوانەش کە لەم نمونەیەی لای خوارەوەدان دەکشێن :

١٦٩



وەکو لەباسی کادەنسەکاندا باسمان کرد شێوەی رەسەنیان دەبێ بەشێوەی (TSDT) بێت بەلاّم گەر چینی $K^{6}4$مان بەکارهێنا دەبێ بەم شێوەیەی لیّ بێت ($TSK^{6}4DT$). چونکە بەهۆی دەرکەوتنی چینی $46K$ لەپێش چینی Dدا لەکادەنسەرەسەنەکاندا هەست بەکشانی پلەکانی چینی (D) زیاتر دەکەین بەرەو پلەکانی چینی (T)وکو لەم نمونەیەدا :




١٧٠




لەو نمونەیەی پێشوودا لەبەر ئەوەی کادەنسەیەکی رەسەنمان دەست بکەوێ کە کۆتا میلۆدی بێت پلە دەنگیەکانی چینی $K^{6}_{4}$ بەرەو چینی (D) کشاوە بەرەوتێکی سێمیانەیی . هەروەها گەر چینی گری $K^{6}_{4}$ بۆچینی گرِی D بروات دەشێ بەرەوتێکی (بازدانێکی) هەشت میانەیی بڕوات .بەڵام گەر ئەو ڕەوتە بەئەرك بوو بۆ ژەنین یان گوتن بەقورگی ئادەمیزاد چاتر وایە بازدانەکەی بەرەو سەرو بگۆڕێ یان لە پلە هاوتاکەی خۆیدا رابکشێ. وەکو لەم نمونەیەدا :—

١٧١




چینی هاودەنگی $S^{6}_{4}$ لە چینی هاودەنگی $K^{6}_{4}$ دەچێ لە کاتێکدا چینی لەسەر زرمە بەهێزەکان بنیات بنرێ و لەپێشیەوە چینی (D) بێت و لەدوایەوە چینی (T) بێت. لەم کاتەدا هەڵس وکەوت لەگەڵ چینی S4 / 6 وەکو چینی (T) دەکرێ کە پلە دەنگی

نەچەسپاوی تیدابێ وەکو لەم نمونەیەدا :-

١٧٢ 

## ٧٣ چینە هاودەنگیە$^{6}_{4}$ە بێ هێزەکان (المركبات الرباعية السداسية الضعيفة)

ا -تێپەڕ (العابر) :- لەسەر زرمە (ضربە) بێ‌هێزەکان بنیات دەنرێ . بۆیە پێی دەڵێن تێپەر چونکە چینی گری (پلەی گری) ئەم چینە هاودەنگیە لە نزیك‌ترین کشاندا هاتوچۆ دەکات (میانەیەکی دوانی)، بەرو سەریان بەرەو خوار . زۆرجاریش بەدووچینی هاودەنگی پێنجی‌و شەشی لەکاری خۆکردا گەمارو دراوە . وەکو لەم نمونەیەدا .

١٧٣ 


زۆرجار ئەم جۆرە چینە دەبێتە یارمەتی دەری چینە دەنگیە کانی هاوشانی لەبەر ئەم هۆیانەی لای خوارەوە :-

١ - لەبەر بێ‌هێزی ئەم جۆرە چینە

٢ – بەهۆی ئەو کشانەکەمەی (میانەدوانی) کە پلەی گری ئەم چینە دەیکات . بۆ ئەوەی ساتێکی هارمۆنی جوان بۆچینی گر دروست بکات کارەکەی خۆی وون ئەکات وەکو لەو نمونەی پێشوودا بەتەواوی رون کراوەتەوە .

دەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە نابێ چینی پلەی (S)وەکو چینێکی تێپەر بەکار بهێنین.

ب – راکشاو (الراقد)

لەسەر زرمەی بێهێز بنیات دەنرێ.

ناوی راکشاوی لێدەنرێ چونکە پلەی گری ئەم چینە دەنگیە راکشاوە (بەواتای لە پلەکەی خۆیدا دەمێنتەوەو ناجولێ).

رەواترە ئەم جۆرە چینە بەدوو چینی ژمارە پێنجی (بنکە هارمۆنی) گەمارۆ بدرێت .

. چاتروایە پلە دەنگیەکانی بەکەمترین رەوت بکشێنە پلە هاوشانەکانیان .

وەکو لەم نمونەیەدا :–

١٧٤




لەو نمونەیەدا جۆری راکشاوی چینە$^{6}_{4}$ە دەهێزەکان لەسەر پلەی (T,S) رونکراونەتەوە . ئاشکرایە نابێ چینی $D^{6}_{4}$ راکشاو درست بکەین .

٣ – ئارپێجی (ئارپێج)

لە زاراوەی ئارپێجی وەهاتوە چونکە پلەی دەنگیەکانی چینی گری ئەم جۆرە چینە هاودەنگی‌یە بەشێوەی ئارپێجی دروست دەبن لەسەر زرمە بێهێزو مام ناوەندیەکان دروست دەبن ئەم جۆرە چینە هاودەنگی‌یە بۆ هاودەنگی کردنی ئاوازە سوکەلەکان کە لە سروشتی ئاوازێکی مارش یان بەزمێکی هەڵپەرکێدابن بەکار دێن وەکو لەم دوونمونەیەدا :–

١٧٥





## ٧٤ چینە چوار دەنگی‌یەکان (مرکبات الاربعة اصوات)


لە چوار دەنگی جیاواز بەدووری سیٚ میانەی دور لەیەك پیٚك دیٚت وەکو لەم نمونەیەدا :-

١٧٦ 

بەچین کردنی پلەی بنکەو سیٚیەم‌و پیٚنجەم‌و حەوتەم دەلیٚن چینی چوار دەنگیە جیاوازەکان لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە چینە چوار جار لە ساتی میلوٚدی‌دا دەیان بینین باواتای جاریٚ پلەی حەوتەم‌و جاریٚك پلەی پیٚنجەم‌و جاریٚك پلەی سیٚیەم‌و جاریٚك پلەی بنکە . وەکو لەم نمونەیەدا:-

١٧٧ 

لەبەر ئەوەی ئەم چینە هاودەنگی‌یە لەچوار پلەی دەنگی جیاواز پیٚك‌دیٚت . پیٚویست بەدووپاتکردنەوەی هیچ پلەیەکی دەنگی ناکا وەکو لەم نمونەیەدا :-

١٧٨ 

بەلاٚم هەندیٚ جار پلەی بنکە دووپات دەکریٚتەوە بەپیٚی پیٚویست، لەم کاتەدا

دەبێ پلەی پێنجەم فەرامۆش بکرێ وەکو لەم نمونەیەدا :-

١٧٩


لەو نمونەیەی سەرەوەدا پێنجەم فەرامۆشکراوەو پلەی بنکەی دووپات کراوەتەوە لەم کاتەدا بەچینێکی ناتەواو ناوئەبرێ .

### ٧٥ شێوەکانی چینە چوار دەنگیەکان :-

شێوەی ئەم چینە دەنگیە بەپێی ئەو پلە دەنگیەی دەکەوێتە چینی گڕەوە (بەواتای ساتی هارمۆنی) بۆمان دەرئەکەوێ :
١ - گەر پلەی بنکە لەچینی گڕدابووئەوا لەساتی هارمۆنی بنکەدایە .
٢ - گەر پلەی سێیەم لەچینی گڕدا بووئەوا لەساتی هارمۆنی سێیەمدایە .
٣ - گەر پلەی پێنجەم لەچینی گڕدابووئەوا لەساتی هارمۆنی پێنجەمدایە .
٤ - گەر پلەی حەوتەم لە چینی گڕدابووئەوا لەساتی هارمۆنی حەوتەمدایە. بەپێی بوونی پلە دەنگیەکەی لەچینی گڕدا بەم شێوەی خوارەوە شوناسنامەی ژمارەی بۆ دائەنرێ
١ - ژمارەی 7 بۆ جۆری یەکەمی بەشەکانی سەرەوە
٢ - ژمارەی 6 / 5 بۆ جۆری دووەم .
٣ - ژمارەی 4 / 3 بۆ جۆری سێیەم .
٤ - ژمارەی (2) بۆ جۆری چوارەم. ئەم ژمارانەش میانەی نیوان چینی گڕو (پلەی گڕ) پلەی بنکە لەلایەکو چینی گڕو پلەی حەوتەم لەلایەکی دی دەرئەخات وەکو لەم نمونەیەدا : -

١٨٠


## ٧٦ جۆرەکانی چینە چوار دەنگیەکان (انواع المركبات الاربعة الاصوات)

لەکاتی دروست کردنی ئەم جۆرە چینە لەسەر پلەکانی پەیژەی گەورەی ئاسایی و پەیژەی بچوکی هاودەنگ بەپێی ئەم کلێشەیە جۆرەکانی رون دەکەنیەوە:

| جۆرەکەی | لەسەر پلە دەنگیەکانی پەیژەی گەورەی ئاسایی | لەسەر پەیژەی بچوکی هارمۆنی |
|---|---|---|
| گەورە | I IV | VI |
| بچوك | II VI III | IV |
| ناتەبا | — | VII |
| نیوناتەبا | VII | II |
| نیوەزیاد | — | III |
| گەورەبچوك | V | V |
| بچوكگەورە | | I |

وەکو لەم نمونەیەدا: –

١٨١ 


## ٧٧ چینی چوار دەنگی دەسەڵاتدار (D.7) مركب الاربعة الاصوات الدومينانتي

١ – لەسەر پلەی پێنجەمی پەیژەی گەورەو بچوك دروست دەکرێت.
٢ – گەورە بچوکە لەسەر پەیژەی گەورەی ئاسایی پەیژەی بچوکی هارمۆنی.
٣ – کارەکەی: – وەکو چینی پلەی (D) تەواو کە بنکەی چینی (S) لەگەڵدا بێت کار دەکات.
٤ – شوناسنامەکەی: – گەر چینەکە لەساتی بنکە گرِدا بوو ئەوا ژمارەی (D7)ی بۆ

دائەنرێ

گەر لەساتی سێیەم گرِدا بوو ئەوا ژمارەی

$D_6^5$ی بۆ دائەنرێ.

گەر لەساتی پێنجەم گرِدا بوو ئەوا ژمارەی

$D_4^3$ی بۆ دائەنرێ

گەر لەساتی حەوتەم گرِدا بو ئەوا ژمارەی

D2ی بۆ دائەنرێ:

٥ – کشانی پلە دەنگیەکانی :–

١ – چاکتر وایە لەدوای ئەم چینە دەنگی‌یە چینی پلەی T بێت

٢ – پلەی حەوتەم پلەیەك بەرەو خوار دەچێت .

٣ – پلە دەنگیەکانی دی بەکەمترین رەوت دەکشینە کورِدەهاوشانی

٤ – بۆ ئەوەی دوای ئەم چینە دەنگیە چینی T5 مان دەستکەوێ دەشێ پلەی هەستیاری پەیژە سەرەکیەکە کەسێیەم پلەی (D7)ە دووپات کرێتەوە گەر لەپلە ناوەندەکانی چینەکەدا بوو .

بەکورتی ئەتوانین بلێن:–

١ – پلەی حەوتەم پلەیەك بەرەو خواردەکشێ

٢ – پلەی پێنجەم پلەیەك بەرەو خواردەکشێ

٣ – پلەی سێیەمی پلەیەك بەرەو سەر دەچێ دەشتوانرێ سیانیەك بەرەو خواربچێ گەر لە پلە ناوەندەکاندا بوو .

٤ – پلەی بنکە چوار پلەی دەنگی بەرەو سەردەچێ یان پێج پلە دەنگی بەرەو خوار دەچی گەر لە چینی گرِدابو . بەلاّم گەر لە شوێنەکانی دی‌دا بوو ئەوارا ئەکشی (یرقد) بەم جۆرە کشانانە دەلێن کشانی ناسەربەست بەواتای سەربەست نین لەجێ گۆرکێ پێکردنیان ودەشی بەو شێوەیە بکشێن . وەکو لەم نمونەیەدا :–

١٨٢


وەکو لەو نمونەیەی سەرەوەدا دەبینرێ چینەکانی D7 , $D^{6}5$ , $D^{3}4$, بۆپلە دەنگیەکانی چینی T5دەکشێن بەلاّم چینە دەنگیەکەی پلەی D2بۆ پلە دەنگیەکانی T6 بچیٚ چاترە . لەبەر ئەوەی چینێکی تەواومان بەدەست بکەوێ .

هەروەها جۆرە کشانێکی دی هەیە کەپێی ئەڵێن کشانی سەربەست ئەویش ئەوە پلە دەنگیەکانی ئەم چینە بکشێتە پلە دەنگیەکانی چینی T6بەم جۆرەی خوارەوە .

١ – پلەی بنکەی چینی چوار دەنگی بەرەوتێکی چواری یان پێنجی بکشێتە پلەی بنکەی (T6)

٢ – پلەی پێنجەمی بەبازێکی چواری بگاتە پلەی پێنجەمی T6یان بازێکی دوو دەنگی بدات تابگاتە پلەی سێیەمی چینی (T6)

٣ – پلەی حەوتەمی یەك دەنگ بەرەو سەرەوە بکشێتە پلەی پێنجەمی چینی T6یان بازێکی چواری بەرەو خوار بدات تابگاتە پلەی بنکەی T6

٤ – پلەی سێیەم (هەستیاری پەیژە سەرکیەکە) بەبازێکی شەش دەنگی بگاتە پلەی پێنجەمی T6وەکو لەم نمونەیەدا :-

١٨٣


بەکورتی ئەتوانین بڵێین دەتوانین چینی D7بەم شێوانەی خوارەوە بەکاربهێنین


١ – هەر کاتێك پلە دەنگیەك بوە پلەیەکی چینی Dوەکو لەم نمونەیەدا

١٨٤ 

٢ – گەردوو پلەی دەنگی هاوشان کە لەکاری چینی Dدابوون . پلەی یەکەم بەچینی Dیان ($K^{6}_{4}$)هاودەنگ دەکرێ و پلە دەنگیەکەی دی بەچینی D7هاودەنگ دەکرێ وەکو لەم نمونەیەدا :

١٨٥ 

٣ – بەهۆی ئەم جۆرەچینەوە دەتوانرێ کشانی سێ دەنگی لەچینی سۆپرانۆوگردا دوپات کرێتەوە بەمەرجێ لە چینی گردا بەپێچەوانەی سۆپرانۆوە بێت وەکو لەم نمونەیەدا

١٨٦ 

٤ – گەر لەپارچە ئاوازیکدا دووپلەی دەنگی بەم جۆرە چینە هاودەنگ کران لە پلەی گردا بازدانێکی سێ دەنگی دروست بوو دەشێ بەپێچەوانەی ئەویشەوە لەیەکێك لە پلەکانی دیدا هەمان بازدان بەپێچەوانەوە هەبێت وەکو لەم نمونەیەدا :–

١٨٧ 


٥ – گەر سێ پلەی دەنگی‌یەك لەدوای یەك هاتن (بەكشانی تاك‌ڕەو) ئەوا پلە ناوەندەكەیان وەكو چینێكی عابر (تێپەڕ) هاودەنگی دەكرێت بەپێچەوانەشەوە دەبێ لە چینی گردا ئەم جۆرە كشانە رووبدات وەكو لەم نمونەیەدا: –

١٨٨




٦ – گەر كشانێكی تاك رەو لە سێ پلەی دەنگی‌دا دروست بو (بەیەك‌لادا) ئەوا پلەی ناوەندا $D\frac{4}{3}$ هاودەنگ دەكرێ وەكو چینێكی تێپەڕ وەكو لەم نمونەیەدا: –

١٨٩



٧ – بۆ ئەوەی لەبازدانی چواری‌و پێنجی دوركەوینەوە چاتروایە چینی D7 لە كادەنسە كۆتاكاندا دابڕێژین بەلاَم هەڵگەڕانەوەكانی دی لە شوێنەكانی دی پارچە ئاوازەكەدا بەكاربهێنین .

٨– ئەتوانرێ چینی پلەی (D5) بكەیتە چینی پلەی D7 ئەویس بەكشانی ئەوپلە دەنگیەی كەتوانای ئەوەی هەیە ببێتە پلەی حەوتەمی چینی D7 . بەواتای چینی D5 دوجار دوبات دەكەینەوە . جالێرەدا رەوایە كە بازدانی حەوتی بكەین‌و لە قەدەغە كراوەكان نابژێرین چونكە ئەم جۆرە چینە لە پلەكەی خۆیدا ئەمێنێتەوە . بەلاَم دەبێ ئەوپلەی حەوتەمەی كە دروستی دەكەین لەڕێگای كشانی ناسەربەستەوە بكشێتە پلەی سێیەمی چینی(T) وەكو لەم نمونەیەدا :–

١٩٠



## ٧٨ چینە دەنگیەکانی سەرپلە ناسەرکیەکان (چینە یارمەتی دەرەکان )
## ( المركبات المساعدة )

لەمەوبەر باسی پلە سەرەکیەکانو ناسەرەکیەکانمان کرد . باسی چینە دەنگی‌یەکانی سەر پلە سەرەکیەکانمان کرد . لێرەدا باسی چینە دەنگیەکانی سەر پلە ناسەرەکیە کان دەکەین .

چینە دەنگی سەر پلەی دووەم (المركب الثلاثی علی الدرجة الثانية ) .

١- جۆرەکەی :- لەسەر پەیژەی گەورەی ئاسایی‌و پەیژەی بچوکی میلوۆدی چینێکی بچوکە ، لەسەر پەیژەی بچوکی ، هارمۆنی‌و گەورەی هارمۆنی چێنێکی ناتەبایە .

٢- کارەکەی :- یارمەتی دەری چینی پلەی (S) ە . لەبەر ئەوەی دووپلەی هاوبەشیان هەیە :

٣- شوناسنامەکەی :- (S) ی بۆ دائەنرێ

٤- گەر لە چوار پلەی دەنگی دروستکرا دەشێ پلەی بنکەیان سێ‌یەمی دوپات کرێتەوە . لەبەر ئەوەی پلەی سێ‌یەمی‌پلەی بنکەی چینی (S) ە وەکو لەم نمونەیەدا .

١٩١



٥- ساتە هاودەنگی‌یە چاکەکانی :- کاتێ سێیەم هاودەنگی بێت وەکو لەم نمونەیەدا :-


١٩٢


٦- ساتە میلۆدیە چاکەکانی :- کاتی بنکە میلۆدی بێت .


٧- جیگای لە نێوان چینەکانی دی‌دا :-

أ - لەپاش چینی پلەی T یان S وەبێت رەواترە .

ب - لەبێش چینی پلەی D یەوە بێت .
٨- کەمترین کشان لە پلە دەنگیەکانی دابێت رەواترە (کەمترین میانەرەوت )
٩- بەکار هێنانی :- ١- چینی S11لەپەیژەی بچکۆ لەدا نەنها بەهەڵگەرانەوەیَ یەکەم بەکارئەهێنرێ بەواتایە s116 وەکو نمونەیەدا :-

١٩٣ 


تێبینی .
١- نیشانەی D 5+ بەواتای چینی D لەسەر پەیژەی بچوکی هارمۆنی بنیات نراوە .
٢- گەر چینی S11لەساتی میلۆدی پێنجەمدا بوو بازداینش لەسۆپرانۆدا هەبوو ، هەست بەبیستنی پێنجی شاراوە دەکرێت . چاتروایە لەپێشیەوە چینی (S5) لەساتی سیٚیەم میلۆدی دابێت . وەکو لەم نمونەیەدا .

١٩٤ 


## ٧٩ چینە دەنگی سەرپلەی شەشەم (المركب الثلاثي على الدرجة السادسة )

١- جۆرەکەی :- لەسەر پەیژەی گەورەی ئاسایی بچوکە . لەسەر پەیژەی بچوکی هاودەنگیو ئاسایی گەورەیە . لەسەر پەیژەی گەورەی هاودەنگی زیادەیە ، لە سەرپەیژەی بچوکی میلۆدی ناتەبایە .
٢- کارەکەی . یارمەتی دەری چینی (S،T) لەبەرئەوەی هاوبەشە لەپلە دەنگیەکانیاندا . وەکو لەم نمونەیەدا :-

١٩٥ 

٣- شوناسنامەکەی :- گەر یارمەتی دەری پلەی T بوو ئەوا ژماری STVIبۆ دائەنرێ .
گەر یارمەتی دەری پلەی ( s ) بوو ئەوا ژماری SSVIبۆ دائەنرێ بەلاٚم هەندێ جار زۆر ئاشکرانیە کە یارمەتی دەری کامیانە بۆیەپیتی (w) ی بۆ دائەنرێ .
٤- گەر لەچوار پلەی دەنگی پێك هاتپلەی بنکەیان سێیەمی دوپات دەکرێتەوە .
٥- ساتە میلۆدیە چاکەکانی :ساتی بنکەهاودەنگی یە .
٦- ساتە میلۆدیە چاکەکانی :- گەر سێیەم میلۆدی بێت رەواترە. کەم جار لەساتی .
٧ - جێگاکەی پێنجەم میلۆدی دادەنێن. زۆربەکەمی لە ساتی بنکەمیلۆدی دادەنرێ.
لەنێوان چینە دەنگیەکانی دیدا : گەر یارمەتی دەری چینی Tبوو ئەوا لەدوای چینی D یەوەدەبێت وەکو لەم نمونەیەدا :

١٩٦



بەم شێوەکشانە دەڵێن کادنسەی درۆزن (کادنسةکاذبة) لەبەر ئەوەی پلە دەنگیەکانی چینی بچێتە پلە دەنگیەکانی چینی T دەچێتە پلە دەنگیەکانی چینی TVI .
هەروەها گەر چینی پلەی شەشەم یارمەتی دەری پلەی (S)بوو بەواتایSVI دەشێ بکەوێتە نێوان دوو چینی پلەی T,D وەکو لەم نمونەیەدا :

١٩٧




بەلاٚم گەر کارەکەی ئاشکرانەبوو بەواتای چینی (w) بوو ئەوا لەنێوان دوو پلەی (T,S)دابێت رەواترە وەکو لەم نمونەیەدا :

١٩٨



دەبێ لەساتی کشانی پلە دەنگیەکانی چینی SVI بۆچینی D لەپەیژەی بچوکی هارمۆنیدا
پلەی سێیەمی دووپات کرێتەوە لەبەر ئەوەی توشی میانە دوانی زیادە نەبین وەکو لەم
نمونەیەدا :-

١٩٩




هەرچەندە کشانی پلەکانی چینی D بۆپلەکانی چینی TVI چاکترین کشانە گەر چینەکە
لەساتی بنکە هارمۆنیدابوو . بەڵام هەندێ جار چینی D6 لەسەر زرمە بێهێزەکان وەکو
چینێکی تێپەر ( عابر) دەرئەکەوێ وەکو نمونەیەدا :-

٢٠٠




## ٨٠ چینە هاودەنگی‌یەکانی سەر پلەی سێیەم  المركب الثلاثي على الدرجه الثالثه : -

١ - جۆرەکەی : - لەسەر پەیژەی گەورەی ئاسایی بچوکە . لەسەر پەیژەی بچوکی
هاودنگی چینێکی زیادەیە .

لەسەر پەیژەی بچوکی ئاسای گەورەیەو. لەسەر پەریژەی گەورەی میلۆدی

ناتەبایە .

٢ – کارەکەی : – یارمەتی دەری هەردوو پلەی(DT)یە . لەبەر ئەوەی پلەی هاوبەشێ هەردوکیانی تیایە .

٣ – شوناسنامەکەی : – گەر یارمەتی دەری چینی Tبوو ئەوا ژمارەی TIII بۆ دائەنرێ . گەر یارمەتی دەری پلەی D بوو ئەوا ژمارەی ی D111بۆ دائەنرێ بەلاّم گەر کارەکەی ئاشکرا نەبو، ئەوا پیتی (M)ی بۆ دائەنرێ لەم ساتەشدا چاتروایەبکەوێتە نێوان دوو چینی T , Dیەوە .

٤ – گەر لەچوار پلەی دەنگی بنیات نرا ئەوا پلەی بنکە یان سیێەمی دوویات کرێتەوە رەواترە .

٥ – ساتە هارمۆنیە چاکەکانی : – وەکو چینی ژمارە پێنجی وشەشی بەکاردێت گەر وەکو چینێکی ژمارە پێنجی بەکارهات چاتر وایە کاری چینی پلەی بنکە بکات بەلاّم گەرچینی شەشی بوو ئەوا یارمەتی دەری پلەی (D) بێت .

٦ – ساتە میلۆدیە چاکەکانی : – گەریارمەتی دەری پلەی T بوو ئەوا ساتە پێنجەم میلۆدی بێت بەلاّم گەریارمەتی دەری پلەی D بوو ئەوا ساتە بنکە میلۆدی بێت چاترە .

٧ – شوێنەکەی لە نێوان چینە هاودەنگی یەکانی دیدا : – گەر T111 بوو ئەوا چاترە لە پێش چینی Sوەبێت وەکو لەم نمونەیەوا : –


٢٠١



لەو نمونەی پێشودا دەبینین پلەی هەستیار بەرەو خوار هاتووە . وەکو شیوە چاکەکانی کشانی پلەی هەستیار نەکشاوە . ئەویش لەبەر ئەوەی چینەکەی دوای خۆی پلە دەنگیەکانی چینی T نەهاتوە تابکشێتە پلەی بنکەوە . وەکو باوەپلەی هەستیار بچێتە پلەی بنکەی پەیژە سەرەکیەکە .


هەروەها گەر ئەم چینە یارمەتی دەری چینی Dبوو بەواتای D1115 بوو ئەوا رەواترە لەنێوان دوچینی T و T دابێت یان T,V1 دابێت . یان پاش چینی (S) یان svI یان چینی Dبێت وەکو لەم نمونەیەدا .

٢٠٢




هەروەها چینی هاوەدەنگی D1116 بەچینی ژمارە شەشی بەناوبانگە رەواترە پاش چینی (S)بێت هەروەها رەوایە دوای چینی D1116 چینەکانی . Dیان D7 یان D2یان T6یان TV1 یان T بێت وەکو لەم نمونەیەدا :

٢٠٣




بەڵام گەر کارەکەی نادیار بوو بەواتای شوناسنامەکەی (M) ئەوا چاترە لەنێوان چینی D, T دابێت وەکو لەم نمونەیەدا : –

٢٠٤





چینە هاوەدەنگییەکانی سەر پلەی حەوتەم (المركب الثلاثي على الدرجة السابعة)
١ – جۆرەکەی : لەسەر پەیژەی گەورەی ئاسایی‌و هاوەدەنگی . بچوکی هاوەدەنگی


چینێکی ناتەبایە . لەسەر پەیژەی بچوکی ئاسایی و گەورەی میلۆدی چینێکی گەورەیە .
٢ – کارەکەی : – یارمەتی دەری چینی پلەی Dیە لەبەر ئەوەی لەدوو پلەی دەنگی‌دا هاوبەش : وەکو لەم نمونەیەدا : –

٢٠٥ 


٣ – شوناسنامەکەی : – ژمارەی DV11بۆ بەکارئەهێنرێ گەر یارمەتی دەری پلەی Dبوو .
٤ – گەر چینەکەی لە چوارپلەی دەنگی دروست‌کرا ئەوا چاترە پلەی سێ‌یەمی دووپات کرێتەوە زۆر بەکەمیش پلەی پێنجەم دووپات بکرێتەوە . پلەی بنکە نابێ دووپات کرێتەوە . (گەر چینە دەنگی‌یەکەی لەسێ دەنگی ناتەبا پێك‌هاتبو) . بەلاّم گەر لەساتی زنجیر دەنگی‌دا بوو (تسلسل) ئەوا دووپات کردنەوەی رەاویە

٥ – ساتە هارمۆنیە چاکەکانی : گەر DV11 چینێکی سێ دەنگی ناتەبا بوو وەکو چینێکی میانە شەشی DV116 بەکار دەهێنرێ بەلاّم گەرچینێکی سیانی گەورە بوو . ئەوا وەکو چینێکی ژمارە پێنجی DV 115بەکار دەهێنرێ .
٦ – ساتە میلۆدیە چاکەکانی : – لەساتی بنکە میلۆدی دابەکاردەهێنرێ کەمتر لەساتی سێ‌یەم میلۆدی‌دا. زۆر کەم لەساتی پێنجەم میلۆدی‌دا بەکاردەهێنرێ .
٧ – جێگاکەی لەنێوان چینە دەنگیەکانی دی‌دا : – رەواترە لەدوای چینی پلەی S و پلەی Tبێت هەروەها چینەکانی Tیان TV1 یان Dلەپاشیانە وەبێن رەواترە (بەلاّم ئەم جۆرە چینە دەگمەن بەکاردەهێنرێ)
٨ – گەر چینی DV11چینێکی گەورە بوو وەکو چینی D هەلّس و کەوتی لەگەلّ دەکرێ .
لەم نمونەیەی لای خوارەوەدا سەرجەمی بەکارهێنانی DV11رونکراونەتەوە .

٢٠٦ 



تێبینی : -


هەندێ لەتیۆرزانەکان دەڵێن کە چینی ناتەبا لەسەر پلەی حەوتەم لەپەیژەی گەورەی ئاسایو پەیژەی بچوکی هارمۆنیدا وەکو چینی D وایە بەڵام لەبەر ئەوەی پلەی بنکەی تێدا نیە زۆر بەکارهێنانی رەوانیە .

## ٨١ - کشانی چینە چوار دەنگیەکانی سەرپلە نەچەسپاوەکان (تصریف اصوات مرکبات الاربعة اصوات)

کشانی پلە دەنگیەکانی ئەم جۆرە چینانە بەم شێوانەی خوارەوە دەبێت : -

١ - لەرێگای ئەو کارەی ئەم چینە دەنگیە دەیکات . بۆ نمونە گەر ئەم جۆرە چینە لەسەر پلەی دووەم دروست کرا ئاشکرایە کە پلەی دووەم یارمەتی دەری پلەی (S)، لەبەر ئەوەی دووپلە دەنگی هاوبەشی هەیە لەگەڵیا . بۆیە رەوایە دوای ئەم جۆرە چینە چینی(D) بێت وەکو ئەم نمونەیە





٢٠٧

۲ – گەرئەم جۆرە چینە لەسەر پلەی یەکەم دروست کرا چاتر وایە پلە دەنگیەکانی بکشێنە چینی T یان چینی پلەی (TV1)بەواتای ئەم جۆرە چینە لەسەر کام پلە دروست کرا دەشێ بزانین ئەو چینە دەنگی‌یە دەبێتە یارمەتی دەری چی پلەیەك (بەپێی بەهێزی ئەو چینە دەنگیە) ودەشێ پلە دەنگیەکانی بکشێنە پلەکانی ئەو چینەوە .

۳ – دەشێ ئەم چینە دووجار بەجێ گۆڕکێی پلەکانی دووپات کرێتەوە .

## – ۸۲ – چینی چوار دەنگی سەر پلەی دووەم
## (مرکب الاربعة اصوات على الدرجة الثانيه)

۱ – جۆرەکەی : – لەسەر پەیژەی گەورەی ئاسایی وپەیژەی بچوکی میلۆدی چینێکی بچوکە . لەسەر پەیژەی بچوکی ئاسایی‌و هاودەنگی‌و پەیژەی گەورەی هاودەنگی‌و میلۆدی چینێکی نیوناتەبایە .

۲ – کارەکەی : – ئەم جۆرەچینە دووکاری سەرەکی هەیە : –

أ – لەبەر ئەوەی پلەی پێنجەمی چینی (S)ی تێدایە بەیارمەتی دەری ئەناسرێ.


ب – لەبەر ئەوەی پلەی پێنجەمی چینی Dی تێدایە بەیارمەتی دەری دەناسرێ بەڵام بۆ چینی (S) رەواترە شوناسنامەکەی : – بەپێی ئەو پلە دەنگیەی دەکەوێتە چینی گرەوە ئەم ژمارانەی بۆدە نوسرێ : S117گەر بنکە هاودەنگی بوو . S11$^{6}_{5}$ گەر سێیەم هاودەنگی بوو .

S 11$^{4}_{3}$ گەر پێنجەم هاودەنگی‌بوو . S112گەر حەوتەم هاودەنگی‌بوو .

٤ – کشانی پلە دەنگیەکانی بەم جۆرانەی لای خوارەوەیە : –


أ – پلە دەنگیەکانی دەکشێنە پلەکانی ئەو چنیە دەنگیانەوە کە کاری چینی D دەکەن وەکو لەم نمونەیەدا : –

۲۰۸



ب – پله دەنگیەکانی دەکشێنە پلەکانی ئەو چنیە دەنگیانەی کە کاری چینی (T) دەکەن وەکو لەم نمونەیەوا : –

۲۰۹



لەکاتی کشانی پلە دەنگیەکانی ئەم جۆرە چینە دەبێ پلەی حەوتەم یەك پلەی دەنگی بەرەوخوار بکشێ . هەندێ جاریش دەتوانرێ لەهەمان پلەی خۆیدا راکشێ ، بەلاّم پلەی پێنجەم دەبێ هەردەم بەرەو خوار یەك پلەی دەنگی بەلای چینەکەی هاوشانیدا بکشێ

٥ – بەکار هێنانەکانی : – لەساتێکدا پلە دەنگیەك بیێتە یەکێ لەپلە دەنگیەکانی چینی (S) هەروەها وەکو خالێ ۷۷ نمونەی ۱۸٦ ، ۱۸۷ ، ۱۸۸ لەبابەت کشانی (بازدانی) سێ دەنگی پێچەوانەوە

## ۸۳ – چینی چوار دەنگی سەرپلەی حەوتەم
## (مركب الاربعة اصوات على الدرجة السابعة)

۱ – جۆرەکەی : – لەسەر پەیژەی گەورە ئاسایی و پەیژەی بچوکی میلۆدی چینێکی نیوناتەبا یە . لەسەر پەیژەی گەورەی هارمۆنی و بچوکی هارمۆنی چینێکی ناتەبایە . لەسەر پایژەی بچوکی ئاسایی و پەیژەی گەورەی میلۆدی چێنکی گەورە بچوکە .
۲ – کارەکەی : – کاری هەردو وچینی پلەی (S,D) دەکات .
۳ – شوناسنامەکەی : – بەپێی ئەو پلە دەنگیەی دەکەوێتە چینی گرەوە ئەم ژمارانەی بۆ دائەنرێ بنکە هاودەنگی DV117 سێیەم هاودەنگی $DV11\frac{6}{5}$ پێنجەم هاودەنگی $DV11\frac{4}{3}$ حەوتەم هاودەنگی DV112.
٤ – گەر لەچوار پلەی دەنگی پێك هات ئەوا بەو شێوانەی لەو نمونەیەی لای خوارەوەدا دەی بنین
٥ – کشانی پلە دەنگیەکانی بەمجۆریە :

أ – گەر کاری چینی D کرد ئەوا یان بەجێ گۆڕکێ بەپلە دەنگیەکانی دەکشێتە چینێکی وەکو خۆی یان دەکشێتە چینی T یان چینی T111


ب – گەر کاری چینی S کرد ئەوا دەکشێتە پلەکانی چینی T یەوە یان چینی D7 وەکو لەم نمونەیەدا :

٢١٠



٦ – ساتە هاو دەنگیە چاکەکانی : – هەڵگەڕاوەی دووەم نمو ( $DVII\frac{4}{3}$)و سێیەم (DVII2)ی ئە م چینە کاری چینی (S) چاتر دەکەن . وەکو لەم نمونەیەدا : –

٢١١



٧ – جێگای لەنیوان چینەکانی دیدا :– ڕەواترە لەپاش چینی Tیان D وەدروست بکرێ. هەروەها لە پێش چینی Tیان D یەوەبێت کەم جاری تریش لەپێش چنی TIIIوە دێت.

٨ – بەکار هێنانەکانی :– ئەم جۆرە چینە دەنگیە بەکەمی بەکاردێن . گەر بەکاریش هاتن دەبێ لەم ساتانەدا بن:

١ – لە ساتێکد پارچە ئاوازەکە پلەیەکی دەنگی ناچەسپاوی تێدابێت.

٢ – لە ساتەکانی خالی ٣، ٤، ٥ لەبەکار هێنانی چینی D7 نمونەی ١٨٦ ، ١٨٧ ، ١٨٨ ،...

تێبینی:–

لەمەوبەر باسی چۆنیەتی دا .. چینە دەنگیەکانمان لەسەر پلەکانی پەیژەی

مۆسیقا کرد. هەروەها باسی چۆنیەتی رەوت‌کردنی (کشانی) پلە ،نگیەکانی‌مان کرد. لێرەدا باسی چاکترین‌و رەواترین رەوتی چینە دەنگیەکان دەکەین بەپێ‌ی بەهێزی رەوت‌کردنیان (انتقال من کورد الی کوردآخر)

١ - چینی پلەی‌یەکەم بۆهەموو چینەکانی‌دی دەروات
٢ - چینی پلەی دووەم بۆچینی پلەی پێنجەم‌و شەشەم وسی‌یەم دەروات (5,6,3 ← 2)
٣ - چینی پلەی سی‌یەم بۆ چینی پلەی شەشەم‌یان چوارەم‌یان یەکەم دەروات
( 3 ← 6,4,1 )
٤ - چینی پلەی چوارەم بۆ چینی پلەی یەکەم‌یان پێنجەم یان دووەم دەروات
( 4 ← 1,5,2 )
٥ - چینی پلەی پێنجەم بۆ چینی پلەی یەکەم‌یان شەشەم یان سی‌یەم دەروات
( 5 ← 1,6,3 )
٦ - چینی پلەی شەشەم بۆ چینی پلەی چوارەم یان پێنجەم یان دووەم دەروات
( 6 ← 4,5,2 )
٧ - چینی پلەی حەوتەم بەشێوەیەکی کەم‌بەکارویێت بەڵام دەتوانی بەرەو چینی پلەی یەکەم‌و پێنجەم‌و شەشەم بروات (1,5,6 ← 7)

ئەم جۆرە رەوتانە چاکترین رەوتی (کشانی) چینە دەنگیەکان، بەشێوەیەکی زانستیانە بەڵام هەندێ جار لەگوێ گرتنا هونەرمەندی بەتواناو لی‌هاتو ئەتوانێ زیاتر لەم رەوتانە بکات، لەبەر زیاتر قاڵ بوون شارەزایی زیاتری هونەرمەندەکە بەهۆی هەستی مۆسیقایەوە.

## - کۆتایی -

تێبی :- هەندێ زاراوەی مۆسیقایی دی هەن کە پە یوەندی‌یان بەژەنینی ئامێری مۆسیقاوە هەیەو زۆر یانم لە کتێبی (فێربوونی کەمانچەدا) بڵاوکردۆتەوە بۆیە بەپێویستم نەزانی دوبارەیان بکەمەوە سوپاس.

پاشکۆ : -

ئەنوەر قەرەداغی
١٣ / ٣ / ١٩٨٥

گەر چاوێك بخشێنین بەگەلانی پێشکەوتوی جیهاندا دەبینین کە هەمیشە بەبەرنامەی لێکۆڵراوەو پیلانی سەرکەوتووە خەریکن . بۆ ئەوەی برشتو بەرهەم بەدەست بهێنن لەبارەکانی ژیاندا . وەستانو تەمەڵی نازانن چی‌یە.

بەتاقی کردنەوەی ئەو گەلانەدا بۆمانمان ئەبێتەوە . کەبەرەو پێش چوونی گەلێك بەجۆریك بەتەنها بەیەك لایەنەوە نەبەستراوە . بەڵکو هەموو لایەنەکانی ژیانی گرتۆتەوە ئەم لایەنانە هەموو تەواوکەری یەکترن وتان وپۆی ژیانی کۆن ونوێن . لێرەدا گەرباسی هونەری کوردی بکەین هونەرمەندەکانمان بەگشتی بەهەر پایەیەك گەیشتبن وائە زانم کەمێکیان نەبێت هەر بەهرەی خۆرسكو سەلیقەی سروشتی‌یە لەسەر بەنامەیەك یان قاڵبێکی زانستیانە نەچوون بەرێوە.

لەگەلْ ئەوەشدا بەزمانی کوردی هیچ پەراویك نەبووە تا ئێستا دەروازەیەك بخاتە سەرپشت بۆ مەبەستی پیگە یاندنی هونەرمەند گەرچی چەند سووکە هەوڵێك دراوە لەلایەن چەند کەسێکەوە بەلاّم ئەم هەوڵەش شتێکی زۆر کەمە لەئاستی ئەو پێویستیەی کە گەلەکەمان ئەیەوێت . وابزانم ئاواتێکی زۆر گەورەی هەموو هونەرمەندێکی کوردە کە بەرنامەیەك هەبێ کاری هونەری لەسەر بروات نەك حەزو ئارەزوی تەنها یەك کەس بێت بەو بەرنامەو بروگرا مەسوکە تەقەلایانە کە دەربارەی ئەم مەبەستە لەهەندێ گۆڤارو رۆژنامەکاندا بڵاوکراونەتەوە یان بەشێوەی نامیلکە نەتوانم بڵێم کە ئەمە وەك گروگاڵ وایە وخاڵی نی‌یە لەکەم وکوری لەروی دیراسەت ولێکۆڵینیەوەیەکی قوڵەوە.

وەك یادگارێکی ژیانم دەڵێم لەسەرەتای فێربونی مۆسیقامدا پەلە قاژەیەکی زۆرم دەکرد . بەم لاو لادا بۆ ئەوەی پە راوێکم چنگ کەوێ لەسەر مۆسیقا خوای دەکرد بەهەر زمانێك دەبوو بۆ ئەوەشتێکی لێ هەڵکرێنم تەنانەت جاری واهەبوو بەدەستو خەت دەمنوسینەوە وەك ئاگادرام زۆر لەهاوە ڵەکانیشم ئەم کارەیان دەکرد چونکە ئەو پەراوەنە دەگمەنن جا ئێستا بەخۆم دەڵێم ئەی چۆنە ئەو پەراوانە بەزمانی زکماکی خۆمان بەجوانی ورێك وپێکی لەبەردەستا بێت لێرەدا پێویستە بەرێزو خۆشەویستیەوە دەست درێژکەم بۆ توانای هونەری مامۆستا صلاح رؤوف کەتوانی لایەك لەو لایەنانە بخاتە

بەردەم رۆڵەی نەوەی ئێستاو داهاتوی میللەتەکەمان بە ئامادەکردنێکی جوان وبەزمانی شیرینی کوردی دەربارەی تیۆری مۆسیقا ئەمەش خۆی لەخۆیدا خزمەتێکی گەورەیە بۆ کتێبخانەی مۆسیقای کوردی زۆر پیرۆزبایی لەخۆم و لەهونەرمەندانو لەمامۆستا صلاح دەکەم کە بەرهەمەکەی روناکی بینی ئومێدەوارم هەمیشە بەردەوام بێت لەچوست و چالاکیدا تا بەهەموان بتوانین سەدای مۆسیقای کوردیمان بەجیهاندا بڵاوبکەینەوە.

## سەرچاوەکان


١ – مەنهەجی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی ئامادەکردنی صلاح رؤوف
٢ – مەنهەجی پەیمانگای هونەرە جوانەکان بغداد ئامادەکردنی حسین قدوری
٣ – تمهيد الفن الموسيقي تأليف ماكس پنشار ترجمة محمد رشاد بدران
٤ – نظريات الموسيقى تأليف ادلف دانهاوزر ترجمة محمد رشاد بدران
٥ – الموسيقى النظرية تأليف الدكتور حسين فوزي
٦ – تراث الموسيقى العالمية تأليف كورت زاكس
٧ – مبادئ الموسيقى النظرية تأليف ف. أ. فاخاروميف : ترجمة رؤوف موسى الكاظمی
٨ – الموسيقى النظرية تأليف سليم الحلو
٩ – قواعد الموسيقى الغربية وتذوقها تأليف الدكتور محمد محمود سامي حافظ
١٠ – تربية السمع تأليف سعاد على حسنين
١١ – طرق تعليم الموسيقى تأليف عائشة صبري
١٢ – الهارمونی العملي تأليف عواطف عبد الكريم
١٣ – تیوری موسیقا مطصفی پورتراب
١٤ – الهارمونی تأليف البروفسور. باراشكيف خادچییف ترجمة الدكتور مكی سيد احمد
١٥ – نظری موسیقا روح الله خالقی جزء (١ ، ٢)
١٦ – فێربونی کەمانچە صلاح رؤوف
١٧ – (HARVARD DICTIONARY OF MUSIC)

سوپاس بۆ: ماموستایان


ئەنوەرقەرەداغی، ولیم‌یوحنا فریدون دارتاش، فەرەنسیس داود.


مامۆستا رؤوف بێگەرد ئەرکی زمانەوانی ئەم کتێبەی خستە سەرشانی خۆی،

صەلاح










دەرهێنانی هونەریو نەخشەی بەرگ: ئازا حسیب قەرەداغی

سەرپەرشتی چاپ - سیروان بکر سامي

من مطبوعات الامانة العامة للثقافة و الشباب

رقم الايداع في دار الكتب و الوثائق ( ٨٥٤ ) لسنة ١٩٨٩




السعر ١٥٠٠ فلس